Rawt News

# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە (٣٣) کانونی یەکەمی ٢٠٢٤

البديل OCAI

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

## سەبارەت بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و پێشهاتە سیاسییەکانی سوریا

### بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

بەرەبەیانی ڕۆژی (٨)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٤)، بەشار ئەسەدی تاوانبار و سەرۆکی ڕژێمی بەعس لە سوریا، شاری دیمەشق و تەختی دەسەلاتی بەجێهێشت بەرەو مۆسکۆ، بەدوایدا ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکوەزیرانی ڕژێمەکەی هات کە ئامادەیی ڕاگەیاند بۆ ڕادەستکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت لە سوریا بە فەرمانڕەوا نوێیەکان، کە ئەمەش بە واتای ڕادەستکردنیان دێت بە ئیسلامییە تیرۆریستەکان لە (دەستەی ڕزگاری شام-هيئة تحرير الشام) و ئەوانی تر.

بەم جۆرە، ڕژێمی فاشیستی بەعس لە سوریا و دیکتاتۆرییە خوێناوییەکەی ئەسەد کە (٥٤) ساڵی خایاند، بە شێوازێکی دراماتیک و خێرا ڕووخێندرا، ئەویش لە جەرگەی بەرفراوانترین و قووڵترین نارەزایەتییەکی جەماوەریدا بەرامبەر بەم ڕژێمە، و بە هێرشێکی سەربازیی لەناکاوی هێزە ئیسلامییەکان، لە سەرووی هەموشیانەوە (دەستەی ڕزگاری شام) و هاوپەیمانەکانی، کە تەنها (١٢) ڕۆژی خایاند.

بە ڕووخانی ڕژێم، هەم سوریا و هەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چوونە ناو سەردەمێکی نوێی ڕاگوزەر و دۆخێکی نوێی سیاسی و سەربازی، بەم پێیەش چوونە ناو قەیرانێکی سیاسی تایبەتی پڕ لە مەترسی و چەڵێنج (تەحەددا) بۆ زۆربەی جەماوەر، و هاتنەئارای هاوسەنگییەکی نوێ لەنێوان هێزە بۆرژوا ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییە بەشداربووەکان لە شکڵ پێدانی بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتە و باقی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ساڵانێکە حکومەتەکانی وەک تورکیا بە پلەی یەکەم و ئیسرائیل و ئەمریکا و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و دەزگا هەواڵگرەکانیان، بەهەموو شێوەیەک چ بە ئاشکرا یان بە نهێنی، پشتگیری لە گروپە ئیسلامییە تیرۆریستییە جیاجیاکان دەکەن، بە تایبەتی (دەستەی ڕزگاری شام)، بە مەبەستی ئامادەکردنیان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بۆ بەدیهێنانی ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جێبەجێیان کردووە. هەروەها پارمەتیشیان دان بۆ ڕەواج پێدانی گوتارێکی سیاسی درۆینە و چەواشەکارانەی ساختە و ڕووکەش بە ئامانجی جێگیرکردنی خۆیان لەم قۆناغە ڕێگوزەردا.

گومانی تێدا نییە کە کۆتایی هێنان بەهەبوونی سەربازی و هێزی میلیشیایی، و هەژمونی سیاسی و ستراتژیکی ئیمپریالیزمی ڕووسیا و ڕژێمی فاشیستی ئێران لە ناوخۆی سووریادا، یەکێک لە گرنگترین ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی ئیسرائیل و تورکیا و ئەمریکا و دەوڵەتەعەرەبییە هاوپەیمانەکانی بووە، و مانەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەدیش ڕێگر بوو لە گەیشتن بەم ئامانجە ستراتیژییە، بە تایبەت بۆ ئیسرائیل.

هێرشە بەردەوام و گورچووبڕەکانی ئیسرائیل لەم دوایيانەدا بۆ سەر (حزبوڵا-حزب الله) لە لوبنان و بۆسەر سوپای سوریا و میلیشیاکانی ئێران لە سوریا، هێز و توانای سەربازیی ئەو هێزانەی زۆر لاواز کرد، بەجۆرێک کە هەلومەرجی لەباریان فەراهەمهێنا بۆ (دەستەی ڕزگاری شام) و هاوپەیمانەکانی تا دەستبدەنە ئەنجامدانی هێرشە سەربازییەکانی ئێستایان. ئەمە جگە لە نارازیەتییەکی بەرینی جەماوەریی بەرامبەر بەڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار بەهۆی دارمانی بارودۆخی ژیانیان و ئەو سەرکوتکردنە دڕندانەیەی کە ئەم ڕژێمە تا دوا ساتەکانی مانەوەی بەردەوام بوو لەسەری.

بەم پێیە ئەم پێشهاتە سەربازیيانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بەشەڕی کۆمەڵکوژی (جینۆسایدی) بەردەوامی ئیسرائیلەوە بۆ سەر غەززە لە ماوەی پانزە مانگی ڕابردوودا، وە پەیوەندیداریشە هەم بە تاوانەکانی ئیسرائیل لە لوبنان و هەم بە سیاسەت و ستراتیژە فراوانخوازیی و تەماحە ناوچەییەکانییەوە، بە پشتیوانییەکی تەواوەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکیشیەوە بۆ کێشانی نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەروەها ئەوەی لە سوریا دەگوزەرێت، ڕەنگدانەوەی توندتربوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانی سەرمایەداریی جیهانی و هەڵکشانی هەرچی زیاتری ملمانێی جیۆپۆلەتیکییە لەنێوان جەمسەرە ئیمپریالیستییە جیهانییەکان، بەتایبەتی لەنێوان ڕووسیا و چین لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاواش لە لایەکی ترەوە.

لە ساڵی (٢٠١١) و بەدوای ئەوەدا کە نارەزایەتییەکان و هەوڵە شۆڕشگێڕانە جەماوەرییە سەرەتاییەکانی دژ بە ڕژێمی سوریا لەباربران، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە، ژنان و گەنجان و زۆربەی جەماوەری هەژار و چەوساوە لە تاریکترین بارودۆخ و هەلومەرجی جەنگێکی ماڵوێرانکەر و خوێناویدا ژیانیان بەسەربردووە. ئەوان هەم بوون بە نێچیری ژێر چنگی توندتیژترین جۆرەکانی سەرکوت و تیرۆر و کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی هێزە سەربازییەکانی سوپای سوریا و میلیشیاکانی ئێران و هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا، وە هەم بوون بە نێچیری ژێر چنگی تیرۆر و سەرکوتی دڕندانەی گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییە جیاجیاکانی وەک (ئەلقاعیدە) و (داعش) و (جەبهەتول نوسرە-جبهة النصرة) و (دەستەی ڕزگاری شام). لە ڕەوەندی ئەم ئاگردانە کارەساتاویەشدا (المحرقة المأساوية) سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی، و ژیانی مەدەنی کۆمەڵگا وێران کرا و ملیۆنان کەس ئاوارە کران بۆ دەرەوەی سوریا، یا ناچارکران بە کۆچی زۆرەملی لە ناوخۆی وڵات و بەسەربردنی ژیان لە ئۆردوگای چادرنشینیدا.

نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵی (٢٠١١)، ئامانجیان ڕزگاربوون بوو لە ڕژێمی ئەسەد و گەیشتن بە ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئازادی و یەکسانی، لە چوارچێوەی ئەو شەپۆلە شۆڕشگێڕییەی کە لەو کاتەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبوو، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە هەرزوو پاشەکشەی کرد. ئەمڕۆ بە ڕووخانی ڕژێم، یەکێک لە گرینگترین بەربەستەکانی بەردەم هەوڵ و کۆششی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕزگاریخوازانەکانیان لاچووە، لێرەوە ئەم هەوڵ و کۆششە بەناچاری جارێکی دیکە خۆی دەخاتەوە ڕوو، ئەگەرچی لەم دورەیەدا بە فۆرمێکی جیاوازتر و بە پێداگرییەکی زیاترەوە، ئەمەش پرسێکی سیاسی زۆر گرنگە، چونکە سەرهەڵدانەوەی ئەم هەوڵ و کۆششە، ئەگەرێکە بۆ شکڵ پێدانەوەی پەرەسەندی مێژووی خەباتی سیاسی چینایەتی لە کۆمەڵگای سوریا، لە ئێستا و لە داهاتوویدا.

بەم پێیە، ئەم هەلومەرجە نوێیە، کە ڕژێمی ئەسەدی تێدا نەماوە، ئەگەری زۆرە جەماوەری کرێکاران، خەڵکی چەوساوە و ژنان بخاتەسەر هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتە نوێیەکان، بەڵام ئەو جەماوەرە ناتوانن ئەم خەباتە بەرەو سەرکەوتن بەرن بەبێ خۆ ڕێکخراوکردن بە پێی بەرژەوەندییە چینایەتییە سەربەخۆکانی خۆیان، وە بەبێ بەرجەستەکردنی دیدگا و بەرنامە کارێکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە. ڕێگای ڕزگاربوون لە چنگی هەلومەرجی ئێستا، گواستنەوە نییە لە زیندانی ڕژێمێکی دیسپۆتیکەوە بۆ زیندانێکی دیکەی هێزەکانی دژە شۆڕشی بۆرژوا ئیسلامی و پشتیوانە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو ئەم ڕێگای ڕزگاربوونە بە خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە و بە پشتبەستن بە بەرنامەکارێکی چینایەتی سەربەخۆی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و هەموو ستەملێکراوان، فەراهەمدێت.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) هاوپشتی پتەوی خۆی ڕادەگەیەنێ بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانی ستەملێکراو و گەنجان و بەهەژارکراوان و هەموو ئاوارەبووەکانی سوریا، لە خەباتیاندا بۆ هەر باشترکردن و چاکسازییەک لە بارودۆخی ئابووری و ژیان و گوزەرانیاندا. هەروەها هاوپشتی تەواوی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەر دەستپێشخەرییەک بۆ ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی سەربەخۆیان، و هەر هەنگاوێک کە بەرەو گەیشتن بە ئامانجە ڕزگاریخوازییە سۆسیالیستییەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان دەیگرنەبەر.

هەروەها ئێمە وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی نێونەتەوەیی، هاوخەبات و هاوکارین لەگەڵ هەموو ئەو مارکسیست و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕانەدا کە هێڵی مارکسیستی و هێڵی خەباتی چینایەتی سەربەخۆی پرۆلیتاریا لە ناوجەرگەی دۆخی ئێستای سوریادا دەگرنەبەر و هاوخەباتیانین لەگەڵیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ڕەوتە بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان و پشتیوانەکانیان لە وڵاتانی جۆراوجۆری بۆرژوازیی.

(٩)ی دیسەمبەر (کانوونی دووەم)ی ٢٠٢٤

## ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد

### چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەکانی "الغد الإشتراکی" و "ڕەوت" لەگەڵ موئەید ئەحمەد

تێبینی بۆ خوێنەرانی ئازیز: ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوە بە هاوبەشی جەلال السباغ لە (ڕۆژنامەی الغد الاشتراکی) و جەمال کوشش لە (ڕۆژنامەی ڕەوت) ئەنجامدراوە لەگەڵ موئەید ئەحمەد مونەسیقی گشتی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق.



**پرسیار: دەست خۆش هاوڕێ موئەیەد کە کاتت بۆ ئەم دیالۆگە تەرخان کرد. ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد خێرا و لەناکاو بوو، پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی دۆخی سوریا و ناوچەکە، شوێنی ئەم گۆڕانکارییە لە چوارچێوەی نەخشەی ملمانێی جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا چۆن دەبینیت؟**

■ موئەید ئەحمەد: زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە. سەرەتا، پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە هەموو گۆڕانکارییەکی سیاسی و سەربازیی گەورە کە کاریگەرییەکی تا ڕادەیەک گشتگیر و ناوچەیی هەیە، بە سروشتی خۆی هەڵگری سیمای ئەو سەردەمە مێژووییە جیهانییە و ئەو سەردەمەیە کە ئەم گۆڕانکارییە تێیدا ڕوودەدات.

ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ڕووداوێک نییە لە دەرەوەی مێژووی جیهانی و ئەو سەردەمەی کە ئێمە تێیدا دەژین، سەردەمێک کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە توندبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداریی هاوچەرخ و بە توندبوونەوەی دژایەتییە چینایەتییەکانی ئەم سیستەمە و چڕبوونەوەی ملمانێی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکان و جەمسەرە سەرمایەدارییە ناوچەییەکان دەناسرێتەوە، لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی ئابووری و سیاسی جیهان و دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزی سیاسی و سەربازی لە نێوانیاندا.

گۆڕانکارییەکانی سوریا لە سەردەمێک و مێژوویەکی جیهانیدا ڕوودەدەن کە بە چڕبوونەوەی بەربەرییەت و تاوان و کۆمەڵکوژی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی جیهانی و زلهێزە سەرمایەدارییە ناوچەییەکان تایبەتمەندە، بە شێوەیەک کە بە دەگمەن لە مێژوودا دەبینرێت. وە لە سەردەمێکدا ڕوودەدەن کە تایبەتمەندە بە توندبوونەوەی ملمانێی جیۆپۆلەتیکی و سەربازی و جیۆئابووری لەسەر ئاستی جیهانی و سەپاندنی کارەساتە ترسناکەکانی وەک تاوانەکانی جینۆساید لە غەززە، کۆمەڵکوژی سەدان هەزار کەسی لە شەڕی ئۆکرانیا، و کوشتوبڕی سەدان هەزاری لە خودی سوریا و ئاوارەبوونی نیوەی دانیشتوانەکەی، و تایبەتمەندە بە کۆمەڵکوژییەکانی شەڕی تائیفی و تەقینەوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لە عێراق، دوای شەڕی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە و داگیرکردنی لە ساڵی (٢٠٠٣)، و بە کارەسات و وێرانکارییە بەردەوامەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، و لە وڵاتانی وەک یەمەن، سودان، سۆماڵ و وڵاتانی دیکە.

ئەوەی لە سوریا ڕوویداوە، بەتایبەت لە ساڵی (٢٠١١)ەوە تا ئەمڕۆ، و ئەوەی ئەم وڵاتە لە ڕووی پێشهاتەکانی دواترەوە شاهیدی دەبێت، تەنیا ڕووداوگەلێک نین کە ملمانێ جیهانییەکان کاریگەرییان لەسەری هەبووە و هەیە، بەڵکو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەن کە لە جەرگەی ئەو ملمانێیانەدا ڕوویانداوە و ئێستاش ڕوودەدەن، و تایبەتمەندییەکانیشی هەر لەم مەیدانەدا دیاری دەکرێن. وە بەمپێیە و لە لایەنێکی بنەڕەتیدا ئەوەی ڕوویداوە، دووبارە دابەشکردنەوەی بازاڕێک و ناوچەیەکی نفوزە بە ناوی سوریا لە نێوان زلهێزە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارییە ناوچەییە ناکۆکەکان، و ڕووداوێکە لە دڵی ملمانێیەکی ئیمپریالیستی جیهانی بەرینتر لە نێوان ئەمریکا و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و تورکیای هاوپەیمانیان لە لایەک و ڕووسیا و چین و ئێرانی هاوپەیمانیان لە لایەکی ترەوە.

**پرسیار: بەڵام ئەوەی کە لە بەرچاوماندا ڕوو دەدات لە وڵاتێکدایە بە ناوی سوریا و لەوێدا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە (٥٤) ساڵە خۆی سەپاندووە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، دەڕۆخێنرێ لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی کە لە (دەستەی ڕزگاری شام)دا یەکیانگرتووە، و ساڵانێکە حوکمرانی پارێزگاری ئیدلیب دەکات. چۆن ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوە دەبینی؟ وئایا پێت وایە پلانێکی نێودەوڵەتی پێشوەختە ئامادە بوویێت بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات؟**

■ موئەیەد ئەحمەد: هەرچەندە چاوەڕوان نەدەکرا ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەو ئاسانییە و خێرایە ڕووبدات، بەڵام توخمەکانی ڕووخانی ئەو ڕژێمە ئامادەبوون و (١٣) ساڵ لەمەوبەر دەستی بە گەشەکردن کردوە، کاتێک یەکەمین نارەزایەتی جەماوەری لە سوریا لە ڕێگەی سەرکوتی دڕندانە و بە میلیتاریزەکردنی دۆخەکەوە پاشەکشەی پیکرا. ئەمەش نەک تەنیا لەلایەن ڕژێم ولایەنگرە نێودەوڵەتییەکانییەوە ڕووسیا و ئێران، بەڵکو بە گرگرتنی شەڕی بە وەکالەت کە بە خوێناوی و دڕندەیی بێ هاوتا تایبەتمەند بوو، لە ناوخۆی ئەم وڵاتەدا لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیا و هەندێک دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەتی قەتەر. ئەمە سەرەڕای بەرژەوەندی و تەماحە جیاوازەکانی تورکیا لە لایەک، و ئیسرائیل و ئەمریکا لە لایەکی ترەوە، بەرامبەر سوریا. بەم مانایە دەتوانین بڵێین کە کەوتنەکە دەرئەنجامی پلانێکی پێشوەختە پلان بۆ

درێژەی بابەت بۆ ل ٢

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی بەنگلادیش و ئاسۆی خەباتی چینایەتی — نادر عەبدولحەمید ل٤
سوریای دوای ئەسەد و چەند سەرنجێک — عەبدولا ساڵح ل٩
کوشتنێک! دۆسیەی مەرگی هەزارانی زیندووکردەوە — جەمال کۆشش ل٩
وتە و دۆکیومێنتێک دەربارەی شەپۆلێکی تری پڕایڤەتایزەکردنی کەرتی تەندروستی — خالید مەجید ل١١
سەرمایەداری و نایەکسانی و "کارۆڵێکی کریسمس" — شیرین عەبدوڵلا ل١٢
ڕۆزا پارکس (١٩١٣ – ٢٠٠٥) هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا — مەشخەڵ ل١١
سڵاوێکی ڕەخنەگرانە لە هاوڕێ کارزان عەزیز — جەمال کۆشش ل١٠
پیاوانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ لە خۆشەویستیی دەترسێن؟ — تاڤگە سابیر ل١٠
سەبارەت بە کۆبوونەوەی دەستەیەک لە هەڵسوڕاوانی ناوەندەکانی کار لە سلێمانی — نەوزاد بابان ل٩




ئامادەکردنی:

عەبدولاّ سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

ل٥ - ل٨



ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد

## چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەکانی "الغد الإشتراکی" و "ڕەوت" لەگەڵ موئەید ئەحمەد

دارێژراو بووە.

بەڵام ئەم دارمانە خێرایەی ڕژێم، و خێرایی پێشڕەوی هێرشەکانی هێزەکانی سەر بە (دەستەی ڕزگاری شام) بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکان بەبێ هیچ بەرگرییەکی بەرچاو، هۆکاری دەستبەجێ و ڕاستەوخۆی هەیە کە پەیوەندی بە چەند لایەنیکەوە هەیە؛ جیۆپۆلیتیک و ئەو قەیرانە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەی کە ڕژێم تووشی بیوو.

**پرسیار: تکایە، دەتوانن بچنە ناو وردەکارییەکان سەبارەت بەم هۆکارە ڕاستەوخۆیانە؟**

■ **موئەید ئەحمەد:** یەکەم: لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکەوە، جێگەوڕێگە و توانای هەر لایەنێک لە زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی بەشدار لە ململانێی بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسی لە ناوخۆی سوریا لە چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

ڕووسیا و هێزە سەربازی و ئاسمانییەکانی لە مانگی شوباتی (٢٠٢٢)ەوە سەرقاڵی شەڕی ئۆکرانیان، ئەمەش وایکردووە ڕژێمی ڕوسیا نەتوانێت لە یەککاتدا بەردەوام بێت لە دوو بەرەی جەنگدا، بۆیە ئەوەی هەڵبژارد کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی لە ئۆکرانیا وازبهێنێ لە بەرگریکردن لە ڕژێمی ئەسەد، دیارە بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە، و بە تایبەت لەگەڵ بێ متمانەیی و نارەزایەتی هێزەکانی ڕژێم و نیشانەدانی بەرگریان لێی. بەڵام وەک دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی لەسەر شانۆی سیستەمی سیاسی جیهانی، ڕووسیا دەستبەرداری بەدواداچوونی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابوورییەکانی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت لە سوریاشدا، نابێت، هەرچەندە پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی لەم ناوچەیەدا لەدەستدا لەگەڵ ڕووخانی ڕژێم و کشانەوەی هێزەکانی لە ناوخۆی سوریا.

ئەمە و لاوازبوونی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بازووە میلیشیایەکانی لە ناوچەکەدا، لە ئەنجامی بۆردومانی کوشندەی ئیسرائیلی بۆ سەریان، و بۆسەر میلیشیاکانی خودی کۆماری ئیسلامیش، لە سوریا، و بەتایبەت لێدانی کوشندە لە حزبوڵا تا ڕادەی تەسلیمبوونی ئەم حزبە، لەسەر پاشخانی (باکگراوەندی) ڕووداوەکانی (٧)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٣) و دواتری، و بەردەوامبوونی تاوانەکانی جینۆساید لە غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، وایکرد ئەم هێزانە نەتوانن بەردەوام بن لە شەڕ بۆ پشتیوانیکردن لە ئەسەد. نەک هەر ئەمە، بەڵکو پێگەی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران لە ڕووی ناوچەییەوە دابەزی، بەو پێیەی کە نەیتوانی بگات بە ئامانجە سیاسییەکانی بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا. ئەم ئامانجانە بریتی بوون لە فشارخستنە سەر ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ گۆڕینی ستراتیژی خۆیان بەرامبەر بە ڕژێمی (کۆماری ئیسلامی ئێران) و هەوڵەکانی ئەم ڕژێمە بۆ ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاساییکردنەوە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، کە بە ئاکام نەگەیشت.

بەم پێیە ڕوسیا و ئێران و حزبوڵای لوبنان ئیتر ئەو توانایەیان نەما بۆ بەرگریکردن لە ڕژێمی ئەسەد.

بەڵام سەبارەت بەو زلهێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییانەی کە لە دژایەتیدا بوون لەگەڵ ڕژێمی سوریا و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە ململانێی سەپاندنی هەژموونیان بەسەر ئەم وڵاتەدا، ڕۆڵیان لەم ڕووداوانەی دواییانەدا، بەم شێوەیەیە:

پێگەی تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەیی ساڵانێکە لە گەشەکردندایە، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هێز و توانای بەردەوام لەسەر شانۆی سیاسی، سەربازی و ئابووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشە دەکات، کە هاوکات بووە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئەردۆگانەوە لە تورکیا، هەروەها هاتنەسەرکاری بەشار ئەسەد لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە سوریا.

تورکیا، وەک جەمسەرێکی سەرمایەداری ناوچەیی و وەک هێزێکی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابووری خاوەن تەماحی ناوچەیی و سیاسەتی ئیمپریالیستی فراوانخوازانە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە بەرامبەر سوریادا، لە ماوەی (١٣) ساڵی ڕابردوودا هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەداوە بۆ دەستێوەردان لە ڕەوەندە سیاسییەکانی سوریادا بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە ئاشکرا، وە وازینەهێناوە لە بەرێخستنی هێرشە سەربازییەکانی و هێرشی میلیشیا تیرۆریستییەکانی سەر بە خۆێ بۆ ناوخۆی سوریا، لە دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی سوریا. هەروەها، هەرگیز درێغی نەکردووە لە پشتیوانیکردن و ڕێگەدان بە هێزە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لە نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بچنە ناو سوریاوە، لەهەموو ئەو ماوەیەدا.

ئەمڕۆ ئەو زلهێزە سەرەکییە ناوچەییەیە کە توانیویەتی بازنەی دە ستێوەردان و نفوزی خۆی لە دیاریکردنی ڕەوەندی سیاسی لە سووریادا فراوانتر بکات، هەروە ها پێگەی خۆی لەبەرامبەر هەموو نەیارە زلهێزە ئیمپریالیستە کانیدا وە تەنانەت لەبەرامبەر ڕکابەرە کانی لە نێو هاوپەیمانەکانیدا، وەک ئەمریکا و ئیسرائیل، بچەسپێنێت، ئەمەش سەبارەت بە ڕێبازی سیاسی لە سوریا و پێشهاتەکانی دواتری.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئیسرائیل لە هەموو ئەو شتانەی لە سوریا ڕوویدا، دیارە کە یەکلاکەرەوەیە، ئەم دەوڵەتە فاشیست و میلیتاریستییە سەرقاڵی سیاسەتە فراوانخوازییەکانی و داگیرکردنی خاکی فەلەستینییەکان و وڵاتانی دراوسێیەتی بە هێزی سەربازی و کردەوەی تیرۆریستی و لکاندنی زۆرەملێی ئەم ناوچانە، و سەرقاڵی بەدواداچوونە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بەشێوەیەکی دڕندانە کە بریتیین لە گۆڕینی هاوکێشەکانی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندی خۆی و بۆ بەرژەوەندی جەمسەری ئیمپریالیستی ئەمریکی و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، و بۆ داسەپاندنی پاشەکشە بەسەر نەیارانێک لە جەمسەری تری زلهێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان، وە داسەپاندنی کارەساتی زیاتر بەسەر جەماوەری فەلەستین و دانیشتوانی ناوچەکەدا.

درێژەدانی ئیسرائیل بە تاوانەکانی لە کەرتی غەززە و کاولکاری بەردەوامی ئەم کەرتە و ئەنجامدانی جینۆساید دژی دانیشتووانەکەی کە لە ماوەی چواردە مانگی ڕابردوودا ڕۆژانە پراکتیزەی دەکات، بەشێکە لە جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە، کە بە سروشتی، درێژی کردەوە بۆ ناوچەیەکی فراوانتر لە غەززە، و دەستیکرد بە هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر حزبوڵڵا و میلیشیاکانی ئێران لە سوریا، و بۆ سەر خودی ئێران و سوپای سوریا پێش ڕووخانی ڕژێمەکە، و بەردەوامپێدانی بە شێوەیەکی هەمەلایەنەتر و وێرانکەرتر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش.

دووەم: ئەو قەیرانە سیاسی و سەربازییەی کە ڕژێمی ئەسەد تووشی بووبوو، یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی کتوپڕی ڕژێم، بەو پێیەی ئەم ڕژێمە بۆ ماوەی چەندین ساڵە چیترهیچ پشتیوانییەکی جەماوەریی نەبوو، بەڵکو ڕووبەڕووی نارەزایی و تورەیی بەربڵاوی گشتی بووبووەوە دژی دەسەڵاتی دسپۆتیکی فاشیستی خۆی کە لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی ئاشکرای جەماوەر و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و گرتن و لەسێدارەدان دامەزرابوو. هەروەها، وتاری سیاسیی دژ بە ئیسرائیل، و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی عەرەبی ئەو کاریگەرییەیان لە نێو جەماوەردا نەمابوو.

سێیەم: لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، جەماوەر لە دۆخێکی ئابوری سەخت و تەواو نەهامەتباردا دەژیا، و تاوانی گەمارۆی ئابووری کە لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاواییەوە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە بەسەر سوریادا سەپێندرا کە لەو کاتشەوە تادێت بەردەوام چڕتر و توندوتیژتر دەبێتەوە کە بەدەوری خۆی نەداری و هەژارییەکی زۆری بەسەر زۆربەی دانیشتوواندا سەپاندووە، هەر بۆیە خەمی سەرەکی جەماوەر بووبووە پاراستن و درێژەدان بە ژیانی ڕۆژانەیان.

ئەم قەیرانە سیاسی و ئابوورییە لە ناوخۆی سوریادا ماوەیەکی زۆرە پەرەی سەندووە بۆ قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بەرین و نارەزایی جەماوەری بەرفراوانی لە بەرامبەر ڕژێم دروست کردووە، و بە ئاستێک گەیشتووە کە دەرفەتی بە سەرباز و هێزە نیزامییەکانی ڕژێم دا بەرگرییەکی بەرچاو لە ئەسەد نەکەن و نارەزایی خۆیان بەم شێوەیە دەرببڕن و گیانی خۆیان ڕزگار بکەن.

**پرسیار: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەت بە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئیسرائیل کرد لە ڕووداوەکانی سوریادا، بەڵام ئایا دەتوانین ئەمە وا لێکبدینەوە کە ئیسرائیل سودمەندە لە سەرهەڵدانی هێزێکی ئیسلامی دەسەڵاتدار لەم وڵاتە دراوسێیەدا؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** ڕۆڵی ئیسرائیل لەم گۆڕانکاری و ڕوخانەی ڕژێمی ئەسەددا یەکلاکەرەوە بوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەکرێ بڵێین ئەوەی لە سوریا ڕوویدا، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، فۆرمێکی دیاریکراو و قۆناغێکی پێشکەوتووی ڕێڕەوی گەیشتن بە ستراتیژی و سیاسەتی ئیمپریالیستی فراوانخوازی ئیسرائیل بوو، کە پێچراوە بە ئایدۆلۆژیای ئایینی فاشیست و ڕەگەزپەرستانە، لە دامەزراندنی "ئیسرائیلی گەورە" و کێشانی نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی ئەم ستراتیژە.

ئەم ئامانجە ستراتیژییەی ئیسرائیل لەمێژە لەلایەن سەرمایەدارە فاشیستەکانی ئیسرائیل و نوێنەرەکەیان ناتانیاهۆ لە حکومەتدا پەسەندکراوە، نەک تەنها بە پشتیوانی تەواوی دەستەی دەسەڵاتدار لە ئەمریکا و ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی، بەڵکو وەک بەجێگەیاندنی ستراتیژی ئیمپریالیستی ئەمریکا لە وێنەکێشانی نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە بە شەڕی جینۆساید لە غەززە و هێرشە سەربازییە کوشندەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵا و هێزەکانی سوریا و میلیشیاکانی ئێران لەوێ و دواجاریش لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و بەردەوامی ئیسرائیل لە خاپوورکردنی هەموو دەزگا و بنکە سەربازییەکانی ئەم ڕژێمە بە بیانووی دڵنیابوون لەوەی کە نەکەونە دەستی هێزە تیرۆریستییەکان.

هەروەها ئەم ئاڵوگۆڕە لە سوریادا، ئیسرائیل و ئەمریکای بە هەنگاوێکی گرنگ لە گەیشتن بە ستراتیژ و ئامانجەکانیان بەرامبەر ئێران و ڕژێمی ئێران نزیک کردۆتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ڕێکەوتی ڕووداوەکانی سوریا لەگەڵ نزیک بوونەوەی ترەمپ لە گرتنەدەستی ئیدارەی ئەمریکا، ئەوەش یان بە سەپاندنی مەرجەکانیان بەسەر ڕژێمی ئێران و کەمکردنەوەی هەرچی زیاتری ڕۆڵی لە ناوچەکەدا، یان تەنانەت بە لێدانی ئێران یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕژێم لەوێ ئەگەر توانای ئەوەیان هەبێت و بە مەرجێک کاروبارەکانیان لەژێر دەست دەرنەچێت.

باوەڕم بەوە نییە کە ئیسرائیل بیەوێت داعشێک لە تەنیشتی خۆی لە سووریا حوکم بکات، بەڵکو دەیەوێت حاکمە ئیسلامییە نوێیەکانی ئەم وڵاتە لەژێر هەژموونی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوادا تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی بۆرژوازی ناوچەیی بکرێن و کاریش دەکات بەم ئاراستەیەدا، بەڵام ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ئەڵقەیەک بوو لە گەیشتن بە ستراتیژە هەمەلایەنەترەکەی کە باسم کرد دەربارەی ناوچەکە، هەروەها (دەستەی ڕزگاری شام) ئەو بەدیلەیە کە ئیسرائیل و ئەمریکا هەڵیانبژارد بۆ جێگرتنەوەی ئەسەد، لە چوارچێوەی کارکردنیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانیان لە ناوچەکەدا.

**پرسیار: بۆچی بە تایبەت هەر ئەم گرووپە ئیسلامییانەی (دەستەی ڕزگاری شام) توانیان ڕژێمەکە بروخێنن و کاروبار بخەنە ژێردەستی خۆیان؟ وە پاڵی کۆتایی بنێنن بە ڕژێمەکەوە، کە ئەمە پێویستە بۆ ڕووخاندنی هەر ڕژێمێک، تەنانەت ئەگەر زۆر لاوازیش بێت؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** ڕاستە ڕژێمەکان هەر لەخۆیانەوە ناکەون، تەنانەت ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بن، و پێویستە هێزێک هەبێت کە لە کۆتاییدا پاڵیان پێوە بنێت بۆ ئەوەی بڕووخێن. سەبارەت بە (دەستەی ڕزگاری شام)، هەروەک چۆن سیاسەتەکانی ئێستای ئەمریکا، تورکیا، ئیسرائیل، بەریتانیا و قەتەر بەرامبەری پشتراستی دەکەنەوە، لە پاڵپشتی تەواوی ئەو دەوڵەتانە بەهرەمەند بووە و هەر ئەمانیش ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە چەسپاندنی جێپێی (دەستەی ڕزگاری شام) لە پارێزگای ئیدلب و بەهێزکردنی لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا و هەروەها ئەم دەوڵەتانە کاریان کردووە بۆ ئەوەی لەم هێزانە بەدیلێکی سەر بە خۆیان لە بەرامبەر ڕژێمی ئەسەددا دروست بکەن، بە کارکردن بۆ فەراهەمهێنانی هەندێک گۆڕانکاری فۆرماڵی (شکڵی) لە گوتار و سیاسەتی ئەو گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستیانەدا، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی بۆرژوازی جیهانیدا جێگەی قبوڵ بن، و بۆ ئەوەی لەناو ئەم سیستەمەدا وەک بزووتنەوەیەکی حکومی بەوەی کە پێی دەوترێت ئیسلامی سیاسی میانڕەو جێگەیەک مسۆگەر بکەن.

تەنها ڕۆژێک دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئیسرائیل لەگەڵ حزبوڵای لوبنان و ڕازیبوونی ئەم حزبە بە مەرجەکانی ئیسرائیل، هێزەکانی (دەستەی ڕزگاری شام) دەستیان کرد بە جوڵە بەرەو ناوچەکانی نزیک ئیدلب و بەرەو شاری حەلەب و بەخێرایی دەستیان بەسەر ئەم شارەدا گرت، کە ئەمەش بە ڕوونی ئەو هەماهەنگییە پێشوەختە تەواوەی ئاشکرا کرد کە لە نێوان ئەمریکا، ئیسرائیل، تورکیا و ئەم هێزە ئیسلامییە تیرۆریستییەدا هەبووە سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی ئەم هێرشە.

هێزەکانی (دەستەی ڕزگاری شام)، وەک هێزێکی سەربازی ڕێکخراو کە بەردەوام پاڵپشتی دەکرێن لە لایەن ئەو وڵاتانەوە، بە بەراورد لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی دژی ڕژێم بەتواناتر بوون، بۆیە ئەم گرووپە تیرۆریستیانە توانیان ئەم ئۆپەراسیۆنە دەست پێ بکەن بە هەماهەنگی تەواوی وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵیاندا.

شایەنی باسە لێرەدا، ئاماژە بە مەسەلەیەکی لاوەکی بەڵام گرنگ لەم ڕووداوانەدا بدەم، ئەویش ئەوەیە کە دەستەی ڕزگاری شام ناوی "ئۆپەراسیۆنەکانی بەرپەرچدانەوەی دوژمن"ی ناوە لەم هێرشە، بەو پێیەی بە تەواوی دڵنیا نەبووە کە ئەم ئۆپەراسیۆنە بە ڕووخانی ڕژێم کۆتایی دێت، بەڵام نەبوونی بەرنگاری بەرچاو لەلایە ن سوپای سوریاوە، لە ئەنجامی ئەوەی کە سەربازانی ناڕزای بەدوای هەلێکدا دەگەڕان تا هەڵبێن، مەعنەویاتی ئەوانش کە لایەنگرانی ڕژێم بوون بە خێرایی لە دارماندا بوو، وە هەروەها بە هۆی لاوازی کاریگە ری هێرشە سیمبولییە ئاسمانییەکانی ڕووسیا و خودی ڕژێم بۆ سەر پێگەکانی ئەو هێزانەی کە لە پێشڕەوییدا بوون، وایکرد شارێک لە دوای شارێکی تر بکەونە دەست ئەم هێزە ئیسلامییانە تا ئۆپەراسیۆنەکە کۆتایی هات بە ڕووخانی شاری دیمەشق و هەڵاتنی بەشار ئەسەد لە (٨)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٤) و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن (دەستەی ڕزگاری شام)ەوە بەسەر سوریادا، لە ماوەی (١٢) ڕۆژ دوای دەستپێکردنی هێرشەکەی بۆ سەر هێزەکانی ڕژێم.

**پرسیار: پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەوەی کە چی ڕوودەدات پاش ڕووخانی ڕژێم لە سوریا، بە پێویستی دەزانین قۆناغی دووەمی ڕەوەندی ئەم گۆڕانکاریانە ڕوون بکەیتەوە و مەبەستمان ئەوەیە کە ئیسرائیل و ئەمریکا چی بەرامبەر ئێران دەکەن؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** سەرباری کاری بەردەوامی هەردوو ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی و سیاسەتی ئیمپریالیستی و فراوانخوازیان، بە ئامانجی درێژکردنەوەی هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیستەمی سیاسی بۆرژوازی هەنووکەیی لەم ناوچەیە، و لابردنی کاریگەری سیاسی و سەربازی زلهێزە ئیمپریالیستییە ناوچەییە کێبڕکێکارەکانیان لە بەردەم خۆیاندا، بە تایبەت ڕووسیا، چین و ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، سەرکەوتنە سەربازییەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل بەسەر میلیشیاکانی سەر بە ڕژێمی ئێران لە لوبنان و سوریا و ئەو گۆڕانکارییەی لە دۆخی سوریادا ڕوودەدات، دەرفەت و تەوژمی زیاتری بە ئیسرائیل و ئەمریکا بەخشیوە کە زیاتر بەرەوپێش بچن بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ناوچەکەدا و بەم شێوەیە هەڵمەت و گوشارەکانیان بۆ سەر ئەم ڕژێمە لە ئێران چڕتر بکەنەوە.

هەربۆیە، گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە لە سوریا، بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، تەنیا قۆناغێکی سەرەتاییە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی ستراتیژی تاوانکارانەیان بەرامبەر بە ناوچەکە، و بە دەستکەوتێکی نیوە وناچلی دەزانن، بەو پێیەی نیوەکەی دیکەی بۆ ئەمان وابەستەیە بەوەی کە تا چەند دەتوانن پاشەکشە یان تەسلیمبوون بسەپێنن بەسەر ڕژێمی ئێران و بازووەکانی تری لە عێراق و یەمەن، و تا چەند ئەتوانن ئەوە بە سەر ئەم ڕژێمدا بسەپێنن کە وازبهێنێ لە بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، یان تەنانەت چەند ئەتوانن گۆڕینی ڕژێمەکە ئەنجامبدەن.

ئەوەی وەستاوە لە پشت پێداگری ئەمریکا بۆ داسەپاندنی پاشەکشە بەسەر ئێراندا، یان تەنانەت بانگەوازی ناتانیاهۆ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕ لە دژی ئێران، خۆبەزلزانینی سەربازی و سیاسەتی شەخسیی توندڕەوانە نییە، بەڵکو بەرژەوەندە جیۆپۆلەتیکی، سەربازی و جیۆئابوورییەکانیانە، هەروەها بەرژەوەندییە واقیعییەکانیانە لە بێدەنگکردنی ئیدیعا ئایدیۆلۆژییەکانی ئێران سەبارەت بە نەهێشتنی ئیسرائیل، و ڕێگریکردن لە ئێران لە دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی. ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران ئەو جەمسەرە ناوچەییە کە نەک هەر بازووی چەکداری سەر بە خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە هاوپەیمانییەکی ستراتیژی سیاسی، سەربازی و ئابووریدایە لەگەڵ ڕووسیا و چین، و ئەگەری تەواوکردنی پرۆژە ئەتۆمییەکەی هەیە، و بەم شێوەیەش درێژکراوەی ناوچەیی ئەم جەمسەرە ئیمپریالیستییە جیهانییەیە لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

ئاوێتەبوونی ئێران بە بازنەی سیستەمی سیاسی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا، و کردنەوەی ڕێگای سیاسی بۆ تێکەڵبوونی زیاتری سەرمایەی ئێران لەناو بزووتنەوەی سەرمایەی جیهانیدا، سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، هەروەها گورزێکی قورسی کاریگەر دەبێت بۆ ڕووسیا و چین. ئەمەش ململانێی جیۆپۆلیتیکی جیهانی توندوتیژتر دەکاتەوە سەبارەت بە ئێران.

بۆیە دەرگاکان بەڕووی ئەگەری جۆراوجۆر لە پەرەسەندنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا کراوە دەبن لەگەڵ خراپتربوونی دۆخی ئێران، بەڵام شتێکی دڵنیا ئەوەیە کە شەڕ کاریگەری نەرێنی دەبێت هەم لەسەر گەشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەم لەسەر ڕەوتی شۆڕشگێڕی مارکسی و کۆمۆنیستی لەم وڵاتەدا، کە چاوەڕوان دەکرێت ئەم ڕەوتە بەهێزتر بێت لەگەڵ چڕبوونەوەی قەیرانی ئێستای ڕژێمدا.

بە هەرحاڵ، شتی جەوهەری ئەوەیە کە جەخت لەوە بکەینەوە کە سیاسەت و ستراتیجی ئیمپریالیزمی ئەمریکی-ئیسرائیلی بەرامبەر بە ئێران نوقمی تاوانە و تا ئەوپەڕی کۆنەپەرستانەیە و ئەوەی لە ئەنجامی ڕووخاندنی ڕژێم لەسەر دەستی ئەوان دێتە ئاراوە، هیچ نابێت جگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو شتانەی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە عێراق ڕوویانداوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر و وێرانکەرتر. دەستبەرکردنی دەسەڵاتی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی دیکە بۆ جێگرتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا یەک پاکێجە لەگەڵ شەڕ بە دژی ئێران لە چوارچێوەی ستراتیجی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بۆیە بچووکترین خۆشباوەڕی بەم مەسەلەیە وادەکات ئەو هێزانەی کە تەپڵ بۆ شەڕی ئیسرائیل لە دژی ئێران لێدەدەن، هەرچییەک بن پاساوەکانیان، بەشێک دەبن لە بەهێزکردنی دژە شۆڕش لە جەرگەی بارودۆخی ئێستادا. ئەمەیە کە مارکسیستەکان دەبێ بەو پەڕی هێزەوە بەرامبەری بووەستن.

> **ئەجندە و سیاسەتی ئەنترناسیۆنالیستی و سۆسیالیستی بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن، و بەرامبەر ئەوەی لە سوریا ڕوویدا و ئەوەی کە ئێمە شاهیدی دەبین سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە، بەرزکردنەوەی ئاڵای سۆشیالیزمی ئینترناسیۆنالیستیە بەهەموو پەیگیریەکەوە بەرامبەر ئەم هەموو کۆمەڵکوژی و هەژاری و ئاوارەبوونە.**

**پرسیار: با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی سوریا؛ چۆن سەیری پەرەسەندنی ڕەوەندی دۆخی دوای ڕووخانی ڕژێم دەکەیت لە سوریا، لە ماوەی داهاتوودا؟ وە هاوسەنگی ئێستای نێوان هێزە چینایەتییەکانی ناو ئەم وڵاتە چۆن دەبینی؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** ڕوونە کە دۆخی سوریا کراوەیە بەڕووی ئەگەر و ڕەوەندی جیاوازدا، چونکە بەرژەوەند و سیاسەتی جۆراوجۆری هێزە بۆرژوازییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی بەشدار لە پێناسەکردنی دۆخی سوریادا لە ململانێ و پێکدادانداں لەگەڵ یەکتر، ئەمە جگە لە ڕۆڵی گەشەسەندنی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەباتی ژنان و گەنجان کە ئەگەری کاریگەریان لەسەر ڕەوتی دۆخەکە دەبێت، بۆیە ناتوانرێت فۆرمولەیەکی ئامادەی کۆتایی بدەین بەدەستەوە کە دۆخەکە بەرەو چی دەچێت.

بەڵام ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە بنەماکانی ڕەوەندی دۆخەکەوە و شیکردنەوەیان دیاریبکەین؛ بەوەی کە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و جووڵەی بەردەوامە، لە ئەنجامی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان لایەنە بۆرژوازییە جۆراوجۆرەکان لە نێوان خۆیاندا لە لایەک، و لە لایەکی دیکەوە لە ئەنجامی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان هەموو ئەم لایەنانە لە بەرامبەر هێزە چینایەتییە سەربەخۆکانی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و گەنجان و بزووتنەوەی مارکسیستی لە سوریادا.

ئەوە ڕوونە کە ئەوەی لە سوریا ڕوویدا ڕووداوێکی چۆنایەتییە و گۆڕانکارییەکی لە سەرەوەیە (فوقیە)، کە بریتییە لە گۆڕینی ڕژێمێکی دیکتاتۆر بە هێزێکی تری کۆنەپەرستانە و ستەمکار کە دژە شۆڕشە لە جێگەیدا، و هێزێکی ئیسلامی ڕێکخراوە کە مێژوو و پەیوەندی هەیە بە گروپە (فصائل) تیرۆریستییەکانی ئیسلامی سیاسی، و تاوانەکانیان بەرامبەر بە ژنان و جەماوەری بەرینی خەڵک و خنکاندنی ئازادی و مافەکانیان، و مێژوویەکی پڕ لە کۆمەڵکوژی هەیە دژی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئایین، نەتەوە یان مەزهەب.

هەروەها، ئەوە ڕوونە، کە ئێمە لەبەردەم گۆڕانکارییەکی سیاسیدایین کە لەسەر بنەمای خنکاندنی ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژاران، و لەسەر بنەمای خنکاندنی ئەو هەڵچوونە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە ساڵی (٢٠١١) دا ناوچەکەی گرتەوە، وە لەسەر خنکاندنی هەوڵەکانی ئەم جەماوەرە و خۆپیشاندانە سەرەتاییەکانیان لە سوریا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعسی، هاتۆتەئاراوە. ئەم ڕاستییە ئێستا بە هەزار شێوازی شەرمەزارکەر لەلایەن میدیای ڕۆژئاوا و تورکیا و قەتەرەوە لە چاوی جیهان دەشاردرێتەوە.

بۆیە خۆشحاڵی جەماوەر بە ڕووخانی ڕژێم و خۆشباوەڕییەکانی بەم سەردەمە نوێە قەرەبووی ئەو شتانەی بۆ ناکاتەوە کە لەدەستیان داوە و ئەوەی پێشتر لێیان زەوتکراوە لە ئیرادەی سەربەخۆی چینایەتییان بە دەستی تیرۆریستانی ئیسلامی و لایەنگرانی نێودەوڵەتیان و هێزە جۆراوجۆرەکانی دژە شۆڕش، کە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لە هەموو ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە گرتییەوە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییەوە دەست پێبکەین (انطلقنا)، دەبینین ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی لە سووریادا ڕوویداوە، لە چوارچێوەی هەژموونی سیاسەت وستراتیژە نێودەوڵەتییە کۆنەپەرستانەکان، و ئاسۆی سیاسیی ئیسلامی تیرۆریستیدا هاتۆتەئاراوە، و سەرکەوتنێکە بۆ هێزەکانی دژە شۆڕش بە هەموو نەرمونیانییەکی ئەو سیاسەتانەی کە (ئەبو محمد الجولانی) ئێستا لە بەرگی (ئەحمەد الشرع)دا دەینوێنێ، و سەرەرای کەشوهەوای ئازادی ڕێژەییش کە لەم قۆناغە ڕاگوزەرەدا بەردەستە.

**پرسیار: لە ئەمڕۆی سوریادا، گرنگترین ئەرکە سیاسییەکانی بەردەم کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و توێژە ڕزگاریخوازە کۆمەڵایەتیەکان چین؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** بارودۆخە نوێیەکە ئەرکی گەورە و سەخت دەخاتە بەردەم جەماوەری پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان و ژنان و گەنجان و مارکسیستەکان و ئازادیخوازان و خەباتیان بۆ ڕزگاربوون لە چنگی هێز و ڕەوتە بۆرژوا دژە شۆڕشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لە ناوچەکەشدا، بەتایبەتی لەبارودۆخی سەختی ئابووری ئێستای جەماوەری پرۆلیتاریا لە سوریا و ناوچەکە و ئاوارەیی و کاولکاری و پاشەکشەیەکی سیاسی کە بەسەریاندا سەپێنراوە.

گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵگا بێ جووڵە و گەشەسەندن نییە، بێ توندوتیژبوونەوەی ململانێی چینایەتیی ناو سیستمی سەرمایەداری و چڕبوونەوەی دژایەتییەکانی نییە، وە لە ئەنجامی ئەمانەشدا بێ پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا نییە، کە سەرجەم سیاسەتەکانی هێزە دەسەڵاتدارەکان و بەریەککەوتنی بەردەوامیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا هەموو ئەم ڕەوندانە خێراتر دەکەن.

ئەڵبەتە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەسەڵاتی نوێ لە دیمەشق بەرەو ڕوون بوونەوەی زیاتر دەڕوات، کە ئەویش گرتنەبەری سیاسەتە نیولیبراڵییەکانی "ئازادکردنی بازاڕ"ە، کە یەکێک لە وەزیرەکانی دەسەڵاتی نوێ لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕایگەیاندووە، واتە هەمان سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵەکانی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی جیهانی و جەمسەرە ڕۆژئاواییەکەی، بە هەموو لێکەوتەکانیەوە لە سەپاندنی هەژاری و بێکاری بەسەر زۆربەی جەماوەری کرێکاردا و بە پرایڤەتایزەکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، کارەبا و هتد. نە دەسەڵاتی نوێ و نە هیچ لایەنێکی تری بۆرژوازی چالاک لە ژیانی سیاسی سوریادا، هیچ سیاسەتێکی تری ئابووریی جگە لەمەیان ناوێت و لە دەستوری کاریاندا نییە.

پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کە هێزی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش چۆن گەشە دەکات؟ وە چۆن خۆی بەهێز دەکات و چۆن خەباتی ئابوری و سیاسی و فیکری خۆی وەک هێزێکی چینایەتی سیاسی سەربەخۆ لەناو هەلومەرجی نوێدا ڕێکدەخات و بەهێزتری دەکات. ئەمە بابەتێکە کە بەندە بە ڕادەی گەشەی هۆشیاری چینایەتی لە بەرژەوەندییە چینایەتییە سەربەخۆکانی ئەو جەماوەرە لە بەرامبەر هێزە سەرمایەدارییەکان، چ لە دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن، و بە هەوڵی

>>



بەردەوام بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنی هێزە چینایەتییەکانیان، بەرزکردنەوەی ئاڵای سەربەخۆیی چینایەتی سیاسی خۆیان.

ئەمەش پێویستی بەوەیە مارکسیستەکان و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و چالاکوانانی بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان و گەنجان، هەر لە سەرەتاوە، دید و ئامانجی سیاسی چینایەتی سەربەخۆی سۆسیالیستی ئەم جەماوەرە دیاری بکەن، و هێڵی دابەشکاری نێوان خۆیان و هەموو ڕەوتە بۆرژوازییەکان و حزبەکان و ئاسۆکانیان بکێشن، هەر لە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ "دیموکرات" و نیولیبراڵەکان، و بردنەپێشەوەی هاوخەباتی نێونەتەوەیی و هاوپشتی خەباتکارانەی ئنترناسیۆنالیستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەراسەری سوریا و وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی پرۆلیتاریای ئەو دەوڵەتانەی دەستوەردان لە ڕەوەندە سیاسیەکان و ململانێکانی ناوخۆی سوریادا دەکەن.

هەروەک ئەزمونی عێراق و وڵاتانی دیکە دەریخستووە، هاتنەمەیدانی سیاسی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەنجان بۆ کاریگەری بەجێهێشتن لەسەر ڕەوەندی دۆخەکە، و گەیشتن بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان لەم پرۆسەیەدا، بەهیوابوون بەو شتانەی کە بۆرژوا ئیسلامیە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان و لایەنگرانی نێودەوڵەتیان و بۆرژوازی ناسیۆنالیستی و لیبراڵی بانگەشەیان بۆ ئەکات، فەراهەم نایەت. هەروەها بە کەوتنە دوای ئەو خۆشباوەڕییانەش فەراهەم نایەت کە ئەو لایەنانە ڕەواجی پێدەدەن کە خاوەن بەرژەوەندین لە دۆخی ئێستای سوریادا، کە گوایا شتەکان لە بەرژەوەندی جەماوەر دەبن لە سوریا ئەگەر دەستوور و یاسا سەروەربن و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و دەوڵەتێکی مەدەنی و عەلمانی لەئارادا بن.

هیچ شتێک بۆ کرێکاران و هەژاران و ژنان و گەنجان مسۆگەر نییە بەبێ یەکگرتن و ڕێکخستنی هێزە چینایەتییە سەربەخۆکانیان و سەپاندنی داواکارییەکانیان، و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕزگاریخوازی و سۆشیالیستیەکانیان بە دەستی خۆیان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی شایستەی مرۆڤ و گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی.

ئەم سەردەمە سەردەمی زاڵبوونی کۆنەپەرستی و قەیرانی سەرمایەیە، بەڵام پڕە لە ناکۆکی و گۆڕانکاری. گرتنەبەری سیاسەتی چینایەتی سۆسیالیستی سەربەخۆ بەرامبەر بەو شتانەی لە سوریا ڕوودەدەن و ئەوەی لە عێراق و ئێران و بە کورتی لە هەموو ناوچەکەدا ڕوودەدات، تاکە گەرەنتییە بۆ گەیشتن بە هەر دەستکەوتێکی جددی و بەردەوام بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و ژنان و گەنجان. گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لەم ناوچەیە و گەشەی ڕەوتی مارکسیستی لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا ئەوەیە کە دۆخەکە بە قازانجی جەماوەر دەگۆڕێت.

**پرسیار: کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە لە سوریا و ستراتیژی ئیسرائیل و ئەمریکا بەرامبەر ئێران لەسەر دۆخی ناوخۆی عێراق چی دەبێت؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** وەک ئاماژەم پێدا، گۆڕانکارییەکانی سوریا گۆڕانکاریی کۆنەپەرستانەی سەرەوەیە، بۆیە بە سروشتی کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکاریانە لە ناوخۆی عێراقدا وەک کاریگەرییەکانی ڕاپەڕین یان شۆڕشێکی جەماوەری نییە کە لە سوریاوە بەرەو عێراق بگوازرێتەوە، سەرەڕای بەردەستبوونی ئەو فەزایە لە ئازادی ڕێژەیی و کاتی کە ئێستا لە سوریا لە ئارادایە.

ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران بە سروشتی خۆی یەکێکە لە گەورەترین زەرەرمەندەکان لەم گۆڕانکارییە بەردەوامەی سووریادا و بە قۆناغێکی پاشەکشەی سەربازی و قەیرانێکی سیاسی و ئابووریی خنکێنەردا تێدەپەڕێت، و لە ئەنجامدا کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم گۆڕانکارییە بە شێوەی جۆراوجۆرعەکس بوەتەوە نەک تەنیا لەسەر میلیشیاکان و دەستە و تاقمە میلیشیاکانی پەیوەست بە ئێرانەوە لە عێراقدا، بەڵکو لەسەر هەمان حزبە دەسەڵاتدارەکان و ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییەکانی دەسەڵاتدار و سەر بە ئێرانیش لە عێراقدا.

لە چوارچێوەی ئەم پاشەکشەیەی کە سەپێندراوە بەسەر ڕژێمی ئێراندا، فشار زیاتر بووە لەسەر دەسەڵات و هێزە ئیسلامییە فەرمانڕەواکان لە عێراقدا لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی گروپەکانی سەر بە ڕژێمی ئێران لە عێراقدا، یان ڕەنگە ئەم فشارانە بگۆڕدرێن بۆ ئاراستەکردنی لێدانی سەربازی دژی ئەو گروپانە. بە هەر حاڵ، لەگەڵ پاشەکشەیەک کە سەپێنراوە ئێستا بەسەر میلیشیاکانی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران و لە ناوچەکەدا، قەیرانی حوکمڕانی هێز و لایەنە ئیسلامییە دژە شۆڕشەکان لە عێراق خراپتر دەبێت، بەو پێیەی نارەزایەتی جەماوەری کرێکاران، گەنجان و ملیۆنان بێکار لە عێراق پێدەچێت بە هێز و هەمەلایەنەیی زیاتر بەردەوام بن.

بەڵام ئەگەرەکانی گەشەسەندنی دۆخەکە هەرچییەک بێت، ئەرکی بنەڕەتی بۆ کرێکارانی چالاکی سیاسی و مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان، دەستگرتنە بە تاری ڕێکخستن و یەکخستنی خەباتی ئابووری و سیاسی و تیۆری پرۆلیتاریا لە عێراقدا، لە یەک خەباتی چینایەتیدا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی چینایەتی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و چینە کۆمەڵایەتییە چەوساوەکانی دەوروبەری ئەم چینە، لە پێشهات و وەرچەرخانە سیاسییەکانی داهاتووی عێراق.

**پرسیار: ئایە دەتوانین بڵێین بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لاپەڕەی یەکێک لە پایەکانی ڕەوتی قەومی عەرەبی لە ژیانی سیاسی و فکری وڵاتانی عەرەبیدا پێچرایەوە؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا، بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بۆرژوازی بە ئەجێندایەکی سیاسی بۆرژوا ناسیۆنالیستی عەرەبی و ڕژێمێکی فەرمانڕەوای ستەمکارانە و سەرکوتگەری نیمچە عەلمانی، و بە بەرنامەیەکی ئابووری سەرمایەداری دەوڵەتییەوە کە لە قۆناغی پوکانەوەدا بوو، جێگەی خۆی دا بە بزووتنەوەیەکی تری بۆرژوازی کە ئیسلامییە، بە ئەجێندایەکی سیاسی ئایینی و بەرنامەیەکی ئابووری سەرمایەداری لە مۆدێلی ئابووری نیولیبراڵ. بە واتایەکی تر، حوکمڕانی یەکێک لە باڵەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بە شێوەی بەعسی گۆڕدرا بۆ دەسەڵاتی ڕەوتێک لە بزووتنەوە ئیسلامی سیاسی بە ناوی (دەستەی ڕزگاری شام).

ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورەیە و لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدایە کە لەمێژە ئەمریکا بە پلەی یەکەم و وڵاتانی دیکەی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوایی و ئیسرائیل و ڕژێمی تورکیای ئۆردوگانی هەوڵی بۆ دەدەن تا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر زەمینەی وێرانکاری و کاولکاری کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە، ئەویش لە ئاکامی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە شکڵی ڕژێمێکی سیاسی خوازراوی خۆیاندا جێگیری بکەن. ئەمەیە کە ئەمەریکا لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە عێراقدا پیادەی کردووە لە شێوەی ڕژێمێکی سیاسی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بە سەرکردایەتی ئیسلامی سیاسی شیعە.

ساڵانێکی زۆرە پرۆسەی پاشەکشەی ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی، لە شێوەی (بەعس)، (قەزافی)، (عەرەفات)، (جەمال عەبدولناسر) و ئەوانی تر، لە ناوەندی سیاسەت لە وڵاتانی عەرەبیدا، دەستی پێکردووە، ئەمەش بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی جێگەیان پڕبکرێتەوە بە ڕەوتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی بەناو میانڕەو، کەلێکهەڵپێکراون لەگەڵ سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و سەرمایەی جیهانی، و هەروەها بە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بە باڵە جۆراوجۆر و ڕەنگە جیاجیاکانیەوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکانیش پەیوەستن بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و سیاسەت و ستراتیژی ئەو دوو دەوڵەتەوە. بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و هاتنە سەرکاری (دەستەی ڕزگاری شام)، ئەم پرۆسەیە تەواو بووە، ئەم گۆڕانکارییە گەیشتووەتە کۆتایی لۆژیکی خۆی، چونکە دەتوانین بڵێین هیچ ڕژێمێکی سیاسی حوکمڕان لە وڵاتانی عەرەبیدا نەماوە کە سەر بەم جۆرە ڕەوتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بێت.

بەڵام لە هەمانکاتدا پرۆسەی لێکهەڵپێکانی ئیسلامی سیاسی سوننی لەگەڵ سەرمایەداری جیهانی و ئۆردوگای بۆرژوا ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە سوریا و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ (دەستەی ڕزگاری شام) هەنگاوێکی چۆنایەتی تێپەڕاند، ئەگەر نەشڵێین گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، و بەمەش قۆناغە ڕاگوزەرەکەی کە ئیسلامی سیاسی هێشتا تێیدا لەهەڵکشاندا بوو کۆتایییهات. گۆڕانی ڕووخساری فەرمانڕەوای نوێ (ئەحمەد ئەلشەرع) لە دیمەشق، نیشانەکانی ئەم سەردەمە نوێیە لەخۆیدا نمایش دەکا کە لەسەر بنەمای کۆتاییهاتنی سەردەمی ڕاگوزەری هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی سەریهەڵداوە. بەم شێوەیە ئیسلامی سیاسی لە جۆرە تیرۆریستییەکەیەوە دەتوانێ بە پرۆسەیەکی گۆڕاندن تێپەڕێت و بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی حکومەتی کە جێگەیەک بۆ خۆی لە سیستەمی سیاسی بۆرژوازی جیهانیدا پەیدابکات، کە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا زاڵە تیایدا، و دەتوانێ ئیدارەی کاروباری سەرمایە بکات لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک بەشێک لە سەرمایەی جیهانی و بزووتنەوە و کەڵەکەبوونەکەی.

بۆیە هەر تەنها ڕووخانی ئەسەد و دادانەوەی یەکجاری لاپەڕەی ڕەوتی ناسیونالیستی لە مۆدیلی بەعسی، ڕووینەداوە، بەڵکو پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامی سیاسی سوننە و تێکەڵبوونی لەگەڵ سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و سیستەمی سیاسی بۆرژوازی جیهانیش بەهەنگاوێکی چۆنایەتی بەرەوپێش چووە ، و بە قۆناغێک گەیشتووە، دیارە بەئەگەری سەقامگیری دەسەڵات لە دەستی (دەستەی ڕزگاری شام)، کە دەتوانرێت بووترێ ئەم پرۆسەیەش چۆوەتە سنووری کۆتایی خۆی. ئەمەش بە هەموو ئەو توندوتیژبوونەوە و زیاتربوونەوەیەی ناکۆکیەکانی هەمان ئەم گۆڕانکارییە نوێیە، و ئەم باڵبەسەرداکێشان و گشتگیرەیەی هەژموونی ئیسلامی سیاسی سوننە بەسەر ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا. هەر ئەمەش بەو مانایەیە کە لە چوارچێوەی داینامیکی قۆناغێکی نوێدا، مەیدان بۆ گەشەسەندنی خەباتی چینایەتی دەکرێتەوە، کە مۆرکی چڕبوونەوەی ململانێی چینایەتی پیوەیە لە نێوان پرۆلیتاریا و سەرمایە و نوێنەرە سیاسییەکانی سەرمایەدا، واتە لە نێوان زۆربەی جەماوەر و کۆنترۆڵی سەرمایە بەسەر ژیانیاندا کە هۆکاری چەوساندنەوەیان وبەهەژارکردنیان و سەپاندنی بێکاری و برسێتیە بەسەریاندا.

لە لایەکی دیکەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە ئیسلامی سیاسی شیعەی دەسەڵاتدار لە ئێراندا پاڵپشتییەکی بنەڕەتی بوو بۆ ڕژێمی ئەسەد، لە بەرمبەردا ئەسەدیش پشتیوانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوو. نەمانی ڕژێمی ئەسەد لە گۆڕەپانەکەدا هەر تەنها لاپەڕەی هەژموونی ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی جۆری بەعسی دانەدایەوە، لە ناوەندی سیاسەت لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەڵکو کۆتایی بە یەکێک لە گرنگترین پەیوەندییەکانیش هێنا، کە لەسەر بنەمای هزری ناسیۆنالیستی عەرەبی دامەزراوە، بە پرسی فەلەستینەوە، کە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران لە ململانێی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا لە سەری دەژیا، کە لە میحوەری بەرنگاریدا خۆی بەرجەستە کردبووەوە.

**پرسیار: هێزەکانی سوریای دیموکرات کە ڕووبەرێکی فراوانی زەوییان بەدەستەوەیە، سیستمێکی سیاسییان دامەزراندوە کە تێیدا ژنان بەشداری ژیانی سیاسی و کولتووری و ئابووری دەکەن و جۆرێک لە فیدرالیزمیان فەراهەم هێناوە. دیدگاتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟**

باوەڕم بەوە نییە کە ئیسرائیل بیەوێت داعشێك لە تەنیشتی خۆی لە سووریا حوکم بکات، بەڵکو دەیەوێت حاکمە ئیسلامییە نوێیەکانی ئەم وڵاتە لەژێر هەژموونی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوادا تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی بۆرژوازی ناوچەیی بکرێن و کاریش دەکات بەم ئاراستەیەدا.

■ **موئەیەد ئەحمەد:** هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە ساڵی (٢٠١٥) دامەزراوە، و هێزە چەکدارەکانی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی باکور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا لەخۆدەگرێت، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٢) و (٢٠١٣)، ئەو هێزانە شەڕی داعشیان دەکرد بۆ دەرکردنیان لەو ناوچانەی داعش دەستی بەسەردا گرتبوو. هێزەکانی (هەسەدە) لە چەندین هێزی چەکدار پێکهاتوون کە لەنێو دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە سەریان هەڵداوە، و لەلایەن ئەو ڕەوت و حزبانەوە سەرکردایەتی دەکرێن کە هەڵگری ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی جیاوازن، لە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی سریانیی.

(هەسەدە) خۆی بە فەرمی ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی دیاریکراوی نییە، بەو پێیەی هێزەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) پێکهاتوون لە نێو کورد زمانەکانی هەرێمی کوردستانی سووریا کە لە ساڵی (٢٠١١) پێکهێنراون، هەروەها هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) کە بە تایبەتی لە ژنان پێکهاتوون، و لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە دامەزراون، و یەکینەکانی چەکدار لەنێو عەرەب و تورکمان زمانەکان، و یەکە چەکدارەکانی مەسیحییە سریانیەکان.

دەسەڵاتی هەنووکەیی لەم هەرێمەدا لە دەستی ئەو حزب و هێزە چەکدارانەدایە کە لەناو (هەسەدە)دا گردبوونەتەوە، بەڵام فۆرمی دەسەڵات واتە سیستەمی سیاسی و ئیداری لەو ناوچانەدا، لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەریی لۆکالی و حوکمڕانیی ئەنجومەنی دانیشتووانە بە شێوەیەک کە مەزهەب و نەتەوە و ئایینەکان تێیەڕێنێت. لەگەڵ هەبوونی یاسای مەدەنی پێشکەوتوو کە ماف و ئازادییەکانی ژنان مسۆگەر دەکات.

هێزەکانی (یەپەگە) و (یەپەژە) کە دوو هێزی سەرەکیی ناو بلۆکی (هەسەدە) پێکدەهێنن، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە پرسێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە، ئەویش پرسی کوردە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاسۆی سیاسی ڕەوتی بورژوا ناسیۆنالیستی کوردی و حزبەکانی ئەم ڕەوتە، سەرەڕای هەمەچەشنییان، زاڵە بە سەریدا. پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) کە سەرکردایەتی (یەپەگە) دەکات، پارتێکی ناسیۆنالیستی بۆرژوازییە لەناو ڕەوتی چەپی ناسیۆنالیزمدا، بە ئەجێندای "کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی"یەوە کە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی تێدەپەڕێنێت، وەک کارپێکردنی ڕێبازی (عەبدوڵڵا ئۆجالان) و چارەسەری ئەو بۆ پرسی نەتەوەیی کورد لە ناوچەکەدا، کە تا ڕادەیەک جیاوازە لە ستراتیژی ناسیۆنالیستە کوردەکانی دیکەی ناوچەکە، کە ئەمان هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە کوردستان ئەدەن. ئەمەش جگە لە پەیوەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی (پەیەدە) لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە تورکیا.

**پرسیار: هەڵوێستی (هەسەدە ) لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای سوریادا چی دەبێت؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان نەبووە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوریادا کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، هەروەها گومانیش لەوەدا نییە کە ڕۆڵیان نەبووە لە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن (دەستەی ڕزگاری شام)وە. بەپێچەوانەوە، هەر لەسەرەتاوە (هەسەدە) کەوتەبەر هێرشی سەربازیی توندی هێزە میلیشیاکانی سەر بە ڕژێمی تورکیا کە بە "سوپای نیشتمانی سوریا" ناودەبرێت، لە شارەکانی مەنبەج و کۆبانی و ئەم هێرشانە بەردەوامن بوون هاوکات لەگەڵ پێشڕەویەکانی کشانی (هێزەکانی دەستەی ڕزگاری شام) بەرەو دیمەشق، و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامن.

یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی توندوتیژبوونەوەی ململانێ سەربازییەکان لە ڕەوەندی سیاسی لە سوریا لەم قۆناغەدا و دواتریش، ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان ئەو هێزانەی (هەسەدە) و دەسەڵاتدارانی دیمەشق چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پلانی تورکیا بۆ درێژکردنەوەی هەژموونی خۆی بەسەر سوریادا، لە پێگەی بەرژەوەندیەکانیەوە، بەئەنجام ناگات و بەتەواوی بەدینایەت ئەگەر کێشمەکێشی خۆی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بە شۆێنێکی لەبار بۆ خۆی نەگەیەنێ، و ئامانج و تەماحە فراوانخوازییە ئیمپریالیستیەکانی لەم ناوچەیەدا بەدی نەهێنێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەجندەی تورکیا ئەوەیە کۆتایی بە هەبوونی سیستەمی سیاسی فیدراڵی لەم ناوچەیەدا بهێنێت، کە بەهێزە چەکدارەکانی (هەسەدە)وە بەندوە و ڕاوەستاوە، وە کە ڕەوتی ناسیۆنالیستی کورد لە سوریا دەیەوێت لە فیدراڵییەت بەرهرەمەند بێت لە چوارچێوەی سوریادا.

سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیستی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە تورکیا، بەتایبەت پارتی ناسیۆنالیستی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای کەمالیستییە، و پارتی ئیسلامی ئەردۆگان، بەرامبەر جەماوەر لە کوردستانی تورکیا و سوریا، بووەتە بیانوویەکی سیاسی کاریگەر و ئامرازێکی هاندانی زۆر بەسوود بۆیان لە خزمەت سیاسەتی فراوانخوازی و تەماحە ئیمپریالیستەکانیان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە سوریا و ناوچەی موسڵ لە باکووری عێراق، وە بۆ زەوتکردنی مافی ئەم جەماوەرە بۆ ڕزگاربوونیان لە دەست نادادپەروەری و هەڵاواردنی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان.

جگە لەوەش ئەو ئیدیعا و ئەفسانە (خرافات) ئایدیۆلۆژیانەی کە ئەردۆگان ماوەیەکی زۆرە سەبارەت بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێی عوسمانی پەرەی پێدەدا، خزمەت بە بەرژەوەندییە سەرمایەدارییە هاوچەرخەکانی دەکات، لە درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی سەربازی و سیاسی، و زامنکردنی ناوچەکانی نفوزی خۆی لە چوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی ئێستادا لەنێوان وڵاتانی جۆراوجۆر و جەمسەرە ناوچەییەکاندا.

بەڵام ئەم بەرژەوەندیانەی ئێستای تورکیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل لە سوریا، ناکۆکن لەگەڵ یەکتری و بەریەک دەکەون بەتایبەت لەسەر ئەوەی کە تورکیا بەنیازە لەبەرامبەر (هەسەدە) و هێزەکانی پاراستنی گەلدا بیکات. ئەمە جگە لە توندوتیژبوونەوەی ململانێکانی تورکیا لەگەڵ ڕژێمی ئێران و بەشێک لە دەوڵەتانی کەنداو وەک سعودیە و ئیمارات لەسەر چارەنووسی سوریا و پێشهاتەکانی دواتری.

هەموو ئەم ململانێ و پێکدادانانەی بەرژەوەندییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵوێست لە بەرامبەر (هەسەدە) و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییە سیاسییەکان، چ فیدراڵی بێت یان بە شێوەیەکی تر، لەنێوان ئەو ناوچەیەی کە لە لایەن هێزەکانی (هەسەدە)وە بەڕێوەدەبرێت، و باقی سوریا و ڕژێم لە دیمەشق، ئەمە جگە لە توندوتیژبوونەوە (اشتداد)ی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل بەرامبەر بە تورکیا سەبارەت بە چارەنووسی (هەسەدە) لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا.

ئەڵبەتە، بەردەوامی بوونی هێزە ئەمریکییەکان لەم ناوچەیەدا، کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی (هەسەدە) دایە، و پارێزگاری ئەم هێزانەی ئەمریکا لە (هەسەدە) لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیادا، خزمەت بە بەرژەوەندییە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکی و ئامانجە ستراتیژییەکانی لە سوریا و ناوچەکەدا دەکات.

**پرسیار: ململانێ جیۆپۆلەتیکی و شەڕ و شەڕە بە وەکالەتەکان هەر لە بەردەوام بوندان لە ناوچەکەدا و توندتر دەبنەوە، بە تایبەت سیاسەتی داگیرکاری فراوانخوازانەی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە کێشانی نەخشەی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان. لەم چوارچێوەیەدا فشارە سیاسی و سەربازییەکان بۆ سەر ئێران لە پەرەسەندندایە و تەوژمی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، جگە لە زیاتربوونی هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەیشتن بە ئامانجە تەماحەکارییە فراوانخوازییەکانی. چۆن هۆکارە ئابوورییە مادییەکانی پشت ئەم هەموو توندوتیژبونەوەیەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان لەم ناوچەیەدا شی دەکەیتەوە؟ وە پەیوەندی نێوان خەباتی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو وڵاتانی ڕکەبەر و وڵاتانی ستەملێکراو لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن چییە؟**

■ **موئەیەد ئەحمەد:** لە نامیلکەی سۆسیالیزم و جەنگدا، کە لینین لە هاوینی ساڵی (١٩١٥)دا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی (حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکرات لە ڕووسیا) سەبارەت بە جەنگی جیهانی یەکەم، نووسیویەتی، دەڵێت "سۆسیالیستەکان هەمیشە شەڕی نێوان گەلانیان وەک کردەوەی بەربەری و وەحشی، ئیدانە کردووە. بەڵام هەڵوێستی ئێمە لە حزب سەبارەت بە شەڕ لە ڕووی پرەنسیپەوە جیاوازە لە هەڵوێستی بۆرژوا ئاشتیخوازەکان (لایەنگر و داکۆکیکارانی ئاشتی) و ئەنارکیستەکان. ئێمە جیاوازین لە یەکەمیان لەوەدا کە ئێمە درک بەو پەیوەندییە حەتمییەی نێوان شەڕەکان و ململانێی چینایەتی لە ناو وڵاتدا دەکەین، درک بەوە دەکەین کە بەبێ نەهێشتنی چینەکان و بەبێ دامەزراندنی سۆسیالیزم، نەهێشتنی شەڕەکان مەحاڵە........ و ئێمەی مارکسیستەکان جیاوازین لە ئاشتیخوازان و ئەنارکیستەکان لەوەی کە دان دەنێین بە پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە (دراسة ) لە هەر شەڕێک بە جیا و لە ڕووی مێژووییەوە (لە ڕوانگەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی مارکسەوە) "*.

لە شوێنێکی دیکەی هەمان نامیلکەدا، لینین سەبارەت بە جەنگی جیهانی یەکەم و پەیوەندیی بە سەرمایەداریی ئیمپریالیزمەوە دەڵێت:

هەر تەنها ڕووخانی ئەسەد و دادانەوەی یەکجاری لاپەڕەی ڕەوتی ناسیونالیستی لە مۆدیلی بەعسی، ڕووینەداوە، بەڵکو پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامی سیاسی سوننە و تێکەڵبوونی لەگەڵ سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و سیستەمی سیاسی بۆرژوازی جیهانیش بەهەنگاوێکی چۆنایەتی بەرەوپێش چووە ، و بە قۆناغێك گەیشتووە، دیارە بەئەگەری سەقامگیری دەسەڵات لە دەستی (دەستەی ڕزگاری شام)، کە دەتوانرێت بووترێ ئەم پرۆسەیەش چۆوەتە سنووری کۆتایی خۆی.

"ئیمپریالیزم بەرزترین پلەیە کە سەرمایەداری لە گەشەسەندنیدا پێی گەیشتووە کە تا سەدەی بیستەم پێی نەگەیشتبوو. ئێستا سەرمایەداری لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان هەست بە تەنگبوون دەکات.......... لە ڕزگارکەرێکی گەلانەوە، کە سەرمایەداری لە خەباتی خۆیدا لە دژی فیۆدالیزم ئاوەها بوو، سەرمایەداریی ئیمپریالیزم بۆتە گەورەترین ستەمکاری گەلان. سەرمایەداری لە پێشکەوتنخوازییەوە، گۆڕاوە بۆ کۆنەپەرستی؛ و هێزەکانی بەرهەمهێنانی تا ئەو ڕادەیە پەرە پێداوە کە مرۆڤایەتی یان دەبێت بەرەو سۆسیالیزم بچێت، یان بە درێژایی ساڵانێک و تەنانەت دەیان ساڵ لە کێشمەکێشی چەکدارانە لە نێوان وڵاتانی "گەورە"دا ئازار بچێژێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستکرد سەرمایەداری بپارێزرێت بە ڕێگەی کۆلۆنییەکان و مۆنۆپۆڵی و ئیمتیازات و ستەمی نەتەوەیی بە هەموو شێوەکانییەوە"**.

ئایا دەکرێت لێدوانێکی واقیعیتر لەوە هەبێت کە بۆ سەردەمی ئێمەش بگونجێت؟ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد و دە ساڵ، هێشتا جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شاهیدی شەڕی بێکۆتاییە، "لەپێناو پاراستنی دەستکردی سەرمایەداری" و بەهۆی دواکەوتنی سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانیەوە.

پێم وایە ئەم قسانەی لینین گوزارشت لە تایبەتمەندییە ئابوورییە جەوهەرییەکانی ئەو شتانە دەکەن کە ئێستا ڕوودەدەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە ململانێ جیۆپۆلەتیکی و سەربازی و جیۆ-ئابوورییەکان. بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژین و گەشەسەندنی زەبەلاحی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی هاوچەرخ، و گەشەی سەرمایەی دارایی جیهانی بە پێوەری ترلیۆنی کە ڕێژەیەکی هاندەرانەی قازانج بۆ وەبەرهێنان نادۆزنەوە، و گەشەسەندنی کارەکتەری مشەخۆریی سەرمایەداریی هاوچەرخ تا ئەوپەڕی، و توندوتیژبوونەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکانی سەرمایەداری بە پلەیەکی زۆر زیاتر لە سەردەمی لینین و بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئەوەی کە سەرمایەداری ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زاڵە، ئەمەش بەو مانایەی کە سەرمایەداری ئیمپریالیستی وتار و ڕایەڵەکانی سەرمایە لەیەکتر ئاڵاون و درێژ بوونەوتەوە بە سەر هەموو گۆی زەویدا.

شتە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە شەڕی بەردەوامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانە، لە شیکاری کۆتاییدا شەڕی هێزی چینایەتی سەرمایەدارییە و شەڕی سەرمایەن کە پرۆلیتاریاکانی ناوچەکە فڕێ دەدەنە بەرەکانی شەڕ بۆ کوشتنی یەکتر لە پرۆلیتاریا نەتەوە و مەزهەبەکانی تر، و یان لە چوارچێوەی هەمان وڵاتدا. ئەم شەڕانە شەڕ و کۆمەڵکوژییەکانی میلیشیا و هێزە تیرۆریستییە کانە کە بەردەوام بە وەکالەت ئەنجامی ئەدەن، بە مەبەستی دابەشکردنی ناوچەکانی نفوزی سەرمایەی وڵاتانی جۆراوجۆری سەرمایەداری ئیمپریالیستی و سەرمایەداری ناوچەیی، و شەڕی حیزب و بزوتنەوە بۆرژوازییەکانن کە مۆتەکەن بەسەر سنگی جەماوەرەوە و دڕندەترین و تاوانبارترین نوێنەرانی سەرمایەن.

خەباتی چینایەتی پرۆلیتاری دژ بە دەسەڵاتی سەرمایە و هەژموون و کۆنترۆڵکردنی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی و وڵاتانی سەرمایەداری ڕوو لە هەڵکشان لە ناوچەکەدا بەسەر ژیان و چارەنوسی پرۆلیتاریەوە لەم وڵاتانەدا، نەوەستاوە، لە هەمانکاتدا هەوڵەکان بۆ ڕێگەگرتن و خنکاندنی هەر گەشە و گەشەسەندنێکی چۆنایەتی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، لە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵکوژی و تیرۆر و لەسێدارەدان هەمیشە توخمێکی بنەڕەتی بووە لە ستراتیژی سەرمایە لە ناوچەکەدا، وەهەروەها ستراتیژی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی.

وە ئەمەیە کە نەوە لە دوای نەوە لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە شاهیدی بوون، هەر لە خنکاندنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) و هەڵکشانی هێزەکانی دژە شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەسەڵات بە پشتیوانی تەواوی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، تا خنکاندنی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی ناوچەکە لە ساڵی (٢٠١١)، و لەباربردنی بزووتنەوە و جوڵە شۆڕشگێڕییە سۆسیالیستییەکانی پرۆلیتاریا لە وڵاتانی عەرەبیدا لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە لایەن هێزە ناسیۆنالیستی و فاشیستەکانی وەک ناسریەکان و بەعسیەکان و ئەوانی تر.

ئەجندە و سیاسەتی ئەنترناسیۆنالیستی و سۆسیالیستی بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن، و بەرامبەر ئەوەی لە سوریا ڕوویدا و ئەوەی کە ئێمە شاهیدی دەبین سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە، بەرزکردنەوەی ئاڵای سۆشیالیزمی ئینترناسیۆنالیستییە بەهەموو پەیگیریەکەوە بەرامبەر ئەم هەموو کۆمەڵکوژی و هەژاری و ئاوارەبوونە. هەر ئەمەش ئەوە ئەخوازی کە بیبێتە وەزیفە و ئەرکێکی فەوری کە قابلی دواخستن نەبێت لەلایەن مارکسیست و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و چالاکە هۆشیارەکانی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی.

بە یەک وشە، پابەندبوون بە هێڵی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیزمی پرۆلیتاری ئینترناسیۆنالستییەوە، ڕوانگە و تیۆری و سیاسەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەیە کە دەتوانێت ڕێگا بۆ ڕزگاری و بەدیهێنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئازادی و یەکسانی لەم ناوچەیەدا بکاتەوە.

٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

* لينين- المختارات في 10 مجلدات- المجلد 5 -موسكو- دار التقدم 1976

** هەمان سەرچاوەی سەرەوە

# ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی بەنگلادیش و ئاسۆی خەباتی چینایەتی

**ڕوونکردنەوەیەک: بەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی بەنگلادیش لە مانگی هەشت (ئاب/ئۆگستی ٢٠٢٤)دا ئەم وتارەم بە زمانی عەرەبی لە مانگی نۆدا نوسیووە بۆ ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي). هۆکاری ئەوەی کە لێرەدا بە کوردیش دەیخەمە بەر دەست خوێنەرانی ڕۆژنامەی (ڕەوت) ئەوەیە کە مێسۆدی لێکدانەوە و ئاکامگیرییەکانی بۆ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێستای سوریاش لە ناوەڕۆکدا ڕێکدێنەوە، نەک لە شکڵدا، چونکە دیارە کە لە بەنگلادیش ڕاپەڕینی جەماوەری بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵات، بەڵام لە سوریا هێزێکی میشیایی ئیسلامی سیاسی بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا و ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی لە کێشمەکێشێکی جیۆپۆلەتیکدا دژی بلۆکبەندی ڕووسیا و ئیران ڕژێمی ئەو وڵاتەیان ڕووخاند.**

## لێکچوونێک

هەڵاتنی سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش (شێخ حەسینە واجید) لە ڕۆژی (٦-٨-٢٠٢٤) بەتەواوی هاوشێوەی هەڵاتنی سەرۆکی تونس (زین ئەلعابدین بن عەلی) بوو لە ناوەڕاستی (کانوونی دووەمی ٢٠١١) نەک تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کە دواتر باسی دەکەین، بەڵکو لە ڕووی ڕواڵەت و ڕووداوەکانیشەوە.

کرێکارێکی دەستفرۆش لە تونس لەبەردەم باڵەخانەی شارەوانییەکەی خۆیدا لە ڕۆژی (١٧-١٢-٢٠١٠)دا خۆی سوتاند، وەک دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر ڕێگەپێنەدانی بەکاری دەستفرۆشی لە شەقامەکانی شار و ئەو سوکایەتییەش کە پۆلیسی شارەکە بەرامبەریان کرد، ئەمە بوو بە چەخماخەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری بەهێز، کە لە پەرەسەندنی خۆیدا بە (شۆڕشی تونس) و هەڵاتنی سەرۆکی دەوڵەت کۆتایی هات.

بەهەمان شێوە لە بەنگلادیشیش نارەزایەتییەکی جەماوەری بە تایبەتی لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا هەبوو، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکیان دەکرد کە پشکی تایبەتی تەرخانکردبوو بۆ کارپێدان و دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەوڵەتیدا بۆ ئەندامانی ئەو خێزانانەی کە لە ساڵی (١٩٧١)دا لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی وڵاتەکەدا جەنگاوەر بوون. ئەم خۆپیشاندانانە بەخێرایی پەرەیان سەند و بوون بە بزووتنەوەیەکی سیاسی خوازیاری ڕووخاندنی ڕژێم، بە تایبەت دوای کوشتنی خوێندکارێکی تەمەن (٢٢) ساڵ لە بنەماڵەیەکی هەژار بە ناوی (ئەبو سەعید) لە ڕۆژی (١٨-٧-٢٠٢٤)، ئەویش لە کاتێکدا کە ئاڵای وڵاتەکەی هەڵگرتبوو وە لە دووری (١٥) مەترەوە لەلایەن پۆلیسی دژە ئاژاوەگێڕییەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. بەمەش خۆپیشاندانەکان پەرەیان سەند و تەشەنەیان کرد بۆ زۆربەی شارە گەورەکانی وڵات بەتایبەتی پایتەخت و گۆڕا بۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری و سەرۆک وەزیرانی ناچار کرد بە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات تا خۆی قوتار بکات.

پێش شۆڕشی تونس، ڕاپۆرتەکانی (بانکی جیهانی) و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) ئاماژەیان بەوەدا کە ئابووری ئەو وڵاتە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠) و (٢٠١٠) گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پەیکەرەی ئابووری وڵاتەکەدا ئەنجامدراون و پێویستە وڵاتانی تر لاسایی بکەنەوە و هەمان هەنگاو بگرنەبەر. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە مەرجەکانی ئەو دوو دامەزراوە نێودەوڵەتییەی جێبەجێ کردووە، کە بریتین لە ئازادکردنی دەستی کۆمپانیا تایبەتییەکانی ناوخۆیی و بیانی و هەروەها کەمکردنەوەی خەرجیەکانی دەوڵەت بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتی، واتە وازهێنان لە پلانی دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەوڵەتیدا و سپاردنی ڕەخساندنی هەلی کار بە کەرتی تایبەت، ... هتد.

بێگومان تونس لەو دە (١٠) ساڵەدا پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بە قیمەتی داسەپاندنی بێکاری و هەژاری و پەراوێزخستنی جەماوەری زەحمەتکێش و هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، سەرمایەداری سیستەمێکە هاوڕای گەشەکردن و پێشکەوتنەکەی، نەهامەتی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان دەهێنێت، چونکە سیستەمێکە لەسەر بنەمای چەوسانەوە و دژایەتی چینایەتی دامەزراوە.

لە بەنگلادیشیش، میدیای بۆرژوازی نێودەوڵەتی باسیان لە "مۆدێلی موعجیزەی ئابووری" ئەم وڵاتە دەکرد کە بانکی جیهانی بە "چیرۆکێکی ئیلهام بەخش" بۆ گەشەی ئابووری وەسفی دەکات. لە ڕاستیدا بەنگلادیش گەشەی ئابووری بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە و بۆتە جێگەی مەبەستی کۆمپانیا بیانییەکان و شوێنێکی ئارام و پارێزراو بۆ وەبەرهێنان بەتایبەتی لە کەرتەکانی ڕستن و چنین و پیشەسازی جلوبەرگدا بەڕادەیەک کە سەدان کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی وەک (H&M) و(Gap) و (Zara) و زۆرێکی تر لە کۆمپانیا ناودارەکانی جیهانی دەستیان کردووە بە کردنەوەی کارگەکانیان لەوێ، بەڵام بە هەلومەرجێکی کارکردنی زۆر خراپتر لە هی کرێکارانی تونس.

ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە زیاتر لە (١٧٠) ملیۆن کەسە و لە ڕووبەرێکی بەرتەسک و بچووکدا دەژین کە ڕێژەی چڕیی دانیشتووانی زۆر بەرزە، واتە ملیۆنەها خانەوادەی کرێکار و زەحمەتکێش لەسەر پارچە زەوییەکی بچووک نیشتەجێ بوون و کەوتوونەتە ژێر "ڕەحمەت"ی بزنێسمەنەکان و سەرمایەداران کە ئاخۆ هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێنن تا داهاتێکیان هەبێت و بتوانن بژین یان نا؟ جا کرێکار لەوەها بارودۆخێک و لە نەبوونی گەرەنتی کۆمەڵایەتیدا ناچارە هەر جۆرە هەلومەرجێکی کارکردن قبوڵ بکات، تەنها بۆ ئەوەی بتوانێت بژی. بازاڕی سێکس لەم وڵاتەدا نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم تراژیدیایەی چینی کرێکارە، لە وڵاتێکدا کە کەلتووری پیاوسالاری ئیسلامی دژ بە ژنان زاڵە کەچی هەلومەرجی ژیانی سەرمایەداری و بێکاری و برسێتی، ژنان و کچانێکی زۆری ئەم وڵاتەی ناچار بە فرۆشی سێکس کردووە تەنها بۆ پەیداکردنی داهاتێک و ژیانکردن، ئەم بازارە بۆتە کەرتێکی بزنێسی گەشتوگوزار (تۆریست)ی ڕەونەقدار.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە سەدا بیست و نیو (٢٠،٥٪)ی دانیشتوانی وڵاتەکە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەمە "چیرۆکی ئیلهامبەخش" و "موعجیزەی ئابووری" کۆمپانیا جیهانییەکانە کە ساڵانە ملیارەها دۆلار قازانج دەچنەوە و سەرمایە کەڵەکە دەکەن، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە کرێکاری بەنگلادیشی ڕۆژانە (١٢) کاتژمێر و شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بە مووچەیەکی زۆر کەم کار بکات کە تەنانەت بەس نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیش بەهۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی کاڵا و کرێخانوو.

سەرەڕای ئەوەش هەلومەرجی کاری کرێکاران هاوشێوەی هەلومەرجی کۆیلایەتییە کە دەرگای کارگەکان بەڕووی کرێکاراندا دادەخرێت و ناتوانن شوێنی کارەکانیان بەجێبهێڵن، لەڕاستیدا ئەو کارگانە زیندانێکی داخراون بۆ کرێکاران، وە چەندین نمونەی بە دۆکیومێنتکراو هەیە کاتێک ئاگر کەوتۆتەوە لەناو کارگەیەکی جلوبەرگدا و دەرگای کارگە داخراوە و کرێکاران نەیانتوانیوە لە شوێنی کارەکانیان بچنەدەرەوە، پاشان تەرمی سەدان کرێکار بە سوتاوی هێنراونەتە دەرەوە، ئەمە چ دۆزەخێکی سەرمایەدارییە بۆ کرێکاران! وەیان کاتێک باڵەخانەی کارگەیەک دارماوە لەژێر داروپەردووەکەیدا سەدان کرێکار نێژراون. تا ئێستا چەندین فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ئەم "چیرۆکی ئیلهامبەخش"ە لە گەشەی ئابووری بەنگلادیش و "موعجیزەی ئابووری" ئەم وڵاتە، کە لە ڕاستیدا کۆیلایەتییەکی بێ پەردەی سەرمایەدارانەیە، بڵاوکراوەتەوە.

## خوێندکاران و پشکی تەرخانکراو بۆ خێزانی پێشمەرگە دێرینەکان

لە بەنگلادیش نزیکەی (٦٠) زانکۆی حکومی و (١١٠) زانکۆی ئەهلی و نێودەوڵەتی هەیە کە ساڵانە یەک ملیۆن خوێندکار وەردەگرن و هەشت سەد هەزار دەرچوو دەخەنە ناو بازاڕێکی کارەوە کە هەلی کار تیایدا کەمە و کار بەسەختی تیایدا دەست دەکەوێت، بۆیە ڕێژەیەکی زۆر لەو کرێکارە خاوەن شەهادە و خوێندەوارانە بێکار دەمێننەوە و دەبنە بارگرانی بەسەر خێزانە کرێکارەکانیان و هەندێکیان بۆ دۆزینەوەی کار کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات و هەندێکی تر هەوڵ دەدەن کاری وەرزی و ناپەیادار و کاتی بدۆزنەوە.

چەندین نەوە لە خوێندکارانی دەرچوو توشی نائومێدی بوون کاتێک کە بەدوای دامەزراندن لە کەرتی گشتی و وەزیفەیەکی حکومیدا گەڕاون، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە یاسایەک هەیە کە لە سەدا پەنجاو شەش (٥٦٪)ی کار و وەزیفەکانی کەرتی گشتی دەوڵەتی بۆ ئەو کەسانە تەرخانکردووە کە سەر بە ئەندامانی ئەو خێزانانەن وەختی خۆی جەنگاوەربوون لە شەڕی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وڵاتەکەدا.

ئەم یاسایە بۆتە یەکێک لە پایەکانی گەندەڵی لەم وڵاتەدا چونکە حزبی دەسەڵاتدار وەک ئامرازێک بەکاری هێناوە بۆ دامەزراندنی کەسانی نزیک لە خۆی و وەک بەرتیل بەکاری هێناوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای خۆی و ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی، ئەمەش بووە هۆی نارەزایەتییەکی زۆر بەتایبەتی لە ساڵانی (٢٠٠٨) و (٢٠١٣) و (٢٠١٨) و (٢٠٢٤) دژ بەو یاسایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی.

جا لە ژێر فشاری ئەو نارەزایەتیانە (شێخ حەسینە) سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش لە ساڵی (٢٠١٨)دا ناچار بوو چاکسازییەک ئەنجام بدات، کە ڕێژەکەی لە (٥٦٪)ەوە بۆ (٣٠%) کەمکردەوە و گروپی کۆمەڵایەتیی دیکەی زیاد کرد بۆ ئەو ڕێژەیە؛ وەک تەرخانکردنی (١٠%) بۆ ئافرەتان، و (١٠%)ش بۆ هەندێک هەرێم ، و (٥%) بۆ کەمینە نەتەوەییەکان و (١%) بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.

بەڵام لە بەهاری (٢٠٢٤)دا سەرۆک وەزیران ئەم چاکسازییەی هەڵوەشاندەوە و نارەزایی دیسان سەریهەڵدایەوە بەتایبەتی لە زانکۆکاندا و پچڕپچڕ بەردەوام بوو تا (١-٧-٢٠٢٤) و دوای ئەو بەروارە بوو بە بزووتنەوەیەکی فراوانی گەنجان و خوێندکارانێکی سەر بە بنەماڵە کرێکارییەکان و داوای هەڵوەشاندنەوەی تەواوی سیستەمی پێدانی پشک و ئیمتیازاتیان کرد. ئەم نارەزایەتییە لە پەرەسەندنیدا بوو بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری و شۆڕشێکی سیاسی کە خوێندکاران و گەنجان بۆ یەکەمجار لە مێژووی وڵاتدا ڕۆڵی پێشەنگایەتییان تێدا گێڕا نەک حزبە نەریتی و کلاسیکییەکان کە دواتر باسی دەکەین.

## چاوخشاندنێک بە مێژووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی بەنگلادیشدا

لە کۆتایی ساڵی (١٩٧١) بەنگلادیش، کە تا ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهەڵات ناسرابوو، دوای شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی کە نۆ مانگی خایاند و بە دەستێوەردانی سەربازی هیندستان دژی پاکستان و لە بەرژەوەندی سەربەخۆییخوازان، بەنگلادیش لە پاکستان جیابووە.

یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە (موجیبوڕڕەحمان - موجیب الرحمن) سەرۆکی (حزبی عەوامی بەنگلادیش. Bangladesh Awami League) واتە حزبی گەل و سەرکردەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بەنگلادیش بوو. میراتی سیاسی ئەو لە بەنگلادیشدا بریتییە لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی کە ئابوری وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات، بە واتایەکی تر بنیاتنانی سەرمایەداری دەوڵەتی، یان بە پێی ئەو چەمکەی کە لەو کاتەدا باوبوو، بنیاتنانی "سۆسیالیزمی نەتەوەیی". بۆیە دەستی کرد بە نیشتمانیکردنی (٧٠%)ی کارگە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی جووت (Jute) و پەموو (لۆکە) و شەکر و چا و ڕستن و چنین و جلوبەرگ، ....هتد، لەگەڵ بە نیشتمانیکردنی بانکەکان.

لە مانگی ئازاری (١٩٧٤)، نرخی برنج و خۆراک بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، هەم بەهۆی گەندەڵی کارمەندانی دەوڵەتی و هەم بەو هۆیەشەوە کە بارانبارینێکی بەخوڕ باری و لافاو بەدرێژایی ڕووباری (براهما پوترا) هەڵسا، و ڕووبەرێکی زۆری کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی برنجی نوقمی ئاوکرد، ئەمەش قاتوقڕییەکی سەختی لێکەوتەوە و بووە هۆی برسێتییەکی لە ڕاددەبەدەر کە تا کۆتایی ساڵ ملیۆن و نیوێک کەس لەم وڵاتەدا گیانیان لەدەستدا، و خەڵکێکی زۆریش بوونە قوربانی نەخۆشی، ئەمەش پەرەیدا بە نارەزایەتی جەماوەری دژی دەسەڵات.

ئەمە و ڕێبازی سیاسی (موجیبوڕڕەحمان)یش زیاتر بەرەو سەرکوتکردنی ئازادییە سیاسییەکان و قەدەغەکردنی حیزبەکانی دیکە و سەپاندنی سیاسەتی تاک حزبی هەنگاوی دەنا. هەموو ئەمانە دواجار بوونە هۆی کودەتایەکی سەربازی بەسەریدا لە (ئابی ١٩٧٥) و کوشتنی لەگەڵ هاوسەرەکەی و سێ لە منداڵەکانیان، جگە لە دوو کچیان کە لەو کاتەدا لە گەشتێکدا بوون بۆ ئەوروپا، ئەوانیش (شێخ حەسینە) و... خوشکە بچووکەکەی بوون.

جگە لەم هۆکارە ناوخۆییانەی کودەتاکە، (سی.ئای.ئەی-CIA) ئیمپریالیزمی ئەمریکیش ڕۆڵی هەبوو لە ڕووخاندنی (موجیبوڕڕەحمان) لە بەنگلادیش، لە چوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکانی ئەو کاتەدا دژی بلۆکی سۆڤیەت، هەروەک ڕۆڵی هەبوو لە کودەتا سەربازییەکانی پاکستانیش، بەتایبەتی دژی (زولفیقار عەلی بۆتۆ) بەهاوکاری جەنەراڵ (زیائولحەق-زیاء الحق) لە ساڵی (١٩٧٧) و دواجار لە ساڵی (٢٠٢٢) لە ڕووخانی سەرۆک وەزیران (عیمران خان) لە ڕێگەی حزبە ئیسلامییەکانەوە، بۆیە ڕۆڵی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕووداوەکانی ئێستای بەنگلادیش بەدوور نییە، چونکە ئەم وڵاتە بەشێکە لە هەرێمێک کە دەوڵەتانی چین و هیندستان و ئەمریکا کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

لە ساڵی (١٩٧٥) تا (١٩٩٠) لە بەنگلادیش (٢٩) کودەتا و دژە کودەتا ڕوویدا و سیستەمی پەرلەمانیش هەڵپەسێردرا، بەڵام کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بووە هۆی سەرهەڵدانی دۆخێکی نوێی جیهانی، کە جەنەڕاڵەکان ناچاربوون دەسەڵات ڕادەستی حزبەکان بکەن، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هەردوو حزبی سەرەکی (حزبی عەوامی بەنگلادیش. BAL) و (حزبی نیشتمانی بەنگلادیش. Bangladesh Nationalist Party) بۆ فشار خستنە سەر جەنەراڵ (محەمەد حسێن ئەرشەد) بۆ دەست لەکار کێشانەوە، ئەویش لە کانوونی دووەمی (١٩٩٠) دەستی لەکارکێشایەوە. یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەنگلادیش لە سەرەتای ساڵی (١٩٩١) ئەنجامدرا و (حزبی نیشتمانی بەنگلادیش-BNP)، کە حزبێکی ناسیونالی لیبراڵی کۆنەپارێزە لە یەکەم هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سەرکردەکەی (خالیدە زیا-خالیدة ضیاء) بوو بە یەکەمین سەرۆکوەزیرانی ژن لەو وڵاتە لە ساڵی (١٩٩١) تا (١٩٩٦).

لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی (١٩٩٦) (حزبی عەوام-BAL) سەرکەوت و (شێخ حەسینە) سەرۆکی حزبەکە بوو بە دووەم ژنە سەرۆکوەزیر لەو وڵاتە.

بەڵام (خالیدە زیا)، سەرۆکی (حزبی نیشتمانی-BNP) لە خولی سێهەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی (٢٠٠١) جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و تا ساڵی (٢٠٠٦) جارێکی تر بووەوە بە سەرۆک وەزیران.

بەم شێوەیە ئەگەرچی ئەم دوو حزبە و ئەم دوو ژنە لە سەرەتادا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا دژی حوکمڕانی جەنەراڵەکان هاوپەیمان بوون، بەڵام نەیانتوانی لە هەڵبژاردنەکاندا ببنە هاوپەیمان و حکومەتێکی هاوپەیمانی هاوبەش پێکبهێنن، چونکە ڕوانگەی سیاسی و ئابووری جیاوازیان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا دەستاودەستی دەسەڵاتیان دەکرد.

(شێخ حەسینە) لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨) جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)ەوە هەمدیسانەوە بوو بە سەرۆک وەزیر. لە سێ خولی داهاتووشدا (٢٠١٤)، (٢٠١٨) و (٢٠٢٤) سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە و بۆ ماوەی (١٥) ساڵ لەسەریەک سەرۆکوەزیر بووە تا ڕووخانی دەسەڵاتەکەی لە (٥-٨-٢٠٢٤).

## پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی

(شێخ حەسینە) لە ماوەی (١٥) ساڵی دەسەڵاتدا توانی هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە بەنگلادیش کۆنترۆڵ بکات، هەموو بەرپرسە باڵاکانی دەزگای ئیداری و سەربازی و ئەمنی و دادوەری دەوڵەتی بە کەسانی نزیک لە بنەماڵەکەی سپارد و چالاکییە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سنووردار و بەرتەسک کردەوە، لەنێویاندا (حزبی نیشتمانی-BNP)، کە سەرکردەکەی (خالیدە زیا) لە ساڵی (٢٠١٨) حوکمی (١٧) ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند، جگە لە ڕاوەدوونانی ئیسلامیستەکان و دەستگیرکردنیان و لەسێدارەدانی چەند کەسێک لە سەرکردەکانیان.

ئەم فشارە بۆ سەر ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی، بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوە لیبراڵانەی کە دەیگێڕنەوە بۆ کولتوور و عەقڵییەتی دواکەوتووی خێڵەکی، یان بۆ خەسڵەتەکانی کەسایەتی و پەروەردە و ئاڵۆزییە سایکۆلۆژییەکانی ڕابەرانی حزبەکان و سەرۆکی دەوڵەت و ... هتد، ئەمە ڕەنگدانەوەی مەیلێکی گشتی دەسەڵاتی بۆرژوازییە بۆ خولقاندنی کەشێکی ئیستیبدادیانەی فیکری و سیاسی، بە مەبەستی خنکاندن و دامرکاندنەوەی نارازیەتییەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و توێژ و بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکار.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، سەرمایەداری لەم وڵاتەدا گەشەی کردووە و پەرەی سەند و لەگەڵ خۆشیدا بێکاری و هەژاری و چەوساندنەوەیەکی زۆری بەسەر چینی کرێکاردا سەپاند، کە سەرچاوەی نارەزایەتییەکی جەماوەری بەربڵاو بوو، وە دەسەڵاتی (شێخ حەسینە) بێ بەزەییانە سەرکوتی کردن. ئەم تێکشکاندنەی ئیرادەی جەماوەری ناڕازی، خۆی لە خۆیدا زەمینەیەکی لەباری خولقاند بۆ پەرەسەندن و گەشەسەندنی خوڕافاتی ئایینی، چونکە وای کرد خەڵک باوەڕی بەهێزی خۆی نەمێنێت بۆ ڕزگاری و پەنا بباتە بەر "ئاسمان" بۆ ڕزگاربوون لە زووڵمی ئەم دەسەڵاتە. لێرەوە جۆرەها دەستەجات و گروپ و حزبی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتەکەدا چالاک بوون و بووژانەوە. شایانی باسە حزبی لیبراڵی کۆنەپارێزیش (حزبی نیشتیمانی-BNP) دوای ئەوەی سەرۆکەکەیان گیرا و حوکم درا بوو بە هاوپەیمانی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی لە دژی دەسەڵاتی (شێخ حەسینە)، و ئەوەش ئەو قازانجەی هەبوو بۆ ئیسلامییەکان کە ئەوانی هێنایە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و دەرفەتی ئەوەی پێدان کە لە داهاتوودا دەسەڵات هاوبەش بکەن لەگەڵ ئەو حزبەی هاوپەیمانیان.

بەم شێوەیە ئەو حزبە ئیسلامییانەی کە لەسەرەتادا دژبە سەربەخۆیی بەنگلادیش و جیابوونەوەی بوون لە پاکستان و ئەو کاتە یارمەتی سوپای پاکستانیاندا لە کۆمەڵکوژی بزووتنەوەی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان و لەلایەن خەڵکی بەنگلادیشەوە بەچاوێکی سوکایەتییەوە وەک بەکرێگیراو سەیر دەکران، ئێستا لە سەردەمی حوکمڕانی (شێخ حەسینە)دا چالاک و فراوان بوون و کاریگەرییان لەناو کۆمەڵگادا پەیدا کردووە بەجۆرێک بوونەتە بەربەستێکی ڕاستەقینە لەبەردەم گەشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هەر جۆرە پێشکەوتووخوازییەکی کۆمەڵایەتی و هەر دەنگێکی عەلمانی و سەردەمیانە و دەیانەوێت شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بکەن و دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، وە زۆرێک لە شاعیر و هونەرمەند و نوسەری عەلمانی و ئازادیخواز دوای هەڕەشەی ئیسلامییەکان بەناچاری وڵاتیان بەجێهێشتووە و هەڵاتوون بۆ دەرەوەی وڵات.

## بزوتنەوەی خوێندکاران، شۆڕشگێڕیەتی لە شێواز و کۆنەپەرستیی لە ئاسۆدا

لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری وەک بەنگلادیشدا ڕێژەیەکی کەمی خوێندکاران سەر بە خێزانە دەوڵەمەندەکانی بۆرژوازی یان چینی ماماوەندن و زۆربەیان سەر بە خانەوادە کرێکاریەکانن و پێش تەواوکردنی خوێندنیان بەشێکن لە چینی کرێکار و کاتێکیش لە زانکۆ دەردەچن دەبنە بەشێک لە توێژ و بەشە جیاوازەکانی چینی کرێکار، بۆیە پرسی خوێندکاران پرسێکی چینی کرێکارە.

نارەزایەتی خوێندکاران ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و چینایەتی هەیە، لە قۆناغی جیاوازدا لە دەوری هەندێک پرس و داواکاری سەرهەڵدەدات، بەڵام ناتوانرێت تەنها لەو پرس و داواکارییانەدا سنووردار بکرێتەوە، دژایەتیکردنی پێدانی ئیمتیاز بە خانەوادەی جەنگاوەرانی ڕابردوو و داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی تەنها ئامرازێک بوو کە بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکەی بەنگلادیش لە ڕێگەیەوە شکڵی گرت بە خێراییەکی پێوانەیی.

هەموو مەیل و ڕوانگە فیکری و سیاسی و حزبییە جۆراوجۆرەکانی خوێندکاران بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گشتیدا یەکگرتوو بوون، لە دەوری هەندێک داواکاری، کە گرنگترینیان هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیاز پێدان و (سیستەمی بەخشینی پشک) بوو، ئەم بزووتنەوەیە لە پەرەسەندنی خۆیدا، وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات دەرکەوت.

هەموو ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەم بزووتنەوەیەدا بەشدار بوون، هەر لە ڕێکخراوی خوێندکارانی سەر بە (حزبی نیشتمانی بەنگلادیش- BNP) و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی سەر بە حیزب و گرووپە ئیسلامییەکان، تا دەگاتە زۆرێک لە ئەڵقە و مەحفەلی سەربەخۆ و گرووپی خوێندکاری لیبراڵ، ئازادیخواز، چەپ، و سۆسیالیستی، هەموو ئەم ڕەوتانە لەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا چالاک بوون، جگە لە ڕێکخراوی خوێندکارانی سەر بە حزبی دەسەڵاتدار (حزبی عەوام-BAL) کە گوێپاڵێک بوو لە دەستی دەسەڵاتدا بۆ سەرکوتکردنی خوێندکاران و لە زۆرێک لە نارەزایەتییەکانیشدا کاری توندوتیژی و چەقۆکێشیان بەرامبەر خوێندکارانی ناڕازی ئەنجامدا.

ئێستا لانی کەم ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتوو بووە لە ڕووخاندنی حکومەتەکەی (شێخ حەسینە) و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، بەمەش ئەو شتەی وەک بلۆکێکی یەکگرتوو کۆی کردبوونەوە و یەکی پێ گرتبوون لە بزووتنەوەیەکدا لە ئارادا نەما، ئیتر هەر ڕەوتێکی فکری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و حزبی هەوڵ دەدات ئەجێندای خۆی بخاتە پێشەوە و گەورەترین دەستکەوت بەدەست بهێنێت لەدوای ئەم سەرکەوتنە.

هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕووخانی حکوومەتی (حزبی عەوام-BAL)دا ڕوون بووەوە و دەرکەوت کە ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای شێوازی شۆڕشگێڕانەی خۆڕاگری و بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەڵام ئاسۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەمانای وشە کۆنەپەرستانەی هەبوو کە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دژە شۆڕش و یارمەتی کۆکردنەوەی هێزەکانی ئەم دژە شۆڕشەی دا.

ڕاستەوخۆ دوای هەڵاتنی سەرۆکی حکومەت، سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە دژایەتی خۆیان بۆ جەنەراڵەکان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا نەگرن، ئەمەش کارێکی باش بوو، بەڵام ئەوان خواستی خۆیان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە لەلایەن (محەممەد یونس) ەوە ڕاگەیاند، کە خاوەنی "بانکی هەژاران"ە و براوەی خەڵاتی نۆبڵە و شارەزای ئابووری و بانکدارییە و کەسایەتییەکی متمانە پێکراوە لە بازنەی دامەزراوە نێودەوڵەتییە ئیمپریالیستییەکاندا. بەمانایەک ئەوان چوونە پاڵ باڵێکی دژە شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی دژی باڵێکی تری دژە شۆڕش لە دەسەڵاتدا. ئەم ئاسۆ سیاسییەی بزووتنەوەی خوێندکاران کە ئەمڕۆ زاڵە، ئاسۆی (حزبی نیشتیمانی-BNP) ە، واتا ئاسۆی حزبی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی لیبراڵی کۆنسێرڤەتیڤ و کۆنە پەرستە بە سەرۆکایەتی (تاریق ڕەحمان) کە کوڕی خانمی سەرەک وەزیرانی پێشوو (خالیدە زیا) ئە.

## ئاسۆی خەباتی چینایەتی

ئەم هەموو قوربانیدان و قارەمانێتییە لەبەرامبەر دامودەزگا ستەمکارەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی لەلایەن گەنجانی کچ و کوڕی سەر بە خێزانە کرێکاری و زەحمەتکێشەکان لە بەنگلادیش، کە نزیکەی (٥٠٠) کەس گیانی خۆیان لەدەستدا، سەرەنجامەکەی لابردنی نوخبەیەکی دەسەڵاتداری گەندەڵ و سەرکوتگەر و جێگرتنەوەی بێت بە نوخبەیەکی تری سەربە هەمان دامودەزگای سیاسی دەوڵەتەکە لەم وڵاتەدا، بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە و واقیعێکی پڕ ئازارە.

ئەمە گوزارش لە نەبوونی هۆشیاری چینایەتی و حزبایەتی کۆمۆنیستی دەکات لەناو چینی کرێکار، لەگەڵ نەبوونی هەژموونی ئاسۆ و ئاواتی سۆسیالیستی و یەکسانیخوازانە لە کۆمەڵگادا. ئەمەش تەنیا کێشەی بەنگلادیش نییە، بەڵکو کێشەی هەموو وڵاتانی جیهانە و کۆمۆنیزم ڕووبەڕووی تەحەدایەکی گەورە و چارەنووسساز بۆتەوە.



**نادر عەبدولحەمید**

ئەوەی لە بەنگلادیش ڕوویدا هاوشێوەی پرۆسەی سیاسی و خەباتی چینایەتییە لە تونس کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێدا. لەم وڵاتەدا شۆڕشی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان حکومەتیان ڕووخاند و سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا داڕووخا، بەڵام نەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی حزبی لەناو چینی کرێکاردا، شۆڕشی کردە گۆڕەپانێک بۆ کێشمەکێشی ڕەوتە دژە شۆڕشە جیاجیاکانی قەومی و لیبراڵی و ئیسلامی بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و دووبارە سەروساماندانەوە بە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگای چینایەتی، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان کە نەکا دەستبەرن بۆ هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینایەتی. سەرەنجام لەڕێگەی کێشمەکێشی هەموو ئەم باڵە جیاوازانەی دژە شۆڕشەوە توانییان هەمان سیستەمی سیاسی پێشوو دووبارەبەرهەم بهێننەوە هەرچەندە بە ڕوخسارێکی نوێی (قەیس سەعید)ەوە کە درێژەپێدەری ڕێچکەی (زین العابدین بن عەلی)ە. واتا (قەیس سەعید) ئاکامی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕژێمی پێشووە لەلایەن بۆرژوازی تونسەوە، هەروەک حاڵەتی میسریش جەنەراڵ (عەبدولفەتاح سیسی) و گرتنەدەستی دەسەڵاتی ئاکام و بەرهەمی گێڕانەوەی ڕژێمی (حوسنی موبارەک) بوو لەلایەن بۆرژوازی میسرەوە لە دوای شۆڕشی (٢٥-کانوونی دووەمی ٢٠١١).

ئەوەی لە بەنگلادیش ڕوویدا، دووبارەبوونەوەی هەمان گواستنەوەی دەسەڵات بوو لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا لە نێوان هەردوو باڵی دژە شۆڕشی بۆرژوا ناسیۆنالیست نیولیبراڵی کۆنەپەرستانە، واتە لە نێوان (حزبی نیشتیمانی-BNP) و (حزبی عەوام-BAL)، بەڵام ئەمجارەیان بە دوو جیاوازییەوە؛ یەکەمیان دەستاودەستی دەسەڵاتەکە لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی پەرلەمانییەوە نییە، بەڵکو لەڕێگەی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوەیە کە بەدوایدا هەڵبژاردن بۆ گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات بەڕێوەدەچێت، وە دووەمیش بەپێچەوانەی مێژووی پێشووی وڵاتەوە کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەبەرچاوی جەماوەر قێزەون و ناشیرین بوون، ئێستا بوونەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەنگلادیش، و پێدەچێت ئەمجارە قورساییەکەیان ڕەنگ بداتەوە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا.

ئەم پرۆسە مێژووییە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ڕوونە، ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری ڕوویداوە و (حکومەتی بەنگلادیش)ی ڕووخاند، هەر زوو دەمودەست بۆرژوازی ناوخۆییش بە هاوکاری بۆرژوا ئیمپریالیستی نێودەوڵەتی، بە خێرایی کەوتنە خامۆشکردنی دۆخی شۆڕشگێڕانە و ڕاگرتنی جەماوەری ستەملێکراو و بێکار و برسی وڵات لە چاوەڕوانیدا بە هیوا و ئاواتێکی درۆینەوە کە گوایە حکومەتی کاتی (محەممەد یونس) لە سێ مانگی داهاتوودا ڕێگا خۆش دەکات بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و بەدبەختییەکانیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی پێشوەختەوە بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن "ئازادانە" دەنگبدەن لە هەڵبژاردنێکی "پاک و بێخەوش و دادپەروەرانە"دا! و حکومەتێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن لە حزبێکی تر یان هاوپەیمانی چەند حزبی تر پێکەوە، یان حکومەتێک لەو تەکنۆکراتانەی کە خزمەتکاری دامەزراوە ئیمپریالیستییە جیهانیەکانن، بۆ درێژەدان بە هەمان سیستەمی ئابووری و سیاسی کە تا ئێستا نەهامەتی و بەڵای بۆ هێناون!

سێ مانگ کەشوهەوایەکی سیاسی تاڕادەیەک کراوە لەئارادایە لەبەردەم چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەن و هێزی خۆیان کۆبکەنەوە بۆ پێکهێنانی جەمسەرێکی چینایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پەکخستنی هەموو ئەم درامایەی کە لەسەر شانۆی بۆرژوازی پێشکەش دەکرێت. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە لە ماوەی ئەم سێ مانگە کورتەدا کە حکومەتی کاتی دیاریکردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، تا ئەوانەی دوێنێ لە ئۆپۆزسیۆن بوون ئەمڕۆ هەڵبژێردرێن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بۆ پاراستنی هەمان سیستەمی سیاسی چینایەتی، بەڵام کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار لە بەنگلادیش هیچ چارەسەرێکی ڕیشەیی دیکەیان نییە جگە لەوە کاری جدی بکەن لەسەر ئەم ستراتیژە.

بۆ لاپەڕەی ١١

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و
جەمال کوشش

# تەنیایی




شیعری : سروە ساڵەیی

تەنیایی پاڵتۆیەکی گەرم وگوڕە
زۆرەهاجار لە چلەی هاوینیش دەیپۆشم
هێندە سۆزی دووریتم پێدەبەخشێ
سارد ،سارد کەللەی گەرمم دەتەزێنێ ،
لەبڕی هەمووان یادەوەرییەکانت بەئاگام دێنێ
دوگمەپچڕاوەکانی ڕۆژگاری بێمروەتیت؛
سرکە نیگای بە ئەسپایی و
ئەوینی ترازاوی پەنهانیت ،
کەلە نێو مشتەکانی ئاوێزانبوون دەپرژێ
خولیابوونتم کاڵ دەکەنەوەو
بێباکانە تەمەن تێدەپەڕێ.
کە نەبوونیت تەنگم پێهەڵدەچنێ؛
لەنێو گیرفان و چەنگ و ژوورە ڕەقهەڵاتووەکەم
یەک لە دوایی یەک لەحەژمەتا
شیعری خاو لەخورێنی دەکرۆژم ،
هەر بەتەنیاش ژان دەمگرێ
بێ شفت وژێ لە سووچێکی ماڵەکەم
سەتەها وشەی ئاوێتەکراو بەناوت دەئەفرێنم و
برینەکانم بێ نۆژدار سارێژ دەکەم.

دیواریش بم ،
جاروبارە بۆ سێبەری بوونت عەوداڵ دەبم
قەدەرێکە بێ هیچ هۆکارێک خۆت ونکردووە
نەک هەر من کۆڵانەکەشمان تایی داگرتووە
دەرگای حەوشەمان دەستی دەلەرزێ و
گڵۆپە گەورەکەی بەردەرگا تا سپێدە
چاوەکانی ئەبڵەق بۆ هاتنت چاوەڕێیە و نابۆرژێ
ڕۆژ ژمێرەکەمان هێندە بەتاسەوە بۆ نەهاتنت
هێڵکاری شینی پێداهاتووە
ئازاری نەبڕاوە و
ڕووشانی قەبەی لەناخەوە لە خۆ گرتووە
نە هیچ هەتوانێک،
نەهیچ نۆژدارێک،
ئەو برینەی پێ سارێژ نابێ،
بەدبەختی تاکە هاوڕێیە بۆ هەتا دەستی ماندووم دەگرێ شەوەزەنگە،مانگ زیزبووە
ئەستێرەکان مۆرەی دووریتم لێ دەکەن
تا دەرنەکەوی ،ئاسمان نابێتە کراسە جورجێتەکەی دایکم
پڕ لە گوڵە مێخەک نابێت
وشە دەرگای زیندان لەخۆی دادەخا،
بۆ هەتا لە قەفەزی سینەم گێژ دەبێت و
هاتوچۆ دەکا
شەو و ڕۆژ دەبنە یەک گەر نیگاکانت چرای ژیانم بۆ هەڵنەکا
... دڵ ناسرەوێ ،

نە سوکنایی دێ شەپۆلی هاتنم بۆلات ونەگەڕانەوەم بە پێ،دێوانەئاسا شەیدات بووە ،جڵەوناکرێ بیروهۆشی بارگاویم لەتۆ ڕۆژ هەڵنایێ،شەو بۆ هەتا ڕەشماڵی بێداریم لێهەڵدەدا ... نە هاتنم بێهۆدا نیە دەشزانم هاتنی من هیچ لە تەمەنی ئەوین زیاد وکەم ناکا نوقورچی غەم ،نسگرەی نەبوونیت پەرۆشترم دەکا وەرە با بۆجارێک ئەوین سەر لەکەل دەرکا، با ماری شەویش لەسەر ڕێگا پەپکە بدا، گەر ڕۆژگاری تەمەن کورتی هێنا دەستی هاتنت دەگرم لەژێر نزاری ئەوینا،بەدەم گیانکێشانەوە تا دوا هەناسە مەستی نیگا و هۆگر بوونت ئۆقرەم دەدا... دەزانم تۆ شنەبایەکی بێ وادەی بەیانییەک بەهاتنت ئەژنۆی زمانم دەشکێنیت ،پەیکەرئاسا سارد وسوڕ لەبەردەمت گاگۆڵە_ی ناوتم پێدەکەی ژوورەکەم پڕ لە عەتری هەناسەت و شۆستە وشەقامەکان پڕ لە سروەی بەیان دەکەی دەریا گەرووی وشکی دووریتی تەڕ دەبێت دڵۆپ دڵۆپ لەجاران شیرینترم دەکەی... قەولی هاتنت ئومێدێکە پەریشانیم وردوخاش دەکا تەمەن لە ئاوابوونە ،خۆری هیوام پەرش وبڵاو وەرە با غونجەی نە پشکۆی ئەمرۆم لە لاجانگت بێتە گوڵ وەرە با دەستی تەمەنێک لە خۆزگە بەردەین ،هەتاوی ئەوین لە ئاسۆی هەردوکمان هەڵکەین ... بۆ هاتنت بێ ئۆقرەم لەمولولە وشادەمارەکانم هێزی بەرهەڵستکاری دژە لەبیرچوونتم ڕشتووە، لە کەلەبەرەکانی بیروهۆشم تا هاتنت سوێندی بێداریم خواردووە، لە نیونیگام خەو سەری خۆی هەڵگەتووە زمان لاڵی بێ تۆیی ،غەم سەرتاسەر گەڵاڵەی ڕۆژەکانی کردووە...

# سێوەکەی دڵی من و مێخەکی ئازار




شیعری : ئیمان یادەوەر

چیتر ناتوانن ئەم وشانە لەسینەمدا بژین
چاوانم پڕلە فرمێسکی سووری ئەم ڕۆژە ڕەشانە
ئێستا دڵێک بەبەردەوامی
بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە
قیبلەیەک نییە ڕووی تێبکات !
ئیتر چۆن نزاکانم،
ڕێگاکانی قەبووڵ بوون دەدۆزنەوە؟
لێرە بڕۆ ئاوڕ مەدەوە
ئێمە گوناهێک بووین بەبێ پرسی خۆمان
ئێمە چیرۆکێک بووین پڕلە ترسی ئەوان
مەمێنەوە ئیتر ئەو ڕێگەیەی نەگەیشتە هیچ کوێ
با کەس نەزانێت ڕێگە بووە
با کەس پێیدا نەڕوات و بگاتە هیچ !
من ئیتر وەک ئاوێنە بەرامبەر تەنیاییم دادەنیشم
بەتاڵەکانی پرچی بڕاوم ئەو برینانە دەدوورمەوە
وەک وشە هاتن و
وەک چەقۆیەک بەجێمان .
ئەو گۆرانییەی دەبوو ناومان بەشاردا بگێڕێت
لەقووڵایی بێدەنگیدا سەری نایەوە.
ئیتر منیش کەمانێک دەکەم بەهاوسەفەرم،
فێری دەکەم .. هاوار و نرکەی هەموو ئەو شەوانە بژەنێت
کە وەک کۆترێکی بریندار
بەدیار دووری لانەیەوە دەتلایەوە .
مۆسیقانەبێت؟ کێ دەتوانێت
لەسەر ڕیتمی دووری بژی؟
شیعر نەبێت؟ کێ دەتوانێت

ئەم کۆڵی مەینەتە هەڵبگرێت!
فەرامۆشی نەبێت ئەم یادەوەرییانە وشک نابنەوە.
چیتر لەسەر پێستم نەخشەی ئەوینێک ناکێشم
منی خستە ئەودیو جوگرافیایی ئومێدەوە .
ئیتر بڕۆ ئێمەیان نزیک کردەوە
تا ڕۆژێک دووربکەوینەوە
ئێمەیان دوورخستەوە تا ڕۆژێک یەک بسڕینەوە
ئێمەیان سڕییەوە تا ڕۆژێک یەک نەبینینەوە.
بچۆ سەر ئەو ڕێگەیەی قافڵەی دڵخۆشی ئەوی دێتەوەسەر
لەپەلکەزێڕینە تارایەکی بۆبچنە،
ئەم شەوە ڕەشانەی لەژێردا بشارێتەوە.
سەمابکە بۆی، با تۆوی ئەو بەڵێنانەی چاندمانن
لەژێر پێیەکانتدا سەوز نەبن .
منیش لەو بەڵێنانەی جێماون
تابوتێک دروستدەکەم
بۆئەوەی هەرکات بەڵێنیان پێدام
مردنم بیربکەوێتەوە .
دەزانم تۆ ئیتر دەستی درەختێک دەگریت
تەنیا شەوێک هێلانەی ڕازت تێدا دروست نەکردووە
لەکانیەک دەخۆیتەوە
تەنیا ڕۆژێک بۆ تینوێتی تۆ نەبووە بە دەریا .
دەزانم نوێژی وەفا لەسەر بەرماڵی ئەڤینێک دادەبەستیت ،
کەتەنها شەوێک دەستی نزای پڕنەبوو لەفرمێسک بۆت.
بەڵام ئەم پشتتێکردنە نەبووایە
چۆن بمزانیبایە ڕووم لەکوێیە ؟
ئەم ڕۆشتنە نەبووایە چۆن زانیبام لەکوێدا وەستاوم.
دەزانم چارەنووس ئەوە دەخوێنێتەوە کە ئێمە نەمان نووسیوە.
مندالێم ترس ڕاوی نا تابەردەم ماڵی گەورەبوون
گەورەبوونم ئەڤینێک ڕاوی نا تابەردەم ماڵی پیری
پیری دواین کتێبی منە خودا تێیدا دەنووسێت.
بەڵام سوێند بەقاوەیی چاوە هەنگوینیەکانت
کەمنیان خستەنێو تاڵی ئەم ڕۆژگارە
تۆ دەڕۆیت و مردن ئەم چیرۆکەم لەگەڵدا تەواو دەکات
چیرۆکێک ئەوان نووسیان و نەیانهێشت ئێمە تا کۆتایی بیخوێنینەوە.
بەڵام ئیتر بۆ هەمووشتێک زۆر درەنگە
وەک کراوەیی چاوی ئەو مردووانەی
بەپەنجەرەی چاوەڕوانییەوە وشک بوونەوە و
پەیامێک نەهات و ئەجەلیان هات .

# بازگە



شیعری : ستار ئەحمەد

تیشکی چاوت تەلیسمی هەناوی من بوو
بەدەم شنەی باوە فڕی
چوون کلوە بەفر دەهاتە خوار
لەسەر لووتکە هەڵدەپەڕی
چەندین شەوان؛ سروشتی کردە گوڵە لۆکە
هەتا دەهات سەر زەمینی خڕ داپۆشی
زاری سەرما نەهاتە گۆ
گەرمیی عەشقمان بەسەر لاشەی چیایەکەوە
وێنەکێشی ڕووگەی خەم بوو
نەمانی ترس بەرۆکی تاریکی گرت و
گوڵە ئەستێرەی شەوانە کەم کەم نەوی
لەهەور دابڕا بۆ زەوی
گریەی چرۆ لەژێر کڵاوی دڵۆپەدا
خزا لەپاڵ بەردی سوورا
جۆگەلەی جۆش هاتە بزوان
باڵندەی تەزیوی دوان
هەڵچوونەوەی کانیلەکان
بەفری دەمیان نەخشەیەک بوو بۆ نیشتمان
گازندەی برووسکەی ئاسمان
دەنگی تاسا لەگەواڵەی پرچی هەورا
دیمەنەکان چەتری ڕووناکیان هەڵکرد
لێزمەی باران لەگەرووی بادا وشکی کرد
توانای بەفر لەبارەشا
تەرمی خۆری لە باوەشدا
ساتە چرپەی ئێواران بو
و تەلبەندی بازگەی ژوان بوو
هەنسکە ماچی داباران
تیشکە بای سروشت داگیرسا
پەری دەریا لەلانکەی ئاودا ڕووت قووت
لەخەوی بێداری هەڵسا

# گیرفانی بەتاڵ، تەوێڵی بەرز

شیعری : نەوزاد مدحەت


لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر،
منیش هەڵدێم لە ماڵی خۆم
شانم چەماوە لە ژێر قورسایی فاتورەی کەڵەکەبوو
خەونەکانم وردوخاش،
هیوا کزدەبێت، بەڵام ناشکێت.

مەچەکەکانم لە پشتم پڕ ئازارتر،
لە بەرزکردنەوەی سامانی خەڵکی تر،
سامان وەبەر دێنم سەدان جار لە باڵای خۆم بەرزتر
کەچی چەقیوم لە پنتێک، هەرچەندە دەمەوێت بفڕم.

ژمارەکانی ئەژماری بانکییم ناگۆڕێن
هەرچەندە کاتەکانی ڕۆژ درێژتر دەکەمەوە،
شەوەکانیش کورت
هێشتا هەڵدەستم و بەڵێن دەدەم:
هەر دەبێت من براوەبم لە کاتژمێرە نەبڕاوەکانی کار.

نەشکان لەم ئێسکانەدا دەژی،
هەرچەندە هەژاری لە دەرگام دەدات،
من لەوە زیاترم کە هەمە
نرخی من لە سامانم گەورەترە.

هەر هەنگاوێک کە دەینێم شوێنەواری جێدێڵێت،
هەر سرودێ بۆ یەکسانی کە دەیچڕم
سەدای نەبڕاوەیە بۆ هەمیشە
هەرچەندە دادپەروەری دیار نامێنێت،



ڕۆحم هێشتا بە کەللەڕەقی پێدەکەنێت.

خەباتی من بەردەوامە،
ئاسوودەیی وەک ئەستێرەیەکی دوور دیارە،
سەرم بەرز دەکەمەوەو دوور دەڕوانموەک هەمیشە،
هێشتا شانازی دەکەم بەوەی من کێم و چیم.

# دوو کورتەشیعر



شیعری : ناسیح ئەدیب

## تابلۆی نەخۆشخانە

لە بێباکی تۆدا
لە خۆم دوور دەکەومەوە
تا خۆم نەبینمەوە
لە هیچ تابلۆیەکی ئەم ڕۆژگارەدا
تا جێگە خاڵی بوونم
ئەوەت پێبڵێ
هیچ کەسێ ناتوانێ
جێگەی کەسێکی تر بگرێتەوە و
شێوەی بچێتەوە سەر ئەو.
٢٩ ی تامموزی ٢٠٢٤


## دایکم

دایکم بە یانییەک دەڕوا
لهگەڵ گزنگدا ئێوارەیەک نایەتەوە
لەگەڵ زەردەپەڕا
بۆنی گوڵەباخ و
گوڵەمێخەک بێنێتەوە
تا لەبەدەرگەی
ماڵی گوڵە هێرۆکاندا دابنیشێت .
پشوویەک با
بێ بەزەییانە کۆرۆنا دەستی مەرگ
لەیەخەی ژیان گیر دەکا
بۆماڵی گۆڕستانی دهبا.
١٥ ی نیسانی ٢٠٢٤

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دەربارەی کتێبی فەلسەفە - 100 بیرمەندی بنچینەیی

**نووسینی : شلێر ڕەشید**
**١٠ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤**




دەمێک بوو بۆ کتێبێکی لەمجۆرە دەگەڕام، کە لە ڕێگەیەوە بتوانم بچمە ناو دنیای فەلسەفەوە، ئەو ئاڵۆزی و تەمومژەی فەلسەفەم لا ڕوون بێتەوە. خوێندنەوەی کتێبێکی لەمجۆرە بۆ کەسێک کە تازە ئاشنا دەبێت بە فەلسەفە بەڕای خۆم باشترین هەلە، من بۆخۆم لەڕێگەی ئەم کتێبەوە توانیم تاڕادەیەک بەرچاوم ڕوون بێتەوەو بتوانم بچمە ناو دنیای فەلسەفەوە.
چۆن بەم کتێبە ئاشنا بووم؟
لە ڕۆژی جیهانی فەلسەفەدا کە دەکاتە سێیەم پێنج شەمەی مانگی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک، وەکو هەمیشە ئۆنلاین بۆ کتێب دەگەڕام، لەهەمان کاتیشدا دەمویست بزانم وڵاتی کەنەدا بۆ ڕۆژی جیهانی فەلسەفە چی هەیەو چی دەکات، پەیامی بۆ ئەم ڕۆژە چییە. ئەم کتێبەم بەرچاو کەوت "فەلسەفە، ١٠٠ بیرمەندی بنچینەیی لە نووسینی فلێپ ستۆکس. ئەمە ڕێک ئەو کتێبەیە کە ماوەیەکی زۆربوو بۆی دەگەڕام. هاتنی پەتای کۆڤد و کارکردن لەماڵەوە و گەڕانەوەی ئەو کاتانەم کە بە هاتووچۆوە بۆ سەر کار دەڕۆیشت. هەلێکی باشی بۆ ڕەخساندم کە چەند جارێک کتێبەکە هەمووی بخوێنمەوەو وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە ٣٥٦ لاپەڕەیە، ناساندنێکی کورت و چڕە بۆ ١٠٠ فەیلەسوف بۆ ناساندنی هەر فەیلەسوفێک دوو تا سێ لاپەڕە تەرخان کراوە. هەروەها فەرهەنگۆکێکی ٧٠ لاپەڕەیی لە کۆتایی کتێبەکەیە.

بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن دوو هەفتە یان شەش مانگم تەرخانکرد بۆ وەرگێڕانی فلان کتێب، ئەم وەرگێڕانەی من وەرگێڕانێکی لەسەرخۆیە و پەلەم تێدا نەکردووە، لەگەڵیدا ئەو بابەتانەم خوێندووەتەوە کە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەکەوە هەبووە، دووبارە سەیری ئەو فیلمانەشەم کردووە کە لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە. دەربارەی سەدەی ناوەڕاست و ئەو ماوە مێژووییەی دەکەوێتە نێوان سەدەی پێنجەم بۆ سەدەی پانزەهەمی زایینی، لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی دەستی پێکردووە تاکو سەدەی ڕاپەڕین. سەدەی ناوەڕاست دابەش دەکرێتە سەر سێ زەمەن: سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی. لە ١٥١٧ لە ئەوروپا کۆتایی پێهات.

فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بە یەکێک لە گەشەسەندووترین سەردەمی فەلسەفی دادەنرێت کە بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەبووە. یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکانی ئەم سەردەمە، تۆمەس ئەکوینەسە هەرگیز خۆی بە فەیلەسوف دانەناوە و ڕەخنەی لە فەیلەسوفەکان گرتووە کە هەموو کاتێک کەمترخەمییان هەبووە و تێنەگەیشتوون لە ژیری و دانایی ڕاست و درووست. تۆماس ئەکوینەس و پیتەر دامیان پێیان وابووە فەلسەفە لەخزمەتی ئایندایە و نۆکەری ئیمانە، سەرەڕای ئەم تێڕوانینانە، ڕێگری دروست نەبووە لەبەردەم فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست لە پەرەسەندن و نوێکردنەوەی فەلسەفەی جیاواز لە پرۆژە ئایینیەکان. بۆ نموونە، بیرمەندانی وەک ئۆگستین هیپۆ و تۆمەس ئەکوینەس سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا لە بابەتەکانی فەلسەفەی کاتیی و دەرەوەو ئەودیوی سروشت (مێتافیزیک)، ئۆگەستین قەشەیەکی مرۆڤدۆست بووە. فەلسەفەی ڕۆژئاوا نەریتێکی مەزن و دوورودرێژی هەیە، درێژدەبێتەوە بۆ نزیکەی شەش سەدە پێش لەدایک بوونی مەسیح. ١٠٠بیرمەندی بنچینەیی ١٠٠ لە مەزنترین فەیلەسوفانی دنیا دەخاتە ڕوو، هەروەها دیاری دەکات هەریەکە سەربە چ قوتابخانەیەکی فکرین. دەتوانیت بە شێوەیەکی باش پێی بگەیت، ئەمە کتێبێکە فکری فەیلەسوفە گەورەکان و کلتووری فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی دیارو ڕوون و بەتەواوەتی دەخاتەڕوو، کاری تاک بە تاکی فەیلەسوفەکانە بۆ ئەوانەی یەکەمجاریانە بێنە ناو بابەتی فەلسەفەوە. کتێبەکە بەپێی قوتابخانە فەلسەفییەکان پۆلێن کراوە، لە قوتابخانەی پێش سۆکراتەکان ساڵی ٦٢٠ واتا لە تالیس ملاتسییەوە دەستپێدەکات تاکو زانا نوێیەکان ساڵی ٢٠٠٠ بە ویلەرد ڤان ئۆرمان کواین کۆتایی دێت. بۆ من ئەم کتێبە کتێبخانەیەکی بچووکە، جگە لەو ١٠٠ فەیلەسوفەی کە لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسراوەو ئاماژەی پێدەکات، ناوی کۆمەڵێک فەیلەسوف و کتێبی ترت بەرگوێ دەخات. دوو فەیلەسوفی ژن لەخۆ دەگرێت، سمۆن دیبوڤواغ و مێری شەلی. ئەم کتێبە ئەرکی خوێندنەوەی لەسەر زیاتر کردم و کتێبی زیاتری پێکڕیم و کتێبخانەکەمی گەورەتر کردەوە، ئەرکی ڕێکخستنی ماڵ و میوانی لەسەر کەم کردمەوە ، ئەم کتێبە پێی دوتم کاتەکەت بۆ من تەرخان بکە، واز لە ماڵ ڕێکخستن و میوان بێنە. بۆم گرنگ بوو دەربارەی وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەش بزانم، لە یوتوب چەندین باس دەربارەی شیکردنەوەو ناساندنی تابلۆی سەر کتێبەکە هەیە. هەروەها لەگوگڵ بەدواداچونم بۆ کردووە تاکو بزانم ئەو تابلۆیە چییەو کەسەکانی سەرتابلۆکە کێن، بابەتێکیشم دەربارەی تابلۆی سەربەرگی کتێبەکە لە گۆڤاری هانا بڵاوبووەوە.

لەم کتێبەدا قوتابخانەکان بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێن کراون،

**پێشسۆکراتەکان The Presocratic**
- تالیس ملاتسی
- فیثاگۆرس سەیمۆسی
- زینۆفەین کلافنی
- هرڕاکلەتس

**ئیلیاتسەکان The Eleatics**
- پەرمەندس ئەلیپایی
- زینۆ ئیلیپایی

**ئەکادیمییەکان The Academics**
- سۆکرات
- پلاتۆ
- ئەرەستۆ

**ئەتۆمستەکان The Atomists**
- دیمۆکریتۆس
- ئەپیکیورس

**سنەکسەکان، ڕەشبینەکان The Cynics**
- دایاجنیس سنۆپی

**ڕەواقییەکان The Stoics**
- مارکوس تولییە چیچرۆ
- فیلۆ ئەلکساندەریایی
- لوسییەس ئەنایۆس سەنەکا
- مارکس ئۆرلییەس

**سکالاکارەکان The Sceptics**
- سەکستز ئمپیرەکەس

**نییۆپلاتینۆس The Neoplatonists**
- پلۆتینۆس

**کرستیانەکان The Christians**
- سەین ئۆگەستین هیپۆیی
- بەویثییەس

**سکۆلاستەکان The Scholastics**
- سەین ئەنسەلیم
- سەین تۆمەس ئەکوینەس
- جۆن دۆنز سکۆتس
- ولییەم ئۆکام

**سەردەمی زانیاری The age of Science**
- نیکۆلاس کۆپەرنیکەس
- نیکۆلاس ماکیاڤیلی
- دەسەدەریەس ئەراسمەس
- تۆمەس مۆر
- فرانسس باکۆن
- گالیلۆ گالیلی
- تۆمەس هۆبس
- سر ئایزک نیوتن

**ئەقلانییەکان The Rationalists**
- ڕینەی دیکارتس
- ئەنتۆن ئارنۆڵد
- نیکۆلای مالیبرانش
- باروخ بەنەدک دی سپینۆزا
- گۆتفرێد ڤۆن لیبنز

**ئەزمونگەراکان Empiricists**
- جۆن لۆکس
- دەیڤد هیوم
- تۆمەس ڕید
- ڤۆڵتێر
- ژان-ژاک ڕۆسۆ
- دەنیس دیدرۆ

**ئایدیالستەکان The Idealists**
- جۆرج بارکلی
- ئیمانۆئێل کانت
- یۆهان کرستۆف شیلەر
- فریدرک وێلهم شلینگ
- جۆرج هیگل
- ئارثەر شۆپنهاوەر

**لیبراڵەکان The Liberals**
- ئادەم سمث
- مێری وڵسنکرافت
- تۆمەس پەین
- جرمی بەنثەم
- جۆن ستوورت مێڵ
- ئۆگەست کەمتی

**پێشکەوتوخوازەکان The Evolutionists**
- چارلس داروین
- هنری لویس بێرگسن
- ئەلفرێد نۆرث وایتهێد

**پراگماتستەکان، مذهب عملی The Pragmatists**
- ئرنست ماخ
- چارلس پیرس
- ولییەم جەمس
- جۆن دوی "د- وی"

**ماتریالستەکان The Materialists**
- کارڵ مارکس
- فردریک ئەنگڵس
- ڤلادمیر ئلتش لینین
- سگمن فرۆید
- کارڵ یەنگ
- جۆن مەینەر کین

**بونگەراکان، وجودییەکان The Existentialists**
- سۆرین کرکەگارد
- فریدریک نیچە
- ئەدمن هاسرەڵ
- مارتن هایدگەر
- ژان پۆل سارتەر
- ئەلبێرت کامو
- سیمۆن دۆ بوڤوار

**لانگویستەکان The Linguistic Turn**
- گاتلب فریگ
- برترن ڕەسڵ
- لودڤگ ڤگنشتاین
- فێردیناند دۆ سۆسیور
- جۆرج هاوەرد مور
- مۆردتز شلک
- لەڤ ڤایگاتسکی
- ڕودۆلف کارناپ
- ئەلفرێد جولس ئێر
- ئەلفرێد تارسکی
- جۆن لەنشا ئۆستن
- گلبرت ڕایل
- نۆم چۆمسکی

**پۆستمۆدرنەکان The Postmodernists**
- کلاود لەڤی ستراوس
- میشێل فۆکۆ
- ژاک دیرێدە

**زانا نوێکان The New Scientists**
- ئەمیل دورکایم
- ئەلبێرت ئاینشتاین
- کارڵ پۆپەر
- کورت گۆدڵ
- ئالن تۆرین
- برس فردرک سکنەر
- تۆمەس کوون
- پۆل فێیربانڈ
- وێلەرد ڤان ئۆرمەن کوان

بۆخۆم بەزۆربەی ناوەکانی ناو ئەم کتێبە ئاشنابووم بەلام بەم ڕێکییە نەهاتبوونە بەردەستم. بۆ نموونە لەقوتابخانەی ماتریالستەکان ئاشنابووم تەنها بەم ناوانە مارکس، ئینگڵس، لینین، فرۆید. نەمدەزانی چەند فەیلەسوفی تر سەربەم قوتابخانەیەن. لەباسی هەر فەیلەسوفێک بە یەک دوو کتێبی ئەو فەیلەسوفە ئاشنا دەبیت، یاخود بیرهێنانەوەیەکە بۆ ئەو خوێنەرانەی کە دەمێکە ئاشنان بە ناوی ئەم کتێبانە. بۆ نموونە:

مارکس سەرمایە، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست

ئەفلاتون کۆمار

سمۆن دۆ بوڤواغ ڕەگەزی دووەم، ئەثیکی تەمومژاوی

ژان پۆڵ سارتەر بوون و نەبوون, زەمەنی ئەقڵ

ئەلبێرت کامو ئەفسانەی سیزیف، نامۆ، بێگانە، تاعون

بێرتراند ڕەسڵ مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا

لەد وگ وڤگنستاین لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان

کانت ڕەخنە لە ئەقڵی پەتی

بەبیانووی گەڕان بەدوای ئەم فەیلەسوفانەدا، زۆر کەسایەتی ترو کتێبی ترت بەرچاو دەکەوێت و پێیان ئاشنا دەبیت، زۆر وتەی فەلسەفیت بەرچاو دەکەوێت کە پێشتر بیستوتن و نەتزانیوە نووسەرەکانیان کێن. هەست دەکەیت جیهانێکی گەورە لەناو ئەم کتێبە بچووکەدایە، فکری فەلسەفی هەر فەیلەسوفێک لەوانەو تێزەکانیان و چەمکەکان وکارەکانیانت پێ دەناسێنێت. هەروەها ئاشنا دەبیت بە کۆمەڵێک فیلمی فەلسەفی، هەرچەند ئەم فیلمانە تازە نین، بەلام هەمیشە شتە کۆنەکانیش هەر تازەن بۆ ئەوانەی کە تاکو ئێستا ئاشنا نەبوونە پێیان لەوانە: گەمەی لاسایی کردنەوە، شکێنەری کۆدی ئینەگمە، جەنگی تەڕوادە، مەثەلۆجی گریکی ئەکیڵ.

دەستبردن بۆ ئەم کتێبە کۆمەڵێک پرسیارت لا درووست دەکات و هانت دەدات دەست بۆ کۆمەڵێک کتێبی تر ببەیت وبیانخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەت دەستکەوێت کەنایانزانیت. وەک : فەلسەفە چییە؟ گرنگی خوێندن و تێگەیشتن لە فەلسەفە چییە؟ فەیلەسوف کێیە؟ فەلسەفاندن چییە؟ پرسیاری فەلسەفی چییە؟ گرنگی وتە فەلسەفییەکان چییە؟ چ گرنگییەک لەپشت ئەو وتە فەلسەفییانەوە هەیە؟ دامەزرێنەرانی فەلسەفە کێن؟ فەلسەفە لە کوێ و کەی سەری هەڵداوەو بەرەو کوێ چووە و بەردەوامی هەبووە؟ لەپاڵ خوێندنەوە دەربارەی هەر فەیلەسوفێک بە کۆمەڵێک فەیلەسوفی تر ئاشنا دەبێت کە لەژێر کاریگەری ئەم فەیلەسوفانەدا بوونە یان ئەم فەیلەسوفانە کاریگەربوونە بەوان. دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بە کۆمەڵێک فەیلەسوفی ترو بەرهەمەکانیان. ئاشنا دەبیت بە کۆمەڵێکی زۆر لە وشەی فەلسەفی و چەمکی فەلسەفی و تێزی فەلسەفی و وتەی فەلسەفی و ثییۆری فەلسەفی، فیلمی فەلسەفی، شیعری فەلسەفی و ..هتد زۆربەی ئەو چەمکانە کتێبێک یان زیاتریان لەسەر نوسراوە. لەوانەیە لێم بپرسن بۆچی لە وەرگێڕانی ڕۆمانەوە بۆ فەلسەفە؟ چی دەربارەی فەلسەفە دەزانێت؟ منیش دەڵێم زۆر شت هەن کە تێگەیشتنیان مەحاڵ نییە، ئەگەر بتەوێت و هەوڵی بۆ بدەیت و کاتی بۆ تەرخان بکەیت پێی دەگەیت و تێی دەگەیت، بڕواشم بە گۆڕانی پۆزەتیفە. ئەم کتێبە تەنها بە زمانی ئینگلیزی هەیە، هێشتا وەرنەگێردراوەتە سەر زمانەکانی تر، لە ٢٠٠٣ لە وڵاتی کەنەدا لە شاری تۆرۆنتۆ بڵاو کراوەتەوە.

# زەمبیل فرۆش کێیە؟

**نووسینی : حاجي عەلۆ**
**وەرگێڕانی بۆ کوردی :**

**عەبدولرەحیم سەرەڕۆ**

زەمبیلفرۆش لاوکێ فەقیرا
وەرە سەر دۆشەکا میرا




زۆربەی گۆرانییە میللییەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەسەرهات و ئەو سەرگوزەشتانەی مێژووی دێرینی بەسەردا تێپەڕیووەو کەوتۆتە بەر تارمایی فەرامۆشی. یەکێک لەو گۆرانییانەی ئێستا بە بەرفراوانی بڵاوبۆتەوەو گەیشتۆتە گوێی هەموو کوردێک.، گۆرانی زەمبیل فرۆشە؛ کە یەکێکە لە تاسەبارترین بەسەرهات و پڕ نسکۆترین گێڕانەوە لە مێژوودا، بەلام ئایا: زەمبیل فرۆش کێیە؟ دوای گەڕانێکی زۆر لە داستانە باوەکان و گێڕانەوەی دەماودەم و دەقە ئاینییەکان و دۆزینەوەی هەندێک لە سەرەداوی نزیک لە بەڵگەکان بە هەموو شێوەیەک، ئەم ناوە ناڕوونە ئێمەی ڕاکێشا بۆ ناو جیهانی گریمانەو شیمانەو ئەگەرەکان. ئێمە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجامەکان گەیشتووین کە ڕووداوگەلێکی مێژوویین هەرگیز پەراوێزناخرێن، تەنانەت ئەگەر بە بەڵگەنامەی تۆمارکراویش پشتڕاست نەکرێنەوە، وەک ڕاستییە چەسپاوەکانی تر سەبارەت بە زۆربەی برگەکانی مێژوویی و ئایینی ئێزدیەکان، کە بەهەمان شێوە گەیشتینە ئەوێ. کوڕی ڕەوال نازناوێکە نەک ناوێک بە واتای کوڕی ڕاستگۆ؛ بەجەرگ؛ شکۆمەند؛ ئازا، پاڵەوان دێت و ئەم نازناوانە دەتوانرێت بۆ هەر تاکێکی بەتواناو لێهاتوو لە ئایین و مێژوودا بەکاربهێنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئێمە بە ڕادەیەکی پێویست لە چوارچێوەی تێکستەکانی کتێبەکەماندا (فەرهەنگ لالش پانۆراما)) بە بەرفراوانی باسمان نەکردووە لەبەر ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێت لەسەر بابەتێکی لەو شێوەیە وروژێنرێت کە لەناکاو بەبێ ئاگادارکردنەوەو بەبێ بەڵگەی چەسپاو سەریهەڵداوە، هاوبار ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر نارەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە بابەتەکانی پێشوومان، کە تێیدا نزیکەی هەموو ئەو ڕاستی و ڕووداوە مێژووییانەمان پشتراستکردۆتەوە کە پێشتر بەڵگەی ئەوتۆمان لەبەردەستنەبووەو ئێمە ئاشکرامان کردووە. هەرچەندە بە دەگمەن بەڵگەی نووسراوی باوەڕپێکراو لەسەر تێکستە ئایینی و مێژوویی ئێمە بوونی هەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت و بڵاوکرابێتەوە، بەڵکو ئەوانەن کە بڕوایان بە بەڵگە نووسراوە دەگمەنەکانی ئێزیدی نییە. سەرەتا بە پرسیارێک لە یەکێک لە دانیشتووانەکەی " بۆزە کاجاک لالشەوە" دەستمان پێکرد: کێ مەهدار بۆزەی دروست کردووەو خاوەنەکەی کێیە؟ چاوەڕێم دەکرد شێخ ئادی بێت یان خەتی بەسی، بەلام لەخۆوە وەڵامی دایەوە: بەفیرۆدانی ڕاولەی کۆری. لەناکاو وەستام، چونکە ئەوەی زیاتر باوە ئەوەیە کە هەموو شتێک هی شێخ ئادییە هەروەها، لە دەستنووسەکەی ئیبن العەدەویەدا ناوی بانگخواز حسێن (خاتی بەسی)م دۆزیبووەوە، بە هاوکاری ئەحمەد الریفاعی یان شێخ ئادی دووەم، ئەو بەشداری کردبوو لە دروستکردنی شوێنەوارەکان، یان نۆژەنکردنەوەی، یان زیادکردنی بەشەکانی، بۆیە پێم وابوو ئەو خاوەنی ئەو زەوییە وێرانەیە، بە تایبەت کە قوبەیەکەی گەورەترینەو لە ناوەڕاستی ئاوە پیسەکەدایە، و تەوافی ئاوە پیسەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە ئەگەر خاوەنەکەی بێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە کوری ڕاوال نازناوی زۆربەی خەتی بەسێیە. ئەگەر پاشماوەکان لەو کۆنتر بن، ئەمە مانای ئەوەیە کە کوری ڕەوال کەسێکی ترە کە زۆر پێشی کەوتووە، جا ساسانی بێت یان دێرینتر، داسنییەکان لە ترسە تووندەکەیان ڕزگاریان بووە، بۆیە نۆژەنیان کردەوەو گۆڕەکانیشیان نۆژەنکردۆتەوە، وەک چۆن لە لالش و شەنگال و سی قوبە لە قەزای زەممار و زۆرێک لە قوبەکان لە بەعشیقە و بەهزانی و چەندانی تر، ئەوە ڕێنێسانسێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی ڕاستەقینەی داسنی بوو لە ژێر دەوڵەتی ئەیوبیدا، بۆیە ناچاربووم بگەڕێم و لێکۆڵینەوە لەم شوێنەوارە دێرینە بکەم، تا ئەو برا شەنگالییەی خەڵکی سیبا شێخ دری کە ئێستا لە کۆمەڵگەی "مەهد" دەژی، ئەلیاس ئەبو دەحام، سەرسامی کردین و گوتی: کۆری ڕەوال شا نەوشێروانە. بۆیە سەرەداوی تەوەرەکەمان هەڵگرت سەبارەت بە زانای دێرین شێخ میرزا ئەلخوتەری، ئەویش بۆی پشتڕاست کردەوە کە کوری ڕەوال زەمبیل فرۆشە، یەکێکە لە کوڕەکانی پاشاکان (کوڕی میری میسری)، پاشای میسر بوو، ئیتر بوو بە زاهید و سەرگەردان بوو؛ دوای ئەوەی ئەزرائیل لە خەودا هاتە لای و بردییە دەفرێکی قەترەی کوڵاو و پێی گوت: دونیات دەوێت یان ژیانی دوای مردن؟ ژیانی دوای مردنی گوت و لەو ساتەوەختەوە بوو بە زاهیدو وازی لە پارەو شانشینی خۆی هێناو بە وڵاتاندا سەرگەردان بوو، بە دروستکردن و فرۆشتنی سەبەتە بژێوی ژیانی پەیدا دەکرد لێرەدا دڵنیا بوومەوە کە ئەو یەکێکە لە کوڕەکانی پاشاکان و ئەندامی ئەو... بنەماڵەی ساسانی کە هەموویان لە دوای شکستی ترسناکیان لەسەر دەستی عەرەبەکان لە کاتی فەتحەکانی ئیسلامیدا پەرشوبڵاوبوون و ئەویش یەکێک نەبوو لە کوڕانی زۆرێک لە پاشا بەناوبانگەکانی میسر لە میراتی گێڕانەوەی ئێزیدیدا. ئەوانەی مەسیحی بوون کە ئاشتییان هەڵبژاردو تەنانەت لە سەرەتاوە هاوپەیمانی عەرەبانیان کردو هیچ دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ عەرەبی موسڵماندا نەکەوتبوو، بۆیە پاشا نەبوو، بۆیە پێشەنگی ئایینی (کۆکۆس یان پاتریارک) بوو دەسەڵات ئەوەی دڵنیایە ئەوەیە کە بنەماڵەی ساسانی ئەو کەسە بوو کە لە بوون سڕایەوەو ئەندامەکانی تا کۆتاییەکانی جیهان پەرشوبڵاوەیان پێکرا، زۆربەیان بەرەو خوراسان و ئەوانەی بەرەو باکووری عێراق ڕۆیشتن، لە نێو داسنیەکانیدا بەناوبانگ بوون، مرۆڤەکان ئەفسانەیان لەسەریان دادەڕشت بە هەموو شێوەو ڕەنگێکەوە کە تێیدا گوزارشتیان لەو کارەسات و ڕووداوانە دەکرد کە بەسەریاندا هاتووە، بە ئازادییەکی تەواو لە کات و شوێن، پڕ لە کەرامەت هەموویان هاوچەرخی شێخ ئادی بن موسافیر بوون، بەرەو... لالیش بە هەموو شێوەیەک لە ڕاستیدا بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکەران چوونەتە شاخەکان زۆرن و هیچیان بە نۆشیروان بەناوبانگ نییە. بەڵام ئەمە ئەو ناوەیە کە لای ئێزیدییەکان ناوبانگی دەرکردو هێندە زۆر باسی لێوەکراوە کە زۆربەیان بانگی ساسانییەکانیان دەکرد، لەنێویاندا باپیرە گەورەکەی، بەرمەندی کاوەر، کە شوێنی نیشتەجێبوونی لە ئەلجەراحیە بووە، بەلام هەموویان نەوەی بنەماڵەی دەسەڵاتدارەکەی کە هاوچەرخی ڕووداوەکانی ڕووخانی دەوڵەتەکەیان بوون، واتە دوای ساڵی ٦٣٧ی زایینی، ئێزیدییەکان بە ناوی گەورە وەک شاسوار، شێخ مەسلاح، و ئەلپیر حەسەن باسیان دەکەن ڕەوال، جگە لە دەروێش ئادەم و میر ئیبراهیم باپیری شێخ بەکر قەتانی ساسانی، یەکێکیان بە دروستکردنی سەبەتە و فرۆشتنی بژێوی ژیانی دابین دەکات، یەکێکی تریان بە ڕاوکردن دەژی تا ئاسکەکە بۆنی دەکات، یەکێکی تریش جلی شوان لەبەر دەکات و ئاگاداری مەڕەکان دەبێت، ئەوی دیکەیان تەوبە دەکات و جلی ئاسنگەری لەبەر دەکات و بە کولەمەرگی بژێوی ژیانی دابین دەکات تا چێشتلێنەرەکە لێی دەدات بەهۆی گازێکی گۆشتی گەرمەوە پێش ئەوەی چێشت لێنانەکە تەواوبێت. ئەم کارەساتە گەورەیەی بەسەر بنەماڵەی ساسانیدا هات، لەلایەن شێخ "عیاذ جمال الدین الساسانی"، لە یەکێک لە ڤیدیۆکانیدا باسی دەکات. (... بە شمشێر تاجەکەیان لێدا و بڕییان....) ئەوەی دڵنیایە سێ کچی خودی پاشا بە دیل گیراون لەلایەن موسڵمانانی عەرەبەوە، جگە لە هەزاران کچانی ئاساییەکان، ڕێک وەک ئەوەی لە کۆچۆ ڕوویدا ، یان زۆر خراپتر، وەک چۆن نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە مافەکانی مرۆڤ دەنگیان نەبوو.

# هەڵبژاردەیەک لە چوارینەکانی عەباس داودی



ئێوە شەڕخوازن لە مرۆڤ ناچن
شەیدای خوێن بوونە بەر چاوان لاچن
گورگی دڕندە تێربوون نازانێ
تەفروتونا بن هەر دەبێ تیاچن

***

بە گفت دەمامک نەبی خۆشباوەڕ
سووک ڕیسوات دەکا پێی بکەی باوەڕ
سەردەم گۆڕاوە ڕابە لە خەوێ
مەعریفە و ڕابوون دەچێنێ باوەڕ

***

کە کاسە پڕ بوو لە ئێش بێدادی
ژان ئاوس دەبێ فڕینە دادی
هاوار لە حاڵی گەندەڵ و خائین
زریان هەڵدەستێ مەشخەڵ ئازادی

***

مرۆڤ برسی بوو ناس ناکات مردن
پڕ هاوار دەکات بۆ شۆڕش کردن
هەوڵ و کۆششی بۆ سەربەستییە
خۆی دەرباز بکات دەست بۆ کار بردن

***

دەبی بگۆڕیی نەکروزێیتەوە
بە هزری لێزان ببوژێیتەوە
ڕێگای خۆر سەختە خوازیاری عەقڵە
متبوون مەزانە گەش دەبیتەوە

***

کەناکەس بەچە بوو بە پاسەوان
ژینت تاڵ دەبێت ناسرەوی شەوان
دەک شەرمەزار بن ڕوویان بێت ڕەژوو
ترسنۆک، نامەرد، بوو بە پاڵەوان

***

بنەبڕ نەکەی عەقڵی کۆنەخواز
جوانتر نابینی بژی سەرفراز
دنیا بجووک بوو هەر هێندەی گوندێ
توانات وەدەرخە تا دەرچی دەرباز

***

ئەقڵی فاشیزمە تینووە بە خوێن
ئاکار نامەردە ناو دڵان بەسوێن
ئاشتی فام ناکات پەیامی جەنگە
دڵیان پڕ کینە با ڕیسوا بکرێن

***

هیچ ئومید ناکرێ بە دەزگای یوئێن
جێگای گومانە ئەوان نوێنەر کێن
دونیا کاول بێت گرفتێک نییە
هەلوێست خێل و خێج بە خێمەوە دێن.

***

مەبە بەکۆیلە قەشمەر زەمانە
کلک با بدەی بۆ ئاغا و عانە
تەمەن بۆ مرۆڤ ئەوە ناهێنێ
دەخۆت بگۆڕە دوو بە لەتانە

***

شۆڕشێک ژنان ببنە ڕابەری
ئاسۆی روون دەبێ ژین بەرانبەری
هزری کلاسیک تاریک تەنگەتاو
چیتر نامێنێ تیر و خەنجەری

***

قیت ڕاوەستاویت سەنگینی خۆتە
ژینی بن دەستی هە دیلی و کۆتە
نانی هەژاری شەرەفمەندییە
دوارۆژ بۆ تۆیە دەژەنی نۆتە

ڕەوت
ڕۆژنامەیەكی سیاسیە ڕێكخراوی بەدیلی كۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەكات

# دیوانی (شیوعیون)ی تۆفیق زیاد و كورتە خوێندنەوەیەك بۆ شیعرەكانی

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەسخەڵ)

ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤

## دەروازەیەكی كورت

لە مێژووی خەبات و بەرەنگاربوونەوە دژ بە ڕژێمی ئیسرائیل و دەست درێژییەكانی ئەو ڕژێمە بۆ سەر خەڵكی سیڤیل و بێدیفاع، ناوی گەلێ شاعیرمان بەرچاو دەكەوێت كە بە تێڕوانینی سیاسی و چینایەتی جیاجیا، بەڵام بە وشە دژ بە ستەم و بێمافی و چەوسانەوە جەنگاون. لە دووتوێی لاپەڕەكانی مێژووی ئەدەبی بەرەنگاری فەلەستینیی، زۆربەمان بە ناوەكانی سەمیح قاسم و غەسان كەنەفانی و فەدوە تۆقان و مەحموود دەرویش و تۆفیق زیاد(١) و عەزەدین مناسرە و خالد ئەبو خالد و فەواز عید و محەمەد قەیسی و ڕاشد حوسێن و موعین بەسیسۆ و حەنا ئەبو حەنا و مورید بەرغوثی و ئەحمەد دەحبور و ئەمیل حەبیبی ئاشناین و كەم تا زۆر بەرهەمەكانیانمان خوێندۆتەوە و دەزانین چۆن بەگژ ستەمدا چوونەتەوە. بە پێی بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەرەنگاری فەلەستین، شاعیرانی بەرگری فەلەستینی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەش دەبن. ئاراستەی یەكەم؛ شاعیرانی بەرگرییە كە ئەوانیش ( مەحمود دەروێش و سەمیح قاسم و تۆفیق زیادن. ئاراستەی دووەم؛ شاعیرانی شۆڕشن كە بریتین لە عەزەدین مناسرە و مورید بەرغوثی و ئەحمەد دەحبور.(٢) بەڵام لەنێو ئەو شاعیرانەدا هیچیان بەئەندازەی تۆفیق زیاد تێڕوانینی سۆشیالیستییان لە شیعردا بەرجەستە نەكردووەتەوە. تۆفیق زیاد چەندین دیوانی شیعری بڵاوكردووەتەوە، بەڵام دیوانی كۆمۆنیستەكان(شیوعیون) شوناسێكی تری بەخشیوەتە شاعیر.(٣) ئەم كۆمەڵە شیعرەی تۆفیق زیاد كە بە شاعیری خاكی داگیركراو ناوزەد كراوە و بەپێی تێڕوانینی ئەحمەد سەعید محەمەدیەی ڕەخنەگر، شیعرەكانی ئەم دیوانە شیعرگەلی ماركسیستین كە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی سیاسی و خەباتكارانەن.(٤) ئەم دیوانە شیعرییە لە پانزە شیعر پێكهاتووە كە سەرجەمیان بەو ئاراستە فیكرییە نووسراون كە بەڕیالیزمی سۆشیالیستی ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای دەیەی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوكردنەوەی ئەمجۆرە ئەدەب و شیعرە بەربڵاو و زۆر بووە، كەچی سەیر لەوەدایە زۆربەی دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوەكانی جیهانی عەرەبی كاریان لەسەر وەلانان و بڵاونەكردنەوەی ئەم دەقانەی تۆفیق زیاد كردووە. دوواجار (دار العودة) لە بەیروت ئەم چوارچێوەیە دەشكێنێت و سەرباری ئەوەی دەزگاكە سەر بەو فەسیلە سۆشیالیزمە نییە وەك خۆیان دەڵێن، بەڵام وەك بڕوابوون بە بنەماكانی ئازادی ڕادەربڕین؛ دیوانی شیوعیون چاپ و بڵاو دەكاتەوە. تۆفیق زیاد لەڕووی بیروباوەڕی سیاسییەوە هەڵگری هەمان بیروباوەڕی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەكان بووە و لەلایەكی تریشەوە بەرگریكارێك یان جەنگاوەرێك بووە لەپێناو مافە سەرەتاییەكانی خەڵكی ستەمدیدەی فەلەستین لە ئیسرائیل. تۆفیق زیاد لەسەر ئەم هەڵوێستانەی دووچاری كێشە و تەنانەت زیندانیكردنیش بووەتەوە. شیعرەكانی نێو دیوانی (شیوعیون) گەواهی ئەم ئینتیما سیاسییە سۆشیالیستییەی بۆ دەدەن. هەروەها خوێندنەوەی كۆی بەرهەمە شیعرییەكانی شاعیر، وێنەیەكی تری شاعیرمان نیشان دەدات كە بەزمانی ڕەخنە و لێكۆڵینەوەی ئەدەبیی پێی دەوترێت شاعیری خاكی داگیركراو.



## دیوانی (شیوعیون) چی تێدایە؟

ئەم دیوانە شیعرییە پانزە شیعر لەخۆ دەگرێت. وەختێك ( دار العودة ) دەیەوێت چاپی بكات، تۆفیق زیاد لە شاری حەیفا خۆی ئەم ناو و نیشانە (شیوعیون)ی بۆ هەڵدەبژێرێت، لەو باوەڕەوەی كە كاتی ئەوە هاتووە دیوارەكانی چوار دەوری زهنی داهێنەری عەرەبی بشكێنرێت. دیوانەكە پێشەكییەكی تێدایە لەنووسینی ئەحمەد سەعید محەمەدیە كە لەبری ( دار العودة ) نووسراوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كەتۆفیق زیاد لەهەڵبژاردنی شیعرەكان و تایتڵی كتێبەكە بەناوی (شیوعیون) ئاراستەیەكی تری شیعرەكانی وەك كۆمۆنیستێكی خەباتگێڕ لەپاڵ بەشداریكردن لە خەبات و تێكۆشانی ڕەوای خەڵكی ستەمدیدەی فەلەستین بەدیدێكی شیوعییانە خستۆتە بەردەم خوێنەر. شیعركانی دیوانەكە لەنێوان ساڵی ١٩٥١ تا ساڵی ١٩٦٤ نووسراون. دیوانی (شیوعیون) شیعری تێدایە بۆ كۆمۆنیستەكان، بۆ لینین، بۆ مۆسكۆ و كرێكارانی مۆسكۆ، بۆ مانگرتنی كرێكارانی ئاتا، بۆ كراسنایا بریستایا كە گەڕەكێكی پیشەسازی كۆنی مۆسكۆیە، بۆ بڵاوكراوە سووتاوەكان بۆ هاوڕێ و هاوخەباتی جوولەكەكان، بۆ ١٤ ی تەممووزی عێراق ، بۆ مانیلاس غلیسوز ڕابەری كۆمۆنیست و پاڵەوانی گەلی یۆنانی، بۆ خۆماڵیكردنی نەوتی ئێران، بۆ لۆمۆبا، بۆ ڕابەری حیزبی شیوعی عێراق فەهد، بۆ میسری ساڵی ١٩٥١، بۆ جەنگاوەران و سەنگەرەكانیان و بۆ هەواڵەكان و لەكۆتایی دیوانەكەش پێڕستی كتێبەكەی تێدایە. خوێنەر و ڕەخنەگری بەئاگاش تەنها بەم ناو و نیشانانە دەزانێت كە هێڵی بیركردنەوەی شاعیر چۆنە و لە چ دیدگایەكەوە شیعرەكانی نووسیوە و هەروەها تایتڵی دیوانەكەش (شیوعیون) لەلایەن شاعیرەوە دەرخەری ئینتمای سیاسی چینایەتی شاعیرە بۆ خەبات لەپێناو پاراستنی بەهای ئینسان و داهاتوویەكی باشتر و گەشتر.

## تۆفیق زیاد و شوناسی ماركسیستبوون

خوێنەر لەئەنجامی خوێندنەوەی شیعرەكانی دیوانی (شیوعیون)دا، ئەوەی لا دروست دەبێت كە تۆفیق زیادی شاعیر هەر هەمان ئەو ڕێچكەیەی گرتووە كە شاعیرانی هاوچەرخی سەر بە حیزبە شیوعییە تەقلیدییەكان و نووسەرانی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی گرتوویانەتە بەر. بەمانایەكی تر ئەو ماركسیزمەی تۆفیق زیاد و هاوڕێگاكانی بڕوایان پێی هەبووە و هەیە، چەند فرسەخ لە ماركسیزمی ماركس و بنەماكانی مانیفیستی حیزبی كۆمۆنیستەوە دوور بووە. ئەو سۆشیالیزمە زانستییەی كە بووەتە بنەمای تێڕوانینی ماركسیستەكان بۆ جیهان و دەوروبەر و كۆمەڵگە و ئینسان و سروشت، هەمان ئەو تێگەیشتنە بۆرژوازییە بەناو كۆمۆنیستییە نییە كە حیزبە شیوعییە تەقلیدییەكان كردبوویانە بنێشتە خۆشەی بن دانیان. تۆفیق زیاد لە قۆناغەكانی ژیانیدا كەوتووەتە ژێر كاریگەری ئەم تێڕوانینە بۆرژوازییانەی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەكان و بەتایبەتیش حیزبی شیوعی ئیسرائیلی كەخۆی ئەندامێكی چالاك و هەڵسوڕاوی بوو.

وتیان: كۆمۆنیستن. وتم بەڵێ ئەوان

سوورن بە ئیرادەی خۆیان، گەلان ئازاد دەكەن

وتیان: كۆمۆنیستن. وتم كاتی مەرگ

بۆ ستەمكاران دیاری دەكەن

وتیان : كۆمۆنیستن. وتم چەپكێ گوڵن

ئەم دونیایە بە بۆنی خۆیان بۆنخۆش دەكەن

وتیان: ئاژاوەگێڕن. بە سەرپێچییەكەوە وتم

شەرەفێكن كە باوەڕی عەرەبیم ڕۆشن دەكەن.

وتیان : ئەوان بەكرێگیراون. وتم ڕەنگە

بەڵام دیارە دۆلار كێ بەكرێ دەگرێ.(٥)

ئەم وێناكردنە بۆ كۆمۆنیستەكان، وێناكردنێكی سادە و واقیعی ئەو جەنگاوەرانەیە كە بە كۆمۆنیستەكان ناسراون ، بەڵام تێگەیشتنێكی ماركسیستانە نییە، چونكە ئەركی بنەڕەتی كۆمۆنیستەكان ئازادكردن گەلان و ڕۆشنكردنەوەی باوەڕی عەرەبیزم نییە، بەڵكوو وەك دامەزرێنەرانی سۆشیالیزمی زانستی كارڵ ماركس و فریدریك ئەنگڵس پێناسەی دەكەن (كۆمۆنیستەكان بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو چینی كرێكار دەبینن و دەیخەنە پێشچاو.) (٦) وەكچۆن لای تۆفیق زیاد و هاوڕێگاكانی بینینەكان و تێگەیشتنەكان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتی كرێكاران نین، ئاواش ڕوانین بۆ چینی كرێكار و كۆمۆنیستەكان، ڕوانینێكی سەروو چینایەتین.

برایانی كرێكاری شاری مۆسكۆ، لەگەڵتانم

بۆ نەمانی ستەمكاران لەگەڵتانم

لەگەڵ ئەو حیزبەی جەماوەری گەیاندە قوبەكانی كۆشكی كرملین

لەگەڵ ئاڵای سووری بەرز، ئاڵای لینین.(٧)

شاعیر ئەوكاتەی لەمۆسكۆ دەخوێنیت، وەك هەر نووسەر و ئەدیب و سیاسەتمەدارێكی تر دەچێتە سەر ئارامگا یان (گڵكۆ)ی لینین. ئەو ڕابەرە بەلشەفیكەی كە شۆڕشی ئۆكتۆبەری گەیاندە مەنزڵگای خۆی و چینی كرێكار گەیاندە دەسەڵات.

یەك خولەك...دوو خولەك

بێدەنگ وەكو بەرد وەستام

ئای بەرزترین هەست كە دەتوانێت لە مرۆڤدا سەرهەڵبدەی

بگەشێوە..بگەشێوە..

لە ساتێكدا وەك ئەوەی كات بێت..!

وەك ئەوەی لەدایك ببمەوە

هەموو خۆرەتاوەكان لە دەستمدایە

ئەی جوانترین گوڵ...!(٨)

بەم پێیە دەبینین تێڕوانینی سیاسی تۆفیق زیاد بەڕاستە هێڵێكدا ناڕوات، بەڵكوو لە گشتەوە بەرەو تایبەت یان لە هەمووەوە بۆ بەشێك دادەبەزێت. شاعیر لە باسكردنی كۆمۆنیستەكان و ئینجا چینی كرێكار و لینینەوە دێت بەرەو شارەكەی و ستەمكارانی شارە عەرەبییەكەی كە چۆن نانی خەڵكی هەژار دەدزن.

لێرەوە، لە شارە عەرەبییەكەمەوە

لەو شوێنەی كە دەنوێت هەتا لە خەو هەڵسێت

بەڵا بەسەر خەڵكەكەی دێت

ئەوەی نانی ئێوەی دزی، نانی منیش دزیوە

ئێمە هەردووك قوربانی دەست ستەمكارانین

ڕێگامان هەر یەك ڕێگایە و دەستەكانت بێنە

ئەی هەڤاڵانی شەڕی چینایەتی

بەرەو جیهانێكی نوێ و ئاشتی

زاڵبوون بەسەر هێزە كۆنە پەرستەكان.(٩)

تۆفیق زیاد لەهەلومەرجێكی ناجێگیر و پڕ لە كێشمەكێش و تارادەیەك خوێناویدا وەك ئەركێكی ئینتەرناسیونالیستی بەشیعر هاوسۆزی خۆی بۆ هاوڕێبازەكانی دەردەبڕێت.

ئەی فەهد، ئەی دڵ و خوێنی عێراق

نێوچەوانت بە ڕووناكی نوێ سوا

ئەی فەهد، ئەی بۆنخۆش، لەبەردەم خودا

لەسەر جادە و ڕێگاوبان و كانەكان

وەك كە خەوتووی پێڵوەكانت مەڕێژە

خەونێك كە بە فیشەك و سروود سزادرا.(١٠)

بەمجۆرە تۆفیق زیادی شاعیر بە شیعرەكانی وەك چەكێكی كاریگەر لە سەنگەرەكانی پێشەوەی باوەڕەكەی دەوەستێت و بەشداری كارەسات و ڕووداوەكانی ژیانی خەڵكی چەوساوە و ستەملێكراوی فەلەستین دەكات. ئامادەیی شاعیر لە جەرگەی ڕووداوەكانی سەردەمی خۆی، نیشانەی هەڵوێست و بوێرییە بۆ ئینتما سیاسییەكەی. شاعیر بەهیچ شێوەیەك نە شەرمی كردووە و نە درێغی كردووە لە تەبلیغی باوەڕەكەی، بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە لەژێر كاریگەرییەكانی سیاسەتی سۆشیالیزمی بۆرژوازیی بێتە دەرێ و وەك شاعیرێكی چینایەتی دەقەكانی خۆی بۆ چینی كرێكار، لەڕوانگەی سۆشیالیزمی زانستییەوە بنووسێت.



## تۆفیق زیاد وەك قوربانییەك

تۆفیق زیادی شاعیر و خەباتگێڕ لە دۆخێكی یەكجار نا تەندروست و نالەباردا دەست دەكات بە تێكۆشان لەپێناو بەرگریكردن لە یەكێك لە دۆزە هەرە هەستیارەكانی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەویش دۆزی مەسەلەی خاك و چەوسانەوەی خەڵكی فەلەستینە. ئەم شاعیرە هەرچەند لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ زۆرێك لە شاعیرەكانی تری عەرەب و فەلەستین جیاوازە، بەڵام نەیتوانیوە بە پێچەوانەی تەوژمی باو ڕێ بكات. شاعیر بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێت كە زۆربەی شاعیرانی سەردەمەكەی هەنگاویان ناوە. ئەم خۆجیانەكردنەوەیە دەبێتە سەرەتایەك بۆ بوون بەقوربانی. بەبۆچوونی (حوسین مەروە)ی ڕەخنەگر ( شیعر مەعریفە و كاری مەعریفییە و شاعیرانی فەلەستینیش بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندی خۆیان بە خەڵك و دۆزی فەلەستین، تێگەیشتنیان لە بنەماكانی ماركسیزم بەدەستهێنا. یان وەك مەحمود دەروێش وتەنی بە جۆش و خرۆش و ئومێدەوە گریان دەگرت.) (١١) تۆفیق زیاد لەیەك كاتدا شاعیرێكی هەم سۆشیالیست و هەم ناسیونالیست بووە. شاعیر لە وردكاری و بنەماكانی ڕێبازی ماركسیزم قووڵ نەبووەتەوە و هەر ئەمەش شاعیری تووشی جۆرێك لە ناڕۆشنی كردووە. ئەم ناڕۆشنییەی شاعیر لە بنەماكانی ماركسیزم، ئەم شاعیرەی وەكو زۆرێك لە شاعیر و ئەدیبەكانی ئەو قۆناغە كردووەتە قوربانی سیاسەتێكی نادروست و غەیرە كۆمۆنیستی حیزبە شیوعییەكان و یەكێتیی سۆڤیەت و بلۆكی ڕۆژهەڵات. ئەگەر وزەی خەباتكارانە و دەستپێشخەرییە شۆڕشگێرەكانی ئەم شاعیرە بە ئاقارێكی دروست ڕێچكەی بگرتایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبووە یەكێك لە شاعیرە چینایەتییە بێوێنەكانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكار.






## ئەنجام

تۆفیق زیاد وەك یەكێك لە شاعیرە ماركسیستەكانی پرسی فەلەستین ناوی دەهێنرێت. ئەم شاعیرە لەڕێگەی دیوانی (شیوعیون)ەوە ئینتمای خۆی بۆ ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕاگەیاندووە و لەپاڵ هەستە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییەكەیەوە، هاتووە شوناسی ماركسیستبوونی بۆ خۆی دەستەبەر بكات و لەدیدگای نێونەتەوەییەوە تەماشای پرسەكانی كرێكار و خەبات و هاوپشتی كرێكاریی دەكات. تۆفیق زیاد هەم لەژیانی عەمەلی و هەمیش لە سەنگەری ئەدەب و شیعرەوە بەدوای ئەو شوناسە ماركسیستییەوە بوو، بەڵام نەیتوانی ئامانجەكەی بپێكێت. ئەم تێكۆشەرە لەبری ئەوەی وەك شاعیر و شۆڕشگێرێكی خەباتی چینایەتی بچێتە نێو لاپەڕەكانی مێژووەوە، بووەتە قوربانییەكی سیاسەتی بۆرژوازی. ئەوە ڕاستە كە كۆمۆنیستەكان و ئەدیبە ماركسیستەكان نەك هەر بەرگری لە پرسی ستەم و چەوسانەوە دەكەن، بەڵكو بە كردەوەش لەو مەیدانەدا جەنگاون و دەجەنگن و تۆفیق زیادیش وەك شاعیرێكی شیوعی ویستویەتی بەم ئەركەی هەڵبستێت. بەڵام كاڵبوونەوەی هەڵوێستە شیوعییەكان و كەمڕەنگكردنەوەی ئەو هەڵوێستانە لە شیعر لەبەرژەوەندی باوەڕی عەرەبیزم، پێ خزینێكی سیاسییانەی تۆفیق زیادە كە هۆكارە زاتی و بابەتییەكانی هەرچییەك بن، دواجار بەزیانی ئەدەبی كرێكاریی و ماركسیستی لە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوین تەواو بوو.

## پەراوێز و سەرچاوەكان :

(١)تۆفیق ئەمین زیاد لە ٧ی ئایاری ١٩٢٩ی زایینی لە شاری ناسرە لە دایكبووە. لە قوتابخانەی ناوەندی شارەوانی لە ناسرە خوێندوویەتی، هەر لەم قۆناغەش كەسایەتییە سیاسییەكەی بەرجەستە دەبێتەوە و بەهرەی شیعر تیا دەردەكەوێت. پاشان بۆ خوێندنی ئەدەبی سۆڤیەتی چووەتە مۆسكۆ. بە درێژایی ئەو ساڵانەی ژیاوە، بەشداری لە ژیانی سیاسی لە ئیسرائیل و خەبات بۆ مافەكانی فەلەستینییەكان كردووە. بۆ ماوەی سێ خولی هەڵبژاردن (١٩٧٥ - ١٩٩٤) وەك سەرۆكی شارەوانی ناسرە كاری كردووە، هەروەها ئەندام بووە لە حیزبی شیوعی ئیسرائیل و لەساڵی ١٩٦٤ دەبێتە سكرتێری ئەو حیزبە. لەساڵی ١٩٧٧ تۆفیق زیاد ڕێكخراوی (بەرەی دیموكراتی بۆ ئاشتی و یەكسانی (حداش))ی دامەزراندووە. ئەم ڕێكخراوە بەرەی هاوپەیمانی هێزە كۆمۆنیست و لایەنگرانی ئاشتی و ئاسایش بووە كەلەناو ئیسرائیلدا هەڵسوڕاو بووە. بەداخەوە ئەم شاعیرە لە ئەنجامی ڕووداوی هاتووچۆ كە لە ٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٩٤، لە ڕێگای پێشوازیكردن لە گەڕانەوەی سەرۆكی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵكی فەلەستین (یاسر عەرەفات) بۆ شاری ئەریحا، دوای ڕێككەوتننامەی ئۆسلۆ، بۆ هەمیشە ژیانئاوایی لە شیعر و خەبات كرد.

(٢)موقع الخيام شعراء المقاومة الفلسطينية العاملان الجغرافي و الايديولوجي بقلم سمير سليمان التميمي ١٧-٩-٢٠١٤.

(٣) تۆفیق زیاد جگە لەم دیوانەی (شیوعیون)، چەند كتێبی تری چاپ كردووە لەوانە؛ (أشد على ايديكم) ، (صور من الادب الشعبي الفلسطيني)، (الصقر الفلسطيني اول اوبرا عربية)، (كلمات مقاتلة) و (ديوان توفيق زياد). تۆفیق زیاد لەهەموو كارەكانیدا وەكو ڕەخنەگر و توێژەر حەسەن عەبادی دەڵێت (شوناسی عەرەب بوون و فەلەستینی بوون دەپارێزێت.) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتاری ( توفيق زياد بوصلة تتجدد بقلم حسن عبادي موقع منبر حر للثقافة الفكر و الادب ٧-١٠-٢٠١٩.

(٤)شيوعيون توفيق زياد مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٥.

(٥) شيوعيون توفيق زياد دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٧.

(٦)مانیفیستی حیزبی كۆمۆنیست كارل ماركس و فریدریك ئەنگڵس وەرگێرانی بۆ كوردی موسڵیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) چاپی دووەم ٢٠١٤ لاپەڕە ٢٥.

(٧)شيوعيون توفيق زياد دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ١٣.

(٨)شيوعيون توفيق زياد دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٣٥ و ٣٦.

(٩)شيوعيون توفيق زياد دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٨٠.

(١٠)شيوعيون توفيق زياد دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٨٤ و ٨٥.

(١١)استقبال شعر المقاومة في النقد الادبي في العالم العربي بقلم عادل الاسطة ص ١٠ و ١١. بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت ئەم بەستەرەی خوارەوە بەسەر بكاتەوە.

https://staff.najah.edu/media/sites/default/files/Reception_poetry_of_resistance_in_the_literary_criticismin_the_Arab_world.pdf

# وەك مۆلۆتۆف لەسەر شەقام!



شیعری : ئومێد قەرەنی

ئەو شیعرەم بۆ خۆمە؛

ئەتۆ بڵێی لەبری هەموو ئەو شەوە

تاڵانەی كە سەرخۆش بووم

بۆ خنكاندنی ترسەكانم

جیهانێكی دیكە هەبووبێ بێ پۆلیس؟

هەسارەیەك بێ توندوتیژیی؟

ئەستێرەیەك بێ بەدبەختیی؟

ئەو شیعرەم بۆ یارە؛

كاتێ تەنیاییم وەك تیغێكی تیژ

لەسەر دەماری ملی ڕووتی دادەنێم.

ئەو شیعرەم بۆ هاوڕێیەكانمە؛

كاتێ ئارەقە لە هەنیەیانەوە دادەچۆڕێ

سەختە بزانی ڕەنگی پانتۆڵەكانیان چییە ،

ژێر نینۆكەكانیان ڕەنگاوڕەنگە

هەڵسوكەوتیان بە دڵی تۆ نییە،

نازانن سیستەم چییە!

كەچی دەوڵەت، هەموو ڕۆژێ

لە ڕێی تەزووی كارەباوە

لە ڕێی بۆڕیی ئاوەڕۆوە

دێتە نێو ماڵەكانیانەوە!

ئەو شیعرەم بۆ خۆمانە؛

كاتێ ئایندەمان تا سبەی دەڕوا

ئێستامان تا دوێنێ

ئەمڕۆمان لە بۆشاییدایە.

ڕەنگە دوا جار ئەو شیعرەم هەر بۆ خۆم بێ؛

هیچم نییە لێی بترسم

هیچم نییە لە دەستی بدەم

دەمەوێ سبەی ئومێدێكی دیكە بم

یەك دەم بژیم و ونببم

وەك یاریی ئاگرین لە ئاسماندا

وەك مۆلۆتۆف لەسەر شەقام!(*)

(*)مۆلۆتۆف یان كۆكتێلی مۆلۆتۆف، بۆمبێكی ساكارە، پێكهاتووە لە بوتڵێك كە پڕكراوە لە شلەمەنییەكی ئاگرگر و فتیلەیەك كە پێش هەڵدانی دادەگیرسێنرێت. زۆرجار پێی دەگوترێت نارنجۆكی هەژاران

# عەبدێكی یاخی



شیعری: عارف كوردە

شكستەكان، نادوورم بەباڵای خۆمدا ..

غەمەكان نامرووخێن،

برینەكانم كەلەڕەقن،

بەچزی ئاگر ناكولێنەوە

هەردوو پێیەكانم ..

لەسەر شەقامێكی، هەڵاتوودا..، دادەكوتم

مێخێك، لەسنگی غروور ئەچەقێنم

سواری شەپۆلان دەبم

بمباو نەمبا سەوڵ لێ ئەدەم!

ڕەشمەی ئەسپێكی، بێیاڵ دەگرم

لەقاترێكی چەمووش، ڕەسەنترە

ئەو دڵۆپە ئارەقانەی بۆ نیشتیمان ڕشتم

كۆیان دەكەمەوەو دەیكەم بەفێڵاو

با باڵندەكان مەلەی تێیابكەن.

خەیاڵ بەسوارچاكێكەوە ڕمبازێ،

لەگۆڕەپانێكی پڕ چاڵموچۆڵمدا كێبڕكێ،

لەغڵبەغەڵبو ئاخاوتندا سەما.

بەئاوازی باڵندەكان فڕین

لەپێشەوەی بادا گەیشتن، بەماڵی ئەستێرە

ژماردنی شەوەكان خۆی لەخۆیدا..

گڕكان مۆمێك لەقوژبنی گۆی زەویدا

چرایەك بەگەردنی خۆرئاوابوونەوە

چەكێك بەشانی عەبدێكی یاخییەوە

لەمەنجەنیقەكەی ئیبراهیمدا، ئابڵۆقەدراوە.

ئەو ڕێژنە بارانەو دادەبارێ

ئەو كلو بەفرە و ناسووتێ

خۆری ڕۆژئاڤایە و ئاوانابێ

بەكەزی، ورە ئەهۆنێتەوە

بەهەڵهەڵە بەرخۆدان

لە لرفەدا كێوێك..!

لەكپیدا.. هەورێك،

لێوانلێو لەكرێوە وەرزێك..

لەسەوزایی نیشتیمانێك..

لەڕەشەبا دایكێك..

لەباران ئەو.. ئەو.. مەتەرێزێك لەمانەوە و خۆڕاگریی

خەونی هەزاران شەو و


ڕەشماڵی ملیۆنان ڕەوەند و

ئاسمانی مەلی كۆچەری.

ڕێوت
ڕۆژنامەیەكی سیاسیە ڕێكخراوی بەدیلی كۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەكات

# لەسەنگەرەكاندا لەگەڵ كۆلۆنیالیستەكان

نووسینی : جەسی جێزەوسكا ستیڤەنس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : نەوزاد مدحەت



## ڕۆمانی (لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە)؛ سەمایەكی دڵتەزێن لەگەڵ جەنگ و شێتی

نووسەری فەرەنسی بەرەچەڵەک سەنیگالی دەیڤید دیۆپ بە پاڵەوانێكەوە كە لەمێژە لە ئەدەبیاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا دوورخراوەتەوە، پێداچوونەوە بە نموونەیەكی بنچینەیی مۆدێرنەتەدا دەكات، سەربازە ئەفریقییەكە لە هێڵی پێشەوە.

ڕۆمانی داڤید دیۆپ كە خەڵاتی نێودەوڵەتی بووكەری بردۆتەوە "لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە لە بنەڕەتدا بە فەرەنسی نووسراوەو ناوی (برای ڕۆحیی) بووە و وەرگێڕە ئینگلیزییەكە ناوەكەی گۆڕیوە بۆ لەشەودا هەموو خوێنێک ڕەشە.

تێرامانێكی دڵتەزێنە لەسەر جەنگ، كۆلۆنیالیزم و دارمانی عەقڵ. لە ڕێگەی چاوی ئەلفا ندیای، سەربازێكی سێنێگالی كە لە جەنگی جیهانی یەكەمدا بۆ فەرەنسا دەجەنگێت، دیۆپ چیرۆكێک دەنووسێت كە هەم شیعرییە و هەم ترسناكە، هەم تایبەتە و هەم گشتگیرە.

چیرۆكەكە بە شكستی ئەلفا دەست پێدەكات لە كۆتایهێنان بە ئازاری لە "برا ڕۆحییەكەی " مادێمبا دیۆپ لە مەیدانی جەنگدا كە بە سەختی بریندار بووە و داوا لە (ئەلفا)ی هاوڕێی دەكات كە بیكوژێت بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئازار نە چێژێت، بەڵام ئەلفا دەستی تێناچێت. ساتێک لە دوودڵی یان ڕەنگە بەزەیی دەبێتە هۆی تێكچوونی دەروونی ئەلفا. ناتوانێت لە خۆی خۆش بێت، دەست دەكات بە تۆڵەسەندنەوەیەكی پڕ لە دڵڕەقی. ڕاوی سەربازە ئەڵمانییەكان دەكات، پاش گرتن و كوشتنیان بە شێوەیەكی دڵڕەقانە، دەستەكانیان وەک دیاری بۆ سەنگەرەكەی دەهێنێتەوە.

دیۆپ، دەستەواژەی دووبارە بەكاردەهێنێت كە هەم سروشتی تراومای بازنەیی و هەم ڕیتمی چیرۆكگێڕانەوەی زارەكیی ئەفریقی دەنوێنێتەوە. نووسەر بە شێوەیەكی سەركەوتوو هێڵەكانی نێوان عەقڵ و شێتی، شارستانییەت و دڕندەیی تێكەڵ دەكات. پرسیار دەكات لە جەنگدا لە سەنگەرە قوڕاوییەكاندا كە پیاوان دەنێردرێن بۆ كوشتنی یەكتر. لێرەدا پرسیارەكە دێتە پێشەوە(دڕندە ڕاستەقینەكان، كێن؟).

شیكردنەوەی داینامیكی كۆلۆنیالی لە ڕۆمانەكەدا بەهێزە. لەڕێگەی ڕوانگەی بە تەواو شێواوی ئەلفاوە، دەبینین چۆن سەربازە ئەفریقییەكان هەم بۆ هەوڵی جەنگی فەرەنسا پێویست بوون و هەم وەک سەربازی "شوكولاتە"ی بێ بایەخ سەیر دەكران ( دیارە شكۆلاتە وەكوو تانە لە ڕەنگیان بەكار دەهات). ئەو شێوازەی ئەلفا سەرنجی هاوڕێ فەرەنسییەكانی گۆڕی لە سەیركردنی وەک "هاوسەنگەرێكی باش"ەوە بۆ "دڕندەیەكی" ترسناک دەگۆڕێت، پووچی پەسەندكردنیان و بەردەوامی پێشداوەرییە كۆلۆنیالییەكان ئاشكرا دەكات.

لە ناوەڕۆكدا، ئەم ڕۆمانە بچووكە (كەمتر لە ٢٠٠ لاپەڕە) سەیركردنێكی بێ سڵەمینەوەیە بۆ چۆنییەتی گەندەڵكردنی دەروونی مرۆڤ لەلایەن جەنگەوە. دیۆپ پیشانی دەدات كە لە سەنگەرەكانی جەنگی جیهانی یەكەمدا، كە بە ڕاستی هەموو خوێنێک لە تاریكیدا ڕەش دەردەكەوێت، جیاوازی نێوان شارستانی و دڕندە، عاقڵ و شێت، وەک مەیدانی جەنگەكە خۆی قوڕاوی دەبێت.

كردەوەكانی ئەلفا ترسناكن، بەڵام ئێمە ئەو تراوما و داپچڕانە كولتوورییە دەزانین كە بەرەو ئەوەی دەبەن. ڕۆمانەكە ناچارمان دەكات ڕووبەڕووی پرسیاری نارەحەت ببینەوە دەربارەی توندوتیژی، دادپەروەری و ئەو توێژە تەنكەی شارستانییەت كە جەنگ بە ئاسانی دایدەماڵێت. ڕۆمانەكەی دیۆپ وەک بەشدارییەكی بەهێز لە هەردوو ئەدەبی جەنگ و ئەدەبی پاش كۆلۆنیالی ئەفریقی دەوەستێت، ڕوانگەیەكی تایبەت پێشكەش دەكات بۆ ململانێیەک كە زۆر جار تەنها لە ڕوانگەی ئەوروپییەوە دەبینرێت. بیرهێنانەوەیەكی دڵتەزێنە كە قوربانییەكانی جەنگ زۆر لە جەستەیی دوورتر دەڕۆن و دەگەنە قووڵایی ڕۆحی مرۆڤ.

لە جەنگی جیهانی یەكەمدا دە ملیۆن سەرباز لە شەڕدا گیانیان لەدەستدا، زۆربەیان لە سەنگەرەكاندا بوون. كوشتاری فراوان نەک هەر ئەوەی بۆ هەمیشە شێوازی حوكمڕانی ئەوروپای گۆڕی كە هەمیشە چەكیان لەبەرچاو بێت، بەڵكو چۆنیەتی دروستكردنی هونەری مرۆڤەكانیشی بۆ هەمیشەیی گۆڕی. دڕندەیی میكانیزمەكراو و شێوازەكانی دەربڕینی پێشووی وەک ڕیالیزمی بەسەرچوو پیشاندەدا. حسابكردنی دواتر لەگەڵ شەڕی پیشەسازی و ناسیۆنالیزمی چاو برسی، بزووتنەوەكانی وەک دادایزم، داهاتووگەرایی و كانوونی مۆدێرنیزمی ئەدەبی هێنایە ئاراوە، كە كاریگەرییان لەسەر نووسەرانی ئینگلیزی زمان هەبوو لە ڤێرجینیا وۆڵفەوە تا ت. س. ئەلیۆت.

بەڵام ئەو كانوونی مۆدێرنیستییەی كە لە سەنگەرەكاندا سەریهەڵدا، تا ڕادەیەكی زۆر نزیكەی ٢.٣ ملیۆن ئەفریقی لەخۆدەگرێت كە پشتگیریان لە سوپای فەرەنسا و بەریتانیا دەكرد و هەروەها سەدان هەزار سەرباز و كرێكاری غەیرە سپی پێست لە جیهانی كۆلۆنیالیزمدا دوور دەخاتەوە كە زۆربەیان هیندی و نزیكەی ٤٠٠ هەزاریشیان ڕەشپێستی ئەمریكی بوون. ژەنەڕاڵ چارڵز مانگین لە (هێزی ڕەش)دا، سەركردایەتی هەوڵەكانی كرد بۆ وەرگرتنی پیاو لە "خەزنە"ی ستراتیژی كۆلۆنییەكان، كە بە تایبەتی هەڵمەتی بۆ سەربازانی سەنیگال ئەنجامدا بۆ ئەوەی بنێردرێن بۆ بەرەی شەڕ. ئێستا دوای زیاتر لە سەدەیەک، نووسەری سەنیگالی فەرەنسی دەیڤید دیۆپ، مامەڵەیەكی زۆر مۆدێرنانەی بەرز دەكاتە ئەزموونی ئەو ئەفریقاییانەی كە خزمەتیان بە ڕۆژئاواییەكان كردووە و لەناوسەنگەرەكاندا مردوون. لە ڕۆمانی لەشەودا هەموو خوێنێک ڕەشە، بۆ یەكەمجار لە ساڵی ٢٠١٨ لە فەرەنسا بڵاوكرایەوە، ئانا مۆشۆڤاكیس بۆ یەكەم جار ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

وەک لە زۆرێک لە باشترین ڕۆمانەكانی شەڕی چالاكدا، وەک ڕۆمانی (گرتنەوەی ٢٢) ی جۆزێف هێلەر یان ڕۆمانی سەربازی باش سڤیک ی نووسەری چیک یارۆسلاڤ هاسێک، دیۆپ بە گاڵتەجارییەكی تاڵەوە كارەساتەكان زەق دەكاتەوە. ئەم گاڵتەجارییە كە لەڕوانگەی سەربازێكی ئەفریقییەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٤دا ئەزموون كراوە، نەک تەنها بێمانابییەكانی شەڕ، بەڵكو ڕەگەزپەرستیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ڕۆمانی(لەشەودا هەموو خوێنێک ڕەشە)لە كۆتاییدا زیاتر چیرۆكی جادووبازییە نەک چەتەگەرییەكی شێتانە. لە یەک كاتدا كتێبێكی قووڵی توندوتیژی و نەرم و نیانییە. دیۆپ بە تێكەڵكردنی مۆنۆلۆگی مۆدێرنیستی لەگەڵ ئەفسانە، لەسنووره دەرەكییە تێكدەرەكانی ئەو شتانە دەكۆڵێتەوە، كە ئێمە چی لەگەڵ ئەوانی دیكەدا دەكەین و شەڕ دەتوانێت چیمان پێبكات.

ئیستغلالكردنی گەلانی كۆلۆنیالیزم بۆ ئەركی چالاک، خاڵێكی تری ناكۆكی بوو لە نێوان زلهێزە ئەوروپییەكان لە جەنگی جیهانی یەكەمدا. بەهۆكاری دەستڕانەگەیشتن بە كۆلۆنیالیزمی فەرەنسا و بەریتانیا، ئەڵمانیا نارەزایەتی دەربڕی بەرامبەر بە جێگیركردنی سەربازە ئەفریقییەكانی فەرەنسا لە ئەوروپا، كە خاڵی بنەڕەتی لای ئەڵمانەكان زیاتر جەختكردنەوە بوو لەسەر ڕەگەز نەوەک دژەكاری ئیمپریالیبیانە. ئاماژەی بەوەدەدا كە نابێت خاكی بەشەرەجیاوازەكان یەک بخرێن، كەچی خودی ئەڵمانیا هەم سەربازە ئەفریقییەكان و هەم ئەفسەرە ئەڵمانییەكانی وەک هێزی بەرگریكردن لە خاكە داگیركراوەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقای پێ دەسپێردرا. گلەییەكانی ئەڵمانیا سەبارەت بە بوونی سەربازە ئەفریقییەكان لە ئەوروپا زیاتر بۆ سەرنج ڕاكێشانی خەڵكی سپیپێستی بوو بەتایبەتی لە ئەمریكا. ئەم پڕوپاگەندەیە دوای ئاگربەست لە ساڵی ١٩١٨دا جێگەی خۆی گرتەوە، كاتێک فەرەنسییەكان بەنیازی ئەوە بوون پلەبەندییە ڕەگەزییەكان پێچەوانە بكەنەوە، بەوەی ئەفریقییەكان بنێرن بۆ داگیركردنی ئارییەكان و لەو ڕێیەوە زیاتر بتوانن ئەڵمانیا زەلیل بكەن. جێگیركردنی سەربازە ئەفریقییەكان بووە خاڵی موزایەدە لە پەیمانی ڤێرسایدا، ئەڵمانیا داوای دەكرد كە هیچ سەربازێكی ڕەنگاوڕەنگ بۆ داگیركردنی ڕاینلاند نەنێردرێت.

بەهەرحاڵ كاتێک فەرەنسا بە هەر شێوەیەک بێت سەربازانی سەنیگالی نارد، ئەڵمانیا هەڵمەتێكی گەورەی بەڕێخست لە ژێر ناوی "ترسناكیی ڕەش لەسەر ڕاین"، بە نامیلكە و كاری كاریكاتێری ڕەگەزپەرستانە، كە بۆ ئەو كارەی سوودی لە ترسە ناوخۆییەكان وەردەگرت لە ئەودیوی زەریای ئەتڵەسیدا. هەزاران پیاوی ڕەشپێست لە باشووری ئەمریكای كەوتنە بەر پەلاماری ئەشكەنجەدان و كوشتن و هەڵواسین لەدەرەوەی یاسادا، لەنێویاندا هەندێک لەو ٤٠٠ هەزار سەربازە ئەمریكییە ئەفریقاییەی كە لە كاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا خزمەتیان كردووە. جێی سەرسوڕمان نییە كە هەڵمەتەكەی ئەڵمانیا هاوسۆزی لە ئەمریكا و بەریتانیا بەدەستهێناو پاڵپشتی لێكرا لە لایەن ڕێكخراوەكانی ژنان و هەفتەنامە چاپكراوەكانی سیاسەتمەدارە جۆراوجۆرەكانەوە.

لە مێژووە سەرەكییەكانی جەنگی جیهانی یەكەمدا و لەو سەردەمی چەكداریكردنەدا ڕەگەزپەرستی جێگیركراوە، بەڵام ئەوە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەیە كە باس لە پچڕانی دەروونی سەیركردنی دارمانی شارستانییەت دەكات. لێرەدا دیۆپ بۆشاییەكی چارەنووسساز پڕدەكاتەوە: سەربازێكی سەنیگالی لە سەنگەرەكاندا و هاوسۆزی لەگەڵ دووژمندا، هەرچەندە پێچاوپێچ بێت، مانای چییە؟

بۆ ئەم سەربازە كێ دووژمنە؟ ئەڵمانەكان، فەرەنسییەكان، یان كۆلۆنیالیزم بە گشتی؟

پاڵەوانەكەی دیۆپ، ئەلفا ندیای، گەنجێكی بەسەربازكراوی گوندەكانی سەنیگال، سەر بە نەریتی سەربازییە ڤێڵبازێكانی نێوان جەنگەكانە، كە ڕەچەڵەكە ئەدەبێكەی دەگەڕێتەوە سەر ڕۆمانی لویس فێردیناند سێلین ( گەشتێک بۆ كۆتایی شەو) و تەنزێكی چیكی (سەربازی باش سڤیک) كە هەڵگری كارە توندوتیژییەكانی جەنگی جیهانییە. من چیرۆكەكان بە هیستریا و گێڕانەوەی جێی متمانە و نامۆبوون دەبینم لە جیهانێک كە هەموو هەستێكی عەقڵی لەدەستداوە. دیۆپ نامەی ماگنۆم ئۆپوسی سێلین و نامەی سەربازە فەرەنسییەكانی وەک سەرچاوەیەكی كاریگەر هێناوەتەوە. ئەوانە نەخشەی گونجاون بۆ لێكۆڵینەوە لەم ڕۆمانە ناسۆزدارییەی سروشتی مرۆڤ لە ژێر ئەوپەڕی فشاردا.

ڕۆمانی (لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە) ئەم شێوازە ناسراوە درێژ دەكاتەوە و پێداچوونەوەی بۆ دەكات بۆ شتێكی ناوازە. كتێبێكی قەبارە بچووكتر و ئاسانترە لە كتێبی سێلین یان هاسێک، زیاتر جنۆكەیی و وەسواسییە.

گێڕانەوەكە لەڕێی دەنگەوەیە و خاڵییە لە هەموو سۆزێک لەبەرانبەر بێ هەستەكاندا، بەڵام ئیرۆنی دیۆپ ساردییەكەی سەر تراژیدی كۆمیدییەكە زیاتر دەكات. وە لە كاتێكدا وڵاتەكانی پێشووتر بۆ جەنگی جیهانیی، یەكەم جەخت لەسەر بێمانایی ژیان دەكەنەوە لە بەرامبەر ترسناكییەكانی سەردەمی جەنگدا، ڕۆمانەكە پێداگری لەسەر لۆژیكێكی پێچاوپێچی خواپەرستی دەكات. پلانەكە لەسەر وەسوەسەیەک دامەزراوە بۆ ئەو بیرۆكەیەی كە كردار و بێ كردەوەكانی مرۆڤ دەرئەنجامەكانی بۆ ئەوانی دیكە هەیە. ئەلفا نیایە بە هەستی قووڵی ئامانجەكەی خۆی لە جۆزێف سڤێک یان فێردیناند باردامو جیا دەكاتەوە. شێتێكە و ئامانجەكەی ئاشكراو ڕوونە، چیرۆكێكی تاریكی هاوڕێیەتی و زەبر و تۆڵەسەندنەوەیە.

وەكوو سێلین لەپێش خۆیدا، شێتی و دڵڕەقی شەڕی لە ڕێگەی پەندە خەمناكەكانی سەربازێكی پلەنزمی گێڕەرەوەوە دەخاتەڕوو كە لە شارستانییەت جیابووەتەوە.

دیۆپ لە پاریس لەدایک بووە و لە سەنیگال گەورە بووە، هەڵگری هیچ كام لەناوو ناوبانگەكانی سێلینی دژە جوولەكە و فاشیست نییە، كە شكستە شەخسی و سیاسییە جددییەكانی پێشوازیكردنی لە كارەكانی لەكەدار كردووە. بەڵام تاریكییەک لە ڕۆمانە نوێیەكەی دیۆپدا هەیە كە ڕەنگە لای هەندێک لە خوێنەران بە ئاسانی بۆیان هەرس نەكرێت. پێدەچێت پێزانینی خوێنەران بۆ ڕۆمانەكە بەند بێت بەوەوە كە ئایا مرۆڤ لەگەڵ بیرۆكەكەی شكسپیردا هاوڕایە یان نا كە دەڵێت:(لە جیهانێكی شێتدا، شێت باشترین تێگەشتنی هەیە بۆ نەخۆشییەكانمان، ئەگەر چارەسەركردنی نەبێت). دوای خوولی هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییەی ئەمریكا، بیرۆكەیەكە كە پێویستە ئەمریكییەكان بە تایبەتی ئامادەبن بۆ دانپێدانان.

ڕۆمانەكە لە بەرەكانی شەڕەوە دەست پێدەكات، لە تەنیشت باشترین و نزیكترین هاوڕێی بریندار ی حیكایەتخوان ئەلفا،(مادێمبا دیۆپ)، كە مردنە بەئازارەكەی بە زاراوەی ڕاستی وەسف دەكرێت. مادێمبا لە ئەلفا دەپاڕێتەوە كە بە بڕینی قوڕگی لەو نەهامەتییە پڕ ئازارە ڕزگاری بكات، بەڵام ئەلفا نایكات. ڕۆمانە بچووک و چڕەكە وەک هەوڵێک بۆ كەفارەتی ئەم شكستەی هاوڕێیەتی بەردەوام دەبێت، بە كردار هەوڵدەدات كە چۆن ئەو جۆرە زەبر و زەنگە ڕێگەی خۆی لە مێشكدا بكاتەوە. ئەلفا دەڵێت: (ئەوەی كە ئەمڕۆ هەم، ئەوكاتە بوومایە، كە سەری بەرەو من سووڕاند و دەستی چەپی لەلای ڕاستمدا بوو، داوای لێكردم بیكوژم، دەمكوشت.)

جارێكیتریش، لەگەڵ ئەم كرانەوەیەدا، هەندێک لە خوێنەران لە ڕۆمانەكە دووردەكەونەوە بەوەی ڕۆمانێكی توندوتیژو خەماوییە. بەڵام لێرە جوانییەكی گەورە هەیە. ڕستەكانی دیۆپ تایبەتمەندییەكی بەرزو نزمی هەیە، دەستەواژەكان هەڵدەگرن كە لەگەڵ دووبارەبوونەوەدا بە شێوەیەكی نەرم لەبەر دەكرێن. زۆرجار یەک چاودێریكردن بەناو بابەتێكدا درێژدەبێتەوە، لەگەڵ ڕۆشتنیدا دەگۆڕێت. ئەلفا دەڵێت (ڕاستی خودا، من باوەڕم وایە كە خودا هەمیشە لە دوای ئێمەوەیە)، دواتر دەشڵێت (ئەوە شەڕە؛ ئەوە كاتێكە كە خودا دوواداكەوێت لە مۆسیقای مرۆڤەكان، كاتێک ناتوانێت لە یەک كاتدا داوە تێكئاڵاوەكانی چارەنووس لێک جیابكاتەوە.)

وەپێشخستنی خاڵی گێڕانەوە بۆ سەرەتای چیرۆكەكە ڕێگە بە دیوانە دەدات كە باسێک لە شێتی خۆی پێشكەش بكات. دوای مردنی مادێمبا، هەر جارێک ئەلفا دەچێتە ناو خاكی دووژمن، دەستێكی بڕدراوی ئەڵمانییەک دەهێنێتەوە. هاوڕێكانی سەرەتا دڵخۆش دەبن و سەرسام دەبن بە ئازایەتییەكەی. ئەوان ئەوە نازانن ئەمەلەڕاستیدا دووبارەكردنەوەی مردنی مادێمبایە. ئەلفا بە دزییەوە دەچێتە سەر قوربانییە ئەڵمانییەكانی، ناو زگیان دەردەهێنێت، تامی مردنێكی سەختیان پێ دەچێژێت، دواتر بەشێوەیەكی میهرەبانە و بە جووانی بە چەقۆ قوڕگیان لێدەكاتەوە. "لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە". ئەوە ڕەحمەتی شێتێكە، دەرفەتێكە بۆ ئەوەی ئەو ڕزگاربوونە لە ئازار بە دووژمن ببەخشێت كە لەگەڵ هاوڕێكەی نەیكرد.

دووبارەبوونەوەی كردارەكانی ئەلفا لە چوونە ناو خاكی دوژمن دەنگدانەوەی زۆری لێدەكەوێتەوە لەناو هاوسەنگەرەكانی. كاتێک كە دەستی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی خۆی دەهێنێتەوە دەبێتە مایەی نیگەرانی لای هاوسەنگەرەكانی. ( سەربازە سپی پێستەكان لەناو خۆیاندا دەستیان كرد بە قسەو مقۆمقۆ؛ دەمتوانی لە چاوەكانیاندا بیخوێنمەوە .دەیان وت ئەم شوكولاتەیە بەڕاستی سەیرە! ئەوانی تر، سەربازانی شوكولاتەی ڕۆژئاوای ئەفریقا وەک من، ئەوانیش دەستیان كرد بە وتن و منیش لە چاوی ئەواندا خوێندبوومەوە.) ئەم ئەلفا ندیایە لە گوندی گاندیۆلی نزیک سانت لویس لە سەنیگال، كەسێكی ڕەفتار سەیرە." هەمان كردەوە كە چەندین جار بەس دووبارە دەكرێتەوە، ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی كەسێک بناسێنێ وەک پاڵەوان و جانەوەر.

خستنە پاڵ یەكتری لە سەربازانی سپی و ڕەش، زۆرجار لە هەمان ڕستەدا، خزمەت بە ئامانجێكی هاوشێوە دەكات، هەروەها جەخت لەسەر هەژموونی هێڵی ڕەنگ لە سەنگەرەكاندا دەكاتەوە. ئەلفا دڵنیا بوو سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی كاپتنەكەی لە تۆنی دەنگی(مانگیندا)، كاتێک بە شوكولاتەكانی دەوت (یاری دڕندە بكەن) و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ڕستەسازییەكان ئاماژە بە گشتگیرییەكی تاریک دەكات، واتە؛ لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە.

دیۆپ بە درێژایی ڕۆمانەكە ئەوەی دۆكیومێنت دەكرد كە چۆن فەرەنسییەكان ترسی ڕەگەزییان قۆستووەتەوە، چ لە بەرەكانی شەڕ و چ لە دەرەوەی شەڕ. پێش ئەوەی ڕیخۆڵەكانی قوربانییەكی (كراوت) دەربهێنێت، ئەلفا لە چاوە شینەكانیدا ناوی خۆی تۆمار دەكات (ترسێكی ترسناک لە ... ئەوەی كە لەبارەی منەوە پێی وتراوە، و ئەوەی باوەڕی پێكراوە بەبێ ئەوەی هەرگیز منی بینیبێت.) داوا لە وەرگیراوانی ڕۆژئاوای ئەفریقا كە زۆربەیان نە فەرەنسی دەخوێننەوە و نە قسەی پێدەكەن، داوایان لێدەكرێت چەشنە ڕەگەزپەرستییەک وەک ستراتیژی سەربازی بگرنەبەر. دوور لەوەی شەڕێک كە تەنیا لە نێوان زلهێزەكانی ئەوروپادا بەڕێوە دەچوو. جەنگی جیهانی یەكەم وەک هێزێكی ئیمپریالیستی لۆژیكێكی هاوبەشیان لە ناوەڕۆكدا هەبوو.

جێگای سەرنجە، دیۆپ توانیویەتی فۆبیای جوگرافیای بابەتەكەی تێپەڕێنێت. تەواوی گێڕانەوەكە لە نێوان هێڵەكانی پێشەوەی شەڕ و بەرەی دوواوەی شەڕ (چاكبوونەوە)ی شەڕەكەدا كۆتایی پێهاتووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی لە سەنیگاڵ كات بەسەر دەبات، ئەوەندەش لە بەرەكانی شەڕدا بەسەر دەبات.

دوای ئەوەی ئەلفا دەستی حەوتەم دەهێنێتەوە، هاوسەنگەرەكانی گومانی شێتی لێدەكەن، دواتر دەنێردرێت بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەیەكی مەیدانی چارەسەر وەربگرێت. لەوێدا ئەلفا لەلایەن ئەو كەسەی كە بە شێوەیەكی زانستی ناوی (دكتۆر فرانسوا یان پەرستار خاتوو فرانسوا.) یە و لەناو جێگەی نەخۆشخانەیەكدا گۆشەگیر دەكرێت، یادەوەرییەكانی بەرەو گوندی زێدی خۆی و هاوڕێیەتی سەرەتایی لەگەڵ مادێمبادا سەرگەردانن. لە چوارچێوەی چارەسەری دەروونیدا، سێ وێنە دەكێشێت، یەكێكیان وێنەی دایكی، ئەوی تر وێنەی مادێمبا و سێیەمیان یەكێک لە حەوت دەستەكە. ئاشكرایە كە دایكی ئەلفا لەلایەن مەغریبییەكانەوە ڕفێنراوە و فرۆشراوە وەک كۆیلەی سێكس، دوای ئەوە خێزانی مادێمبا لە بەخشندەیی خۆیان ئەلفایان هێنایە لای خۆیان.

كوڕەكان پێكەوە بە ڕێوڕەسمی نەریتی خۆیان تەمەنی هەرزەكارییان تێپەڕان. تەماحی مادێمبا و نەمانی دایكی ئەلفا كە پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی بچنە شەڕەوە. (لە كاتێكدا هەندێک لە سەربازە ئەفریقییەكان خۆبەخشانە بەشدارییان لە سوپای فەرەنسادا كرد، بەهۆی بەڵێنی كرێ و ئەگەری كۆچكردنەوە بۆ فەرەنسا، زۆرینەش بەزۆر ڕاپێچ دەكران).

لە ڕێگەی ئەم یادەوەرییانەوە ڕۆمانەكە ترس و بیمەكانی شەڕ لەگەڵ دیمەنەكانی كوڕێتی لە لادێكانی سەنیگالدا دەخاتەڕوو. پەشیمانی ئەلفا بەرامبەر بە مادێمبا وەک هێڵێكی بەردەوام و بەهێز دەمێنێتەوە. ئەوان هەردوو عاشقی هەمان كچ بوون، كە لە دوایین شەودا پێش ئەوەی بەرەو فەرەنسا بڕۆن، كچەكە ئەلفای قۆزی هەڵبژارد وەک خۆشەویستەكەی لەبەرانبەر مادێمبای لاواز. شكستی ئەلفا لە نەبڕینی قوڕگی مادێمبا ئەم خیانەتە ڕەسەنەی بیردەخاتەوە: ( مردن بەبێ ئەوەی هەموو چێژەكانی جەستە بزانیت دادپەروەرانە نییە. مادێمبای هەژار و لاواز).

بەبێ زیادەڕۆیی، هەندێک لەجوانی سەرنجڕاكێش لە كۆتایی ڕێگەكە ئاماژە بە یەكگرتنی مێشكی دوو هاوڕێكە دەدەن لە یەک جەستەدا. لە ڕوانگەی كەسێكی وەک د. فرانسوا، تێكەڵبوونی ڕواڵەتی ئەلفا و مادێمبا ("دەنگێكی كەم لە سەرمدا") ڕەنگە وەک شیزۆفرینیا بخوێنرێتەوە. بەڵام ڕۆمانەكە پێشتر ئاماژەی بە نەریتی جادووبازەكان كردووە كە لێكدانەوەیەكی هاوشێوە پێشكەش دەكەن. یان ئەلفا لە كاتێكدا كە هۆشیارییەكەی دەست دەكات بە تێكەڵبوون لەگەڵ مادێمبادا، ملكەچی دەروونی دەبێت- یان پراكتیزەكردنی ترسناكانەی دێمەكان كە بریتین لە "ڕۆح خواردن" لە یەک كاتدا بووەتە نەفرەت و كردەوەیەكی قووڵی هاوڕێیەتی. تێكەڵبوونی دوو ڕۆح لە یەک فۆرمێكی فیزیكیدا، وەک چۆن ئەلفا جەستەی خۆی بە قەرز دەداتە هاوڕێكەی.

بەڵام شێوازی هاوبەشكردنی جەستەی ئەلفا دەبێتە هۆی توندوتیژی زیاتر. دیمەنێكی سێكسی لوتكە لەگەڵ خاتوو فرانسوا كە بە شێوەیەكی ناڕوون ڕەزامەندی هەیە، دوو جار دەگێڕدرێتەوە، جارێک لە ڕوانگەی مادێمبا، جارێک لە ڕوانگەی ئەلفا.

ژنكوژی بەشێكی سەرەكییە لە ئەدەبی جەنگدا. بەڵام لەم ڕۆمانەدا دەنگدانەوەی شەڕ و لاقەكردن هەنگاوێک واوە تر دەڕوات. بەزاندنی سنوورەكان لە ناوەوە و دەرەوە، بیرۆكەیەكی قووڵە لە ڕۆمانەكەدا، بیرۆكەیەک كە واتایەكی سێكسی هەیە. دیۆپ پێشنیاری ئەوە دەكات كە شەڕ دوا دزەكردنە بۆ جەستە بە ئامێر و دەروون بە ترسناكییەكان كە شایەتحاڵین.

ئەلفا لە مردنی مادێمبادا دەڵێت( ناوەوەی هاتبووە دەرەوە مێشكی هێندە كرابووەوە كە بتوانم و بزانم چی لەوێ حەشارداوە. وە ئەوەی لەوێ خۆی حەشارداوە، ڕەنگە خودی مادێمبا بێت.)

دوا بەریەككەوتن لەگەڵ خاتوو فرانسوا زۆر لێكدانەوەو خوێندنەوە هەڵدەگرێت. لاقەكردنە، كرداری شەڕە، تۆڵەسەندنەوەیەكی نیشتمانییە لە فەرەنسییەكان و شانۆگەرییەكی خۆئاگادارانەیە لەسەر ئەو دڵەڕاوكێیە ڕەگەزییەی كە سووتەمەنی ئەو هەڵمەتە پڕوپاگەندەییەی ئەڵمانیا(ترسی ڕەش لەسەر ڕووباری ڕاین) بوو. هەروەها چاكەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ هاوڕێیەک : دەرفەتێكە بۆ مادێمبا كە لە شوێنێكدا لەناو مێشكی ئەلفادا لە خەوندایە، دواجار كوڕێنییەكەی لەدەست بدات. تەماحی دیۆپ لێرەدا جێگەی ستایشە، بەڵام سەرنج و لێكدانەوەكان جۆراوجۆرن لە كاتێكدا ڕۆمانەكە بەپەلە بەرەو كۆتایی خۆی دەڕوات.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانی (لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە) بە شێوەیەكی گشتی دووبارەكردنەوەیەكی سەرسوڕهێنەرە بۆ زۆرێک لەكۆنترین چیرۆكەكان سەبارەت بە تاڵانكارییەكانی جەنگ. جەختكردنەوە لەسەر هاوڕێیەتی و تاڵانكردن و كەفارەتكردن بە گەڕانەوە بۆ ئۆدیسێ. دیۆپ لە ڕێی تەكنیكی گفتوگۆ ئەدەبییەكان و دەنگە تایبەتەكانی ناخی خۆی، ئەم تەوەرانە دەخاتە ناو دەروونناسییەكی جادووبازی ترەوە، دیدگایەک هەیە پێیوایە كە زۆرجار لە بەڵگەنامەنووسین دەرچووە كە یارمەتیدەر بووە لە ئیلهامبەخشین بۆ بیرۆكەی ڕۆمانەكە، دووبارە خەیاڵ دەكاتەوە؛ نمونەی نامەی سەربازەكان بۆ ماڵەوە.

ڕۆمانی (لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە) زۆر شەخسییە، تایبەتە، نیشانەی دڵسۆزی و هەروەها جۆرێكە لە بەڵگەنامەی مێژوویی. دیۆپ توانیویەتی پاشەكشێ بەو سەرنجە سەنیگالییە بكات سەبارەت بەو دیدەی پێشنیاری ئەوە دەكات كە سەنگەرەكان تەنیا هی ئەوروپییەكان بن.

(لە شەودا هەموو خوێنێک ڕەشە)بۆ كەسانی دڵ لاواز نییە. بەڵام بۆ ماوەیەكی درێژ، گێڕانەوەكە لەگەڵ جوانییە ساردەكانی ڕووباری (ستیكس) دا هەڵدەقوڵێن و كۆتایی جادووگەرەكەی وا دەكات بە تەواوی جیاواز بێت. لەبارەی كایەی ئەدەبی ئینگلیزییەوە، ڕەخنەگران تۆمەتباریان كردووە بە كاڵكردنەوەی چوارچێوەی ئەخلاقی ڕۆمانەكە،وە زۆر بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەوەی هاوسۆزی خوێنەر لە كوێدا بێت. ڕۆمانەكە بە ڕوونی و بە شێوەیەكی تازەگەری، دژەباوە. دیۆپ پێشنیاری ئەوە دەكات لە ئەخلاقی جەنگدا هیچ شتێک تەواو ڕەش و سپی نییە. ئەوەی هەیە تەنهاو تەنها شێتییە.

https://foreignpolicy.com/2020/11/21/trenches-colonizer-world-war-i-france-senegal-review-david-diop-night-all-/blood-is-black

# سەبارەت بە کۆبوونەوەی دەستەیەک لە هەڵسوڕاوانی ناوەندەکانی کار لە سلێمانی

**نەوزاد بابان**

چوارشەمە ڕێکەوتی (٤-١٢-٢٠٢٤) کات ژمێر دوو و نیوی دوانیوەڕۆ (١٤:٣٠) نوێنەرانی چەند ناوەندێکی کار کە بریتی بون لە (ماملۆستایانی نارازی) و (ئەنجومەنی سەربەخۆی کارەبا) و (ڕێکخراوی خانەنیشینان) و (سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان) و بەشێک لە کاسبکاران و چەند نوێنەرێکی شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی کۆبونەوە.

لەو کۆبونەوەدا بڕیاردارا کە:

1. ناوەندێکی نارەزایەتی سەراسەری ڕێکبخرێت لەسەراسەری کوردستان کە تەواوی ناوەند و ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە خۆبگرێت.
2. هەر بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی (١١) کەسی دیاریکرا بۆ هەڵسوڕانی کار و چالاکییەکانی ئەو ناوەندەی کە پێکدە هێنرێت.
3. داوکرا لە تەواوی نوێنەری شار و شارۆچکەکانی تر کە کۆبونەوەی نوێنەرانی خۆیان ئەنجام بدەن.
4. کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی نوێنەرانی سەران سەری لە ئاستی کوردستان.
5. جەختکرایەوە لەسەر ئەوەی کە لە داهاتوودا هەموو شێوازێکی خۆپیشاندان و نارەزایەتی مەدەنی و مانگرتن بە مافی خۆمان دەزانین لە بەرامبەر بە ماف و خواستەکانمان.

**پاشخان و هۆکاری ئەم جموجوڵە**

یەکەم. دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی، کوردستان دەچێتە ناو بارودۆخێکی تازەوە. جەماوەر چ لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا (٢٠١٨) و (٢٠٢١) کە بایکۆتیان کرد و چ لەم هەڵبژاردنەی (٢٠٢٤)دا کە ڕێژەیەکی زۆرتر بەشداریان کرد، لە هەردوو حاڵەتی بایکۆت و بەشداریدا شتێکی ئەوتۆ لە ژیانیان نەگۆڕاوە و ناشگۆڕێت، ئەوەتا کێشەی دواکەوتنی مووچە هەر بەردەوامە.

ئەمەش سەرەتا لەوانەیە ڕەشبینی و بێ ئومێدییەک بخوڵقێنێ، بەڵام هەر زوو ئەم ڕەشبینی و بێ ئومێدییە کۆتایی دێت، چوونکە توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەک ماملۆستایان، کارمەندان و خانەنشینان، کرێکارانی ژینگەپارێز، کچان و کوڕان کە خوێندن تەواو دەکەن و دێنە بازاڕی کارەوە و کاریان دەست ناکەوێت، ناچارن بۆ بەرگری لە خواست و لە مافەکانیان بێنەوە مەیدان. ئەویش بەم دەلیل و بەڵگانەی خوارەوە:

کابینەی هەشتەمی (نێچیر بارزانی) پایەکانی سیاسەتی نیولیبراڵی ئابووری لە ڕاگرتنی دامەزراندن و خەسخەسە و وێرانکردنی کەرتی گشتی دارشت. کابینەی نۆهەمی (مەسرور بارزانی) زۆر بە خێرایی و بە بەربڵاوی پەرەی بەو سیاسەتە نیولیبرالییەدا کە ئیتر کارەبا و خوێندن و تەندروستی لە کەرتەکانی گشتیدا تەواو لەناوبران.

کابینەی دەهەمیش کە بڕیارە دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەم پێک بێت حەتمەن درێژە هەر بەم سیاسەتە دەدات. ئەمەش یانی دامەزراندن لە ئارادا نابێ و بێکاری پەرە دەستێنێ، باج و خەراج زیاد دەکات، هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل ئاستی مەعیشەتی خەڵک بەرەو هەژاری زیاتر دەبەن.

دووەم. ئێمە وەک هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو بارودۆخە تازەیەی کە بەڕێوەیە.

سێیەم. خۆ ئامادەکردن پێویستی بە هێنانەدی کۆڕ و کۆمەڵ و دەستە و کۆمیتە و ئەنجومەن و ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە لەناو هەر توێژێکی کۆمەڵایەتیدا.

چوارەم. هەروە پێویستی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی هەیە لەنێوان ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەن و ڕێکخراوانەدا. بۆ نمونە وەک هێنانەدی (ناوەندی هاوکاری هەڵسوڕاوانی سەربەخۆ) یان (تۆڕی هاوکاری ناوەندەکانی کار و ژیان).

پێنجەم. ئەم جموجوڵەی ئێمە دەبێ پەل بهاوێت بۆ هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان و لەهەر شارێک و لە هەر توێژێکی وەک لە ماملۆستایان، کرێکاران و کارمەندانی کەرتەکانی کارەبا و ئاو، ژینگەپارێزان و خانەنشینان و بێکاران کۆمیتە و ئەنجومەن و ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن و لە پەیوەندیدا بن بە ئێمەوە.

شەشەم. پێویستە خواستەکانمان هەر تەنها سنوردار نەبێتەوە بە پێدانی موچە لە کاتی خۆیدا و بە تەواوی بەبێ لێبڕین، بەڵکو دەبێ وەرگرتنەوەی مووچە نەدراوەکانی ساڵانی ڕابردوو، هەروەها پلەبەرزکردنەوە، نەهێشتنی کاری خۆبەشی و کردنی گرێبەستەکان بە دائیمی لە خواستە سەرەکیەکانمان بن. ئەڵبەتە لەگەڵ زۆرێکی تر لە خواستی بەرزبوونەوەی مووچە و دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتی و ژینگەیەکی تەندروست و خواستی تایبەت بە ژنان و کچانی کارمەند و کرێکار و بەرگرتن بە هەراسانکاری سێکسی لە شوێنی کار ... هتد.

حەوتەم. ئەمرۆ کوردستان وەک هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە پڕیەتی لە کرێکارانی بیانی (ئەجنەبی). کە ناچارن بە خراپترین هەلومەرجی کارکردن و کەمترین کرێ و مووچە ڕازی بن، ئەمەش بارودۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە خاوەن پرۆژە ئابووری و کۆمپانیاکان دەستیان ئاوەڵا بێت تا نارەزایەتییەکانی کرێکارانی ناوخۆ بۆ کرێ و مووچەی باشتر خامۆش بکەن و ئاستی گوزاران و هەلومەرجی کارکردنی کرێکارانی ناوخۆش دابەزێننەخوارەوە و قازانجی زۆرتر بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ڕێگەی کرێکاری بە پێچەوانەی ڕێگەی ڕەزگەزپەرستانە بۆ دەرپەڕاندنی کرێکارانی بیانی لە ناوخۆ، لە هەوڵدا دەبێت تا پەیوەندییەکی سروشتی چینایەتی لەنێوان کرێکارانی بیانی و کرێکارانی ناوخۆدا دابمەزرێت و هەوڵبدرێت ئەم توێژەش لە کرێکارانی بیانی کۆڕ و کۆمەڵ و کۆمیتەی تایبەت بەخۆیان پێک بهێنن و لە هاوکاری و هاو ئاهەنگی کاردا بن لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەن و ڕێکخراوە سەربەخۆکاندا بۆ بەهێزکردنی هاوخەباتی و تێکۆشانمان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکان و هەر لەم پەیوەندەشدا لەدژی ڕاسیزم و جیاکاری و هەڵاواردن و سوکایەتی کردن بە کرێکارانی بیانی بجەنگێین.

دێسمبەری ٢٠٢٤



# سوریای دوای ئەسەد و چەند سەرنجێک

**عەبدوڵا ساڵح**



دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا لە ماوەی (١٢) ڕۆژدا و هاتنە مەیدانی ڕێکخراوی تیرۆرستی (هيئة تحرير الشام-جبهة النصرة) وەک دیفاکتۆیەکی جێگرەوەی ئەو ڕژێمە، ڕابەرەکەی (ئەحمەد ئەلشەرع- ئەبو محەمەد ئەلجولانی) وەک تاکە سەرکردە و حاکمی دیفاکتۆی سوریا خۆی داسەپاند لەنێو بێدەنگیی باقی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا، کە نزیک بە دوانزە لایەنیان هێزی میلیشیایان هەیە، ئەمەش وەک جۆرێک لە پەراوێزخستنی ئەوان دەرکەوت.

ڕوداوەکانی سوریا، لە ئێستادا، زۆر لەوە ئاڵۆزترن پێشبینی دەرئەنجامەکانیان لە کورتماوەدا بکرێ، دوای ئەم ڕووخانە وێنەی گشتی ڕەوتی ڕووداوەکان لە سوریادا ڕوون نییە، لەبەر ڕۆشنایی یەکتربڕینی بەرژەوەندی و ئەجێندا و حیساباتی نێوان لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و هەروەها لایەنە ئۆپۆزۆسیونەکانی تری سوریا جگە لە بەرەی نوسرە.

بۆیە تەنیا دەکرێ ئاماژە بە چەند لایەنێکی ئەم ڕوداوە بکرێ کە بەزەقی دەرکەوتون و لەوانەش:

- ئەم پەلامارە سەربازیەی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەمێک بووە لە لایەن تورکیاوە نەخشە و پلانی بۆ دانرابوو، واتە کتوپڕ نەبوو، تەنانەت دەنگۆ هەیە جگە لە ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕوسیاش لێی بێخەبەر نەبووبێ.

- جەماوەری وەتەنگ هاتوی سوریا هاتنە مەیدان و دیواری ترسیان شکاند، واتە ئەو بەربەستەیان تێکشکاند کە بۆ زیاتر لە نیو سەدە ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرییە هەڵیچنی بوو، گرتوخانەی بەدناوی (سەید نایا) یەکێکە لە نمونەکانی ئەم دیواری ترسە. هەر بۆیە ڕووخانی شارە یەک لەدوای یەکەکانی سوریا بەبێ هیچ ڕوبەڕوبونەوەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی چەند هەزار تفەنگچییەکەوە نەبوو، بەڵکو بە خواست و ویستی ئەو جەماوەرە بوو کە ئیتر چیتر ئەم ڕژێمە ناتوانی حاکمیەتی خۆی بە ترس و تۆقاندن بەسەریاندا بسەپێنێ. سوپای ماندوی سوریاش، چ لە ڕوی کەرەستە و پێداویستی جەنگی و چ لە ڕووی سەربازیەوە، ئیتر ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نەمابوو تا بەرگری لێبکەن بۆیە بەشێکیان چونە بەرەی جەماوەری ڕاپەڕیو وەبەشێکیان ڕایانکرد.

- ئێران و دەستەودایرەکەی (حەماس، حزبوڵا و دواتر ڕژێمی ئەسەد) شکستێکی سەربازی و سیاسی گەورەیان خوارد، وا پێدەچێ ئەم پەلامارە بۆسەر هێزە میلیشیاکانی سەر بە ئێران، چ لە عێراق و چ لە یەمەن بەردەوامی هەبێ، لە ئەنجامدا ئێران وەک هێزێکی ئیقلیمی پاشەکشەی پێکرا و بە شوێنیدا بۆشایەک لەناوچەکە دروست بوو کە تورکیا توانیویەتی تا ئەمرۆ بەشی زۆری ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

- تورکیا ڕاستەوخۆ دەستی هەبوو لە دنەدان و پاڵپشتی کردنی چەکدارانی گروپە ئیسلامییەکان کە چەندین ساڵە لەژێر باڵی خۆی داڵدەی داون و تا ئەو ڕۆژەی پەلاماری پێدانە سەر سوریا و یەکەم هەنگاو شاری حەلەب گیرا. ئێستا یاریکەری سەرەکی نێو مەیدانی سیاسی سوریا، تورکیایە لە ڕێی هێزە توندڕەوە و ئیسلامییەکانەوە. وەزیری دەرەوەی تورکیا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەوان لە سوریا ئامانجێکی ستراتیجیان هەیە ئەویش تێکشکانی بەرەنگاری کوردەکانی سوریایە، بۆیە چەند ڕۆژێ نەبرد دوای ڕوخانی ئەسەد، هێزە بەکرێگیراوەکەی تورکیا ((سوپای سوریای ئازاد))، ئەوهێزەی کە چەند ساڵ پێش ئێستا وەک بەکرێگیراو (مورتەزەقە) لەلایەن ئەردۆگانەوە نێردرا بۆ شەڕ لە (لیبیا) و دواتر بۆ شەڕی ناوچەی (ناگۆرنی قەرەباغ) لە ئەرمینیا و ئێستاش بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆ شەڕی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەپشتیوانی تانک و تۆپی سوپای تورکیا، ئەوە بوو سەرەتا پەلاماری تەلرفعەت و مەنبەجیاندا و ئێستاش ڕویانکردۆتە (کۆبانی)، لە ئەگەری پەلاماری ئەم هێزە بەکرێگیراوە بۆ ئەم شارە، ئەوا کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

- قەتەریش وەک هاوفکر و هاو ئایدۆلۆجی تورکیا لوتی خۆی خستۆتە ناو ئەو هەڵایەی لە سوریا سەری هەڵداوە، کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەری، وەک دەزگایەکی زەبەلاحی ڕاگەیاندن لە جیهاندا چۆتە پشت ئەم سیاسەتانەی تورکیا لە ناوچەکە و بۆتە زورناژەنی ئەردۆگان.

- ئەردۆگان وەک ئیخوانیەکی فاشیست هەڵگری بیرو باوەڕی توندوو تیژی ئیسلامییە، لەلایەک دەیەوێ خەونی زیندوو کردنەوەی خەلافەتی عوسمانی بێنێتەدی و لەلایەکی ترەوە وەک فاشیستێکی قەومی باڵادەستی خەڵکی تورکزمانی بەسەر باقی نەتەوەکانی تری ناوچەکەدا کردۆتە ئامانج، بەکورتی بۆتە فاشیستێکی دووفاقە.

- هەڵوێستی، ژێرزمان و سەرزارەکی، ئەمریکا لەمەڕ کۆنترۆڵی خەونەکانی ئەردۆگان، بۆ ئەوە نابێ دانیشتوانی کوردستانی سوریا ئومێدی لەسەر هەڵبەستن، ئەوان بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە تەنیا بۆشەڕ دژی داعش پشتیوانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکەین، هاتنە مەیدانی فەرەنسا و بەجۆرێکیش ئەلمانیا بۆ ڕێگری لەو کوشتارگایەی ئەردۆگان بەنیازە بەرپای بکا، دووبارە ئەوەندە جێگای ئومێد نییە چونکە ئەو زلهێزانە بۆیە هاتونە مەیدان تا پەیامێک بدەنە تورکیا کە ڕێگا نادەین بەتەنیا سوریا قووت بدەی. هەرکات ئەوانە بەرژەوەندییەکانیان لەلایەن تورکیاوە زامن بکرێ ئەوا دەستبەرداری ئەم زرە پشتیوانیەش دەبن.

- کارەساتی گەورەتر بۆ دانیشتوانی کوردستانی سوریا ئەوەیە نەتەنیاهۆ و دەوڵەتە فاشستەکەی ئیسرائیل بەرگریان لێبکا، دەوڵەتێک کە دوای پەلامارە تیرۆرستیەکەی حەماس بو سەر ئیسرائیل لە (٧)ی ئۆکتۆبەری پار ساڵ (٢٠٢٣)، تا ئەمرۆ نزیک بە چلو پێنج هەزار خەڵکی سڤیلی فەلەستینی کوشتووە کە بەشێکی بەرچاویان منالن، ئەم دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستە ساڵێک زیاترە کەرتی غەزەی کاولکردوە وە هیچ سیمایەکی شارستانی پێوە نەهێشتوە و دەست لە هیچ تاوانێک بەرامبەر دانیشتوانەکەی ناپارێزێ، ئەم پیشتیوانییەی ئیسرائیل بەشێک لە ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی بە هەندیان وەرگرتوە و چاویان تێبڕیوە.

- بەگۆڕینی جلوبەرگ (جولانی) لە تیرۆریستێکەوە نابێتە کۆترێکی ئاشتیخواز، ئەوانە بنەما فکرییەکەیان (جیهاد)ە ، کاتێک کە دەسەڵاتیان بۆ یەکلا نەبۆتەوە گوتاریان دەڵێ: "ادعوا الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة"، واتە بەئامۆژگاری و قسەی جوان ڕێگای خوا پەرستی بەخەڵکی نیشان بدە، کاتێکیش دەسەڵاتیان بەتەواوی هاتە دەست دەڵێن : "ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون" ئەوەی بەو شەرعە حوکم نەکا کە خوا هێناویەتە خوارەوە کافرە و سزای کافریش لە ئیسلامدا دیارە. لەو ڕۆژانە یەکێک لە بەرپرسە دیارەکانی ئەو دەسەڵاتەبەناوی ( عوبەیدە ئەرنائوت) ڕایگەیاند (جارێ کاتی ئەوە نییە باس لە وەبکەن ژن ببێتە وەزیر یا ئەندام پەرلەمان، ژنان دەبێ ئەو کارانەیان پێبسپێردرێ کە لەگەڵ توانایی جەستەیان دێتەوە!!)


- دوێنێ پێنجشەممە ١٩-١٢-٢٠٢٤ لە مەیدانی (ئومەویون) لەناوجەرگەی دیمەشق سەدان کەس گردبونەوە و داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی و مەدەنیان کرد و پێداگریان کرد لەسەر ڕۆڵی ژنان لە سوریای ئایندەدا و بەدەنگی بەرز هاواریەنکرد (دەوڵەتی دینۆکراتیمان ناوێ).

- ئەوەی لێرەدا دەکرێ ئومێدی لەسەر هەڵببەسترێ چاوی هیوای تێببڕێ بۆ بەرەنگاری لە سیاسەتەکانی ئەردۆگانی چەنگ بەخوێن، و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد و یەکسان لە سوریا، تەنیاو تەنیا بە هێنانەدی یەک ڕیزی و یەکگرتویی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی سوریا بەهەموو پێکهاتەکانیەوە و مەیدانداری سیاسییان و ڕێگریان لە ئاڵوگۆڕکردنی دیکتاتۆرێک بە یەکێکی تر، ئەم خەباتە بێشک جێگای پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و جیهانە.

٢٠ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٤

# کوشتنێک! دۆسیەی مەرگی هەزارانی زیندووکردەوە

**جەمال کۆشش**




بەیانییەکی زووی ڕۆژی (٤-١٢-٢٠٢٤)، لە بەناوبانگترین وتێل (ماریۆت متداون--Marriott Midtown)، لەناوەندی شاری نیۆیۆرک لە (مانهاتن)، (برایان تۆمپسن-Brian Thompson) بەڕێوەبەری بیمەی تەندروستی (یونایتد هێڵث-United Healthcare) کە بۆ کۆبونەوەی وەبەرهێنەران دەچوو، لەلایەن (لویجی مانجیۆنێ-Luigi Mangione)ەوە بەسێ گولە کوژرا.

ئەم کوشتنە، فراوانترین جەدەلی میدیایی و فکری و سیاسی تەنانەت لە دەرەوەی ئەمەریکا، لە ئەورووپاش برەو پێدا و میدیا گەورەکانی وەک (نیۆیۆرک تایمز) و (فۆکس) و (ئیکۆنۆمیست) و (سی ئێن ئێن) و میدیای ئەڵمانی زمانەکان و کەناڵی تەلەفزیۆنی (ئەلجەزیرە)ش لەبارەیەوە دوان، بەداخەوە لە لایەن میدیای کوردییەوە فەرامۆش کرا.

کۆمپانیای (یونایتد هێڵث)ی ئەمەریکی گەورەترین کۆمپانیای بیمەیەی تەندروستییە، زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەس لەلای ئەو بیمەکراون، ساڵانە (٣٥٠) بۆ (٤٠٠) ملیارد دۆلار سەرمایە بەگەڕ دەخات، وە چروکترین و ڕەزیلترین و لە هەمانکاتدا پڕ نەفرەترین کۆمپانیایە لە وڵاتی ئەمریکا و زیاتر لە سەدا سی و دوو (٣٢%)ی داواکان ڕەد دەکاتەوە کە لەلایەن دکتۆرەکانەوە بۆ نەخۆشەکان دەنوسرێن، و قازانجی ساڵی (٢٠٢٤)ی کۆمپانیاکە زیاتر لە دە (١٠) ملیار دۆلار بووە.

سکاڵایەکی زۆر و بەردەوام لەدژی ئەم کۆمپانیایە لەئارادا بووە، (٦٠-٧٠) کەس خۆپیشاندانێکیان لەمانگی (٧) (تەمموزی ٢٠٢٣) لەبەرامبەر بەڕێوەبەرایەتییە سەرەکییەکەی ئەنجامدا، بەڵام بێ وەڵام مانەوە، هەروەها لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە، شکایەتێک لەدژیان لە ئێستادا لە پرۆسەدایە.

(برایان تۆمپسن-Brian Thompson)ی تەمەن پەنجا (٥٠) ساڵەی کوژراو، کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (یونایتد هێڵث) بوو، زیاتر لە بیست (٢٠) ساڵە لەنێو ئەم کۆمپانیایەدایە، یەکێک بووە لە کەسایەتییە هەرە گرنگ و بڕیاربەدەستەکانی ئەم کۆمپانیایە و تا ئەوەی بوو بە بەڕێوەبەر.

(لویجی مانجیۆنێ-Luigi Mangione)ی تەمەن بیست و شەش (٢٦) ساڵە کە بکوژەکەیە، کوڕی خێزانێکی ئیتالیاییە کە لە دەڤەری تۆسکانیا و شاری تێلەمۆنی ئیتالیاوە کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا، گەنجێکی ئەندازیارە، بەپێی وتەی هاوڕێکانی زیرەک و ڕووخۆشە. دوای ئەوەی (برایان) دەکوژێت، بەپاسکیلیک هەڵدێت، پاشان دەچێت بۆ شارۆچکەیەک خۆی دەشارێتەوە.

کاتێک پۆلیس لێکۆڵینەوە لە شوێنی ڕووداوەکە دەکات دەبینێت لەسەر قاوغی گولەکان سێ وشەی (درۆبکە، بەرگری بکە، پشتگوێی بخە) هەڵکۆڵراوە، پاش شەش (٦) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکەی بۆ ڕای گشتی بەهۆی خەبەرلێدانی لەلایەن یەکێک لە کرێکارانی ڕیستۆرانتی (ماکدۆناڵد) ەوە لەکاتی نانخواردندا دەگیرێت و مانفێستێکی بەدەستخەتی سێ (٣) لاپەڕەیی لە گیرفانداپە لەسەر نیەتی خراپەکاری سیستمی تەندروستی ئەمەریکی بەبێ ئەوەی ناوی کەسی تیا بێت، باس لە (چاوچنۆکی کەرتی تەندروستی، قازانج بەسەر مەرگەوە، خراپەکاری سیستەمی سەرمایەداری ئەمەریکی)، (ئەم خوێنمژە شایەنیەتی) (من داوای لێبوردن بۆ هەموو نارەحەتیەکان و شۆک (صدمة)یکتان دەکەم)، (بەڵام دەبوایە ئەم کارە ئەنجام بدرێت).

بەشێک لە لێکۆڵەران دەڵێن هەڵکۆڵراوەکەی سەر قاوغی گولەکانیش بۆ کتێبێک دەگەڕێتەوە کە ڕەخنە لە سیستەمی تەندروستی ئەمەریکی دەگرێت و ئەو سێ وشەیە ناوی کتێبەکەیە، هەندێک دەڵێن نەخێر گوزارش دەکات لەو نامە ڕەتکراوانەی کە دەهاتن بۆ کۆمپانیاکە و داوای خەرجکردنی پارەیان کردووە بۆ چارەسەر نەخۆشی.

ئەم ڕوداوە، بووە هۆی بومەلەرزەیەکی فکری و سیاسی و چینایەتی بەتایبەت لە (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)دا. بەدوای گرتنی بکوژەکەدا، زۆر لە ئەمەریکییەکان سۆز و لایەنگرییان بۆ (لویجی) دەربڕی و نارەزایەتییان لەبەرامبەر گرانی لە ڕادەبەدەری سیستەمی تەندروستی وڵاتەکەیان دەربڕی و ساڵانە نیو ملیۆن کەس (٥٠٠ هەزار نەخۆش) دەکەونە ژێر قەرزەوە بەهۆی تێچووەکانی چارەسەرەوە.

هەزاران کەس (لویجی)یان کردە سمبولی "پاڵەوان"ی خۆیان و یەکسەرە ئەکاونتەکانی لە سۆشیال میدیا لە (٢٠٠٠) هەزارەوە بەرزبووەوە بۆ سەدان هەزار و وێنەکانی لەسەر تی شێرت (T-shirt) و کڵاو دیزاینکران. هەندێک وەک ( ڕۆبن هودی-Robin Hood)ی هەژاران پێناسەیان بۆ کرد. لێکۆڵینەوە و جەدەلی توندوتیژ بەرپابوو لەسەر سیستەمی تەندروستی و قازانجی کۆمپانیاکانی بیمەی تەندروستی و لەسەر ئەخلاقی تەندروستی و ڕۆڵی دەوڵەت و کەرتی تایبەتی تەندروستی.

بە سەدان کەس چیرۆکی تراژیدی خۆیان دەگێڕایەوە کە چۆن بەهۆکاری ئەوەی کە کۆمپانیاکە ئامادە نەبووە پارەی پێویست بۆ نەخۆشەکەیان تەرخان بکات، ناچار بوون پەڕەکانی ژیانیان بدەنە بەر بای مەرگ تا بەئازارەوە هەڵیانوەرێنێت!

هەندێ کەس باس لە هەڵبژاردنی جێگاکە (نیۆیۆرک وەک سەنتەری کاپیتالیستی)، و (برایان) وەک سەرمایەدارێکی چاوچنۆک و (لویجی) وەک قارەمانی کلاسیکی خەباتکاری چینایەتی، دەکەن.

سەرنجڕاکێشە کاتێک (ئەنتۆنی زینکوس-Anthony Zenkus) پرۆفیسۆری کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی (کۆلمبیا) لەشاری (نیۆیۆرک) دەنوسێت: ئەمرۆ ئێمە بەهۆی گولەبارانکردنی (برایان تۆمپسن)، بەڕێوەبەری (یونایتد هێڵث) خەمبارین، نەخێر، بوەستن، ئێمە خەمبارین بەهۆی ئەوەی هەموو ساڵێک دەبێت شێست و هەشت (٦٨) هەزار کەس لە ئەمەریکا بە خۆڕایی بمرن، تا بەڕێوەبەرەکانی بیمە، وەک (برایان تۆمپسن)، ببنە ملتی ملیۆنێر!

کردەی کوژرانی (برایان)، قوڵترین کێشەی کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕووبەڕومان کردەوە. هەمومان نەخۆش دەکەوین و دەبینە مەتریاڵی ئیشکردنی سەرمایەگوزاری، سیستەمی تەندروستی یەکێک لە پڕدەستکەوترین کەرتی سەرمایەگوزارییە لە بازاڕدا.

## پیشەسازی تەندروستی، پرسێکی جەوهەری کۆمەڵایەتی و چینایەتییە.

ڕاستە (لویجی مانجیۆنێ--Luigi Mangione)، چاوی کۆمەڵگای کردەوە لەسەر کێشەیەکی گەورەی چینایەتی، بەڵام کۆمپانیاکان لەبری گۆڕینی سیاسەتەکانیان، پاسەوانی شەخسی (بۆدی گارد--Bodyguard)یان بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکانیان پێکهێنا بۆ خۆپاراستنیان. ئەوەی زۆر گرنگە لەم کردەوەیەدا ئەزمونی لێوەربگیرێت، خۆپیشاندانە بەڕووی دەوڵەتدا بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی تەندروستیدا، ئەویش دابینکردنی تەواوی پێداویستییەکانە بۆ هەموو کەس و بەخۆڕایی و یەکسان، بەدەر لەهەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی.

کەرتی تەندروستی نابێت ببێتە مەیدانی بازاڕی سەرمایە و سەرمایەدار و کۆمپانیا خوێنمژەکان، تا مامەڵە بە مەرگ و ژیانمانەوە بکەن. لە کوردستان و عێراقیش کەرتی تەندروستی، بازاڕێکی بێ کۆنترۆڵی پسپۆڕی و داتەپیوە.

کلاسیکترین کێشە، بەکلاسیکترین شێواز، لە کۆمەڵگای کلاسیکی سەرمایەداری ئەمەریکیدا مێژوی هێنایەوە یادمان!

سەرەتای کانوونی دووەم/ جێنیوەری ٢٠٢٥

# سڵاوێکي ڕەخنەگرانە لە هاوڕێ کارزان عەزیز

(نیۆلیبراڵیزمی ئابوری، کۆمەڵە سیاسەت و پلاتفۆرم و مۆدیلێکی ئابوری سەرامایەدارییە کە ڕێگە تەخت دەکات لەبەردەم جوڵە و کەڵەکەی سەرمایە لە جیهانی ئەمڕۆدا. موئەیەد ئەحمەد)

(بازاڕی نیولیبرالیزم ئەو بازاڕەیە کە لە ڕێگای میدیا و ڕیکلامەوە بڕیار و پێداویستی مرۆڤ دەستنیشان دەکات. ناجی ئەفراسیاو)

**نوسینی جەمال کۆشش**

پەیوەندی پۆستمۆدێرن بە نیۆلیبرالیزمەوە لە نووسێنێکی کورتی کارزان عەزیزدەربارەی هەڵبژاردنی (ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی لە لیستی باشترین سەد کتێبی سەدەی (٢١)داکە لە فەیسبوکی خۆیدا بڵاویکردەوە.

### ناساندندنێکی زۆرکورتی ڕۆژنامەی (ئین زیت زتت وئین زیت ئەم سۆنتاگ)

یەک: پیشەسازی چاپەمەنی و کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوە و کتێبخانە گەورەکان، بۆ گەرمکردنی بازاڕیان و پڕفرۆشی کتێبەکان، کۆڕ و سمینارات و وۆرک شۆپی جیاوازجیاواز سازدەدەن، پێشنیاری لیستی کتێبی جۆراجۆر دەکەن، هەندێکیان لەوەرزی هاوینشدا کە بەگشتی دانیشتوانی ئەوروپا و بەتایبەت هاوڵاتیانی کاتی پشوویانە ئەم ناساندنانە ئەنجام دەدەن.

دوو: لە پێشوازی جەژنەکانی ئەورپا و سەری ساڵدا، کە بەشێک لە خەڵک نێوماڵەکانیان نوێدەکەنەوە و دەڕازێننەوە، یاقوت و گەوهەر و زیو بۆ خۆشەیستانیان دەکڕن، شەرابی نایاب و خواردنی بەلەزەت و ئاهەنگساز دەدات، پارە بۆ ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دەبەخشن، داپیرە و باپیرەکان سوپرایەزەر بۆ نەوەکانیان دەکەن، بۆ خوێنەرانیش وەک دیارییەکی دەگمەن و شایانی کاتبەخشین، لە پاشکۆی کلتوری ڕۆژنامەی (نویە زوریخ تساتونگ ئەم سۆنتاگ)، کە هاوکات (٤) پاشکۆی تریش کە تایبەت بوون بە مارکێتینگی ئەم بۆنانە، (ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا، بەزمانی ئەڵمانی بەختیار عەلی)، لە ڕیزبەندی (٨٠) هەشتاهەمیندا هاتووە.

سێ: مارتینە لۆیبەلی، سەرپەرشتیاری لاپەڕە کلتورییەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیە، خۆی ڕۆمانوس و زماناسێکی لێهاتووە، وە هەر خۆشی ناساندنێکی کورتی بۆڕۆمانەکە بەتایتڵی (جیهانێکی شیعری و واقعیاتێکی تاڵ) نوسیوە. (سەرجەم حەڤدە کتێبی ناساندووە، هەندیکیان زۆر بەکورتی و هەندێک درێژتر و چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕەخنەگری ئەدەبی ئەڵمانی دێنس شێکی تێدایە، ڕۆماننوسی سوری خالد خەلیفە (٧٣) یەمین و (ڕامیتا نوایی) کچە فارسی ژورنالیستی بەتواناشی لە ڕیزی (٦٤)یەمینی تێدایە.

چوار: ڕۆژنامەی (دی تسایت)ی ئەڵمانی کە هەمان ڕەهەندی فکری و ڕۆشنبیری و ئاستی کوالێتی هەیە، ژمارەیەکی تایبەتی بۆ باشترین سەت (١٠٠) کتێبی ساڵی (٢٠٢٤)ی بڵاوکردۆتەوە، لە لیستەکەی ئەمانیشدا چەند ناوێکی کەم هاتووە کە مارتینە لۆیبەلی دیاریکردوون.

پێنج: کاتی خۆی کە بەختیار عەلی بۆ ناساندنی ڕۆمانەکەی کۆڕەکانی لە سویسرا دەبەست، شەش دانەم کڕی، (٥) دانەی بەئیمزای خۆیەوە بۆ کەسانێک بەدیاری سەری ساڵ پێشکەشم کردن (لەوانە ڕۆماننوس و ڕۆژنامەنوسی ئین زیت زیت ئەلیزابیز هاینزمان) بۆیە ئەمە دەنوسم، دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە، بەلای منیشەوە، ڕۆمانەکە دیارییەکی جوانە و شایانی ئەوەیە کاتی پێببەخشی. بەختیار عەلی ناوی لە لیستی نوسەرە نێودارە جیهانیەکانە. نامەوێت ڕێژەیی بکەمەوە و لە بایەخی ڕۆمانەکە کەم بکەمەوە.

شەش: ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگە لێرەوە دەستپێدەکات، ئەوە چ ڕۆژنامە و لیژنە و نوسەرێکە ئەو پێگەیە دەدەن بەبەرهەم و بە نوسین و بەکەسایەتی ئەم بەرێزانە؟ ڕاست نییە ئیدی، کورد هەر شاخەکان پەنای نیە؟ داوەتی نێچیر و مەسرور بارزانی بۆ کۆشکی (ئێلیزێ)ی پاریس و کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس و مەزڵوم عەبدی و ئەحلام بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونی ترامپ، ئیدی نوێنەری کوردەکان، لە کۆنگرە و بۆنە نێونەتەوەییەکاندا نوێنەرانی نەتەوە چەوساوەکان نین. نوسەرە هەڵکەوتوەکانیشی وەک هی سیاسیەکانی، ناتوانن لەلایەن هەموو دەزگا کلتورییەکانی ئەورپاوە ئەو پێگەیەیان بەشایستە بزانن.

کارزان هیچ بەلایەوە گرنگ نییە کام دەزگایەیە لیستەکەی ئامادەکردووە؟ ئایا ( بۆ نمونە دامەزراوەی ڕۆزالۆکسمبورگە، یان کۆمپیانیای میدیاکانی ئین زیت زیتە).

حەوت: ڕۆژنامەی نویە زوریخ تساتونگ، پێشتر ڕۆژنامەی بۆرژوا لیبراڵەکان بوو. زمانحاڵی خاوەن بانکەکان، خاوەن کارتێل و کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان و لیبراڵە کۆنەزەرڤاتیڤەکانیشی گونجاند لەخۆیدا. ڕۆژنامەی بازاڕی ئازاد و گەشەی سەرمایەیە، دژی نەقابەکریکارییەکان و بیری سۆشیالیستی و مارکسیستییە، لەگەڵ کەمترین سۆشیال و بیمە کۆمەڵایەتییەکانە. لەسەد ساڵی ڕابردوودا، گرنگترین و بەتواناترین پرۆفیسۆرەکانی لەهەموو بوارەکاندا کۆکردەوە بۆ هەژمونی عەقڵی بۆرژازی و پیرۆزکردنی بەهای مالکیەت، ئینفدڤجوالیتەت (تاکگەرایی). (ئین زیت زیت) خوڵقێنەری ئایدیۆلۆژیا و پەرەپێدەری سیاسەتی نیۆلیبراڵیزمە "سیاسەتێکی ڕادیکاڵی لیبراڵیزەکانی بازاڕ" (ستیفان لیسنیج. ڤۆتز، سێپتمبەری٢٠٢٣)، لە پەیوەند بە پشتیوانی دارایی دەوڵەت بۆ کۆمپانیاکان لەسەردەمی کۆرۆنادا کاسپەر سریوبەر دەنوسێت (تەنانەت ئۆرگانێکی سەرەکی نیولیبرالیزمی وەک ئین زیت زیت داوای کۆمەکی کردووە، ڤۆتز ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠).

هەشت: وتارێکی زۆر بەپێز و کورت لەلایەن (نینا شنایدەر و سیمۆن یاکۆبی) هەشت نمونە کە چۆن ئین زیت زیت، هەڵوێستی دژە چەپی و دژە هەمەڕەنگی و مەیلی بەرەو ڕاست و ڕاستی توندڕە و لە سایتی توریسی لە ٢٤ ئۆکتۆبەر ٢٠٢٤، کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پاشکۆکەدا دوو هەفتەیان بەینە، بڵاوکردۆتەوە. سێ نمونەیان لە وتاری جۆراجۆرە کە چۆن دژایەتی چەپگەرایی و زمانی چەپگەرایی دەکات، دواتر دێتە سەر سەرنوسەر (ئیرک گاییەر) کە ئەو بەشەی تایبەت بە ئەڵمانیایە (بەشێکی تایبەت بەئەڵمانیا هەیە بەناوی -سەرنجێکی تر) کە وتارەکانی خۆی تیا بڵاودەکاتەوە، بەرەو ڕاستێک و تەنانەت تائاستی ڕاستێکی توندڕەو بەرگری لە (حزبی ئالتەرناتیفی ئەڵمانیا دەکات) و چەمکی (ڕیئیمیگرەیشن) کە چەمکێکی ڕاسیستیە بەکاردەهێنێ و دەنوسێ (ڕیئیمیگرەیشن؟ بەڵێ بەڵام بە دروستی: وایە هەر کەس کۆچبەرێکی ناقانونی دیپۆرت نەکاتەوە، خۆی لەناو دەبات). نینا و سیمۆنیش دەنوسن {ڕاستەکان و ڕاستە توندڕەوکان چەمکی ڕیئیمیگرەیشنیان لە بۆچونی گشتیدا هێنایە ناوەوە، ئەمەش مانای دیپۆرتکردنەوەیە، بەڵام ئین زیت زیت، زیاتر لەوەش، داوای جێبەجێکردنەکەی دەکات}. پاشان نمونەی ووتارێکی مارکوس بیرنوتە لە ئین زیت زیت کە پشتیوانی پۆست فاشیستێکی وەک جۆرج مۆلینی، سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا دەکات بۆ جێگیرکردنی پەنابەران لە کەمپێکی ئەلبانیا، بەڵام لەلایەن دادگایەکی ئیتالیاوە بە نایاسایی هەڵسەنگێندرا و بڕیارەکە هەڵوەشایەوە. وە نمونەی ووتارێکی میخایل ڕوش، بەرپرسی بەشی دارایی ڕۆژنامەکە، کەستاتستیکێکی لەسەر ڕێژەی کۆچکردوان و ئەڵمانییەکان بڵاوکردبۆوە، لەسەر ئەم بنچینەیەش هەرایەکی گەورەی نایەوە و هاشتاگی وەک (ئەڵمانە ئەسڵەکان، ئەڵمانە سروشتیەکان) دروستکرا وە لەلایەن سەرنوسەرەوە پشتیوانی کرا. (ئەڵمانەکان پێویستە فێرببن نەتەوەی خۆیان خۆش بوێت)، ( خوێندنەوەی ئین زیت زیت لەلایەن کادرانێکی ناوەڕاستی ئاڵتەرناتیڤ ئەڵمانیاوە وەک خۆپەروەردەکرنێکی پێویستی لێهاتووە/ سۆنتاگ بلیک).

نۆ: نۆیە زوریخ تساتونگ ئەم سۆنتاگ، لەساڵی (٢٠٠٢) ەوە بڵاودەبێتەوە، تیمێکی (٥٠) کەسی بەڕێوەیدەبەن، لە نۆڤەمبەری (٢٠٢٣) سەرنوسەر (بیات بەلزلی) جێگای (یۆناس پرۆگەر)ی گرتەوە. ئەم هەنگاوەش لە نێو هەمان پلانی نزیکبونەوەیە لە دیزانە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و دەستکەوتە ماددیەکان. (میدیاکان باسیان لە جیاوازی ستراتیژی کرد و تەنانەت چەند ژورنالیتسە کۆنەکانی خۆیانیش بە شەپۆلی پاکتاوکردنی باڵیکیان شوبهاند. ئیس ئیف ئار و ئین دی ئار). بەڵام خۆیان وایان بڵاوکردەوە بۆ نزیکردنەوەی هەردوو ڕۆژنامەکەیە لەیەکتر و بەهێزکردنی یەکترە. کاسپەر سوربەر ڕۆژنامەنوس لە هەفتەنامەی (ڤۆتز) لەگەڵ (ئین ئار دێ) تایبەت بەو مژارە ووتی: لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە لەلایەن خاوەن پشک و سەرمایەدارەکانەوە خاوەنداریتی دەکرێت، کۆنەپارێزان گوشاریان زۆر بوو). هەرچەند ئەم چەند دێرە ناپەرژێتە ئەوەی کە (بییات بلیزیلە) بناسێنێت، بەڵام چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی نزیکمان دەکاتەوە لە ڕادەی نەفرەت و بێزاری لە چەپ و دەوڵەتی کۆمەڵایەتی.

ماوەی چەند ساڵێکە خانوو بۆ کرێ هەم زۆر گران بووە و هەم دەستناکەوێت، لە شاری (زوریخ) (١٠٠) خێزان بەزۆر چۆڵکردن کراون لەلایەن کۆمپانیایەکەوە، حزبی سۆسیال دیموکرات پشتیوانیان دەکات، ئەو لە (ئینزیت زیت) دەنوسێت (چەپەکان قورگی سەرمایەداری ڕادەوەشێنن، تا بازاڕ دەکوژن و لەناویدەبەن. نین زیت زیت ١٢.١٧.)، (سنوداركردنی کرێ، وەربەهێنەرەکان ڕاودەنێت). هەر لەو ژمارەیەی کە پاشکۆ کلتورییەکەی تیا بڵاوکراوەتەوە، سەروتارێکی نوسیوە بەناوی (ئەگەر بازاڕی کار، ئازاد نەبێت، هیچی دی قیمەتی نییە)، کە لە کۆپی دجیتاڵیەکەی بەسەر دێری (هێرش بۆ سەر مۆدیلی نایابی خۆشگوزەرانی سویسری)، کەتێدا دەنوسێت (بەشێکی بنچینەیی لە فۆرمە نایابەکەی خۆشگوزەرانی ئێستای سویسرا، دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕی کاری ئازاد.) ئەمانە و گەلێک دەستەواژەی وەک (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی ناودەنێت دەوڵەتی چەور).

### کلتوری پۆستمۆدێرنە شیوازە بەرگریکارەکەی سیاسەتی نیولێبرالیزمە.

نۆ: دەنگدانەوەی هەواڵەکە لە نیو باشترین سەت کتێب دا لە پاشکۆی کلتوری ڕۆژنامەیەکی وادا لە نێوراگەیاندنی کوردیدا گەورە و کاریگەر بوو. بەدڵنیاییەوە موبالەغەیەکی تیا هەیە، شاگەشکە بونێکی سادەی لایەنگرانێکی بەختیار عەلی تیا هەیە، ئەمانە مافی ئاسایی خۆیانە، ئەوەی گرفتەکەیە، هێزی ڕاکێشانی دەنگدانەوەکەیە کە پەیڕەوی بەختیار عەلی دەبێتە تەنها دەنگی مۆنۆپۆلی ئاراستەکراو کە بەردەم تێڕوانینی ڕەخنەگرانە زۆر ئەستەم دەکات و ڕیکلامی ئەم ڕەوت و میدیایە ڕاستەوخۆ بۆ نێو بازاڕی ڕۆشنبیری کوردی دەگوازرێتەوە.

دە: ئەوەی زۆرتر غەمباری کردم، دانانی کاریگەری دەنگدانەوەکەیە لەسەر ڕۆشنبیرە سۆشیالیستەکان، کە بەناچاری بۆئەوەی ڕەخنەکەم هەندێک ڕۆشنتربگەیەنم، دەبوا لانی کەم بونیادی هێڵی گشتی ڕۆژنامەکەم بگەیاندایە. یەکێک لەو ڕۆشنبیرانە (کارزان عەزیز)ە. ڕۆشەنبیرانی تریش هەن کە لەسەر بازنەی چەپ حساب بن و شاگەشکەی ئەم دەستکەوتە بوون، بەڵام (کارزان عەزیز) تاک و تایبەتە، کە نووسینەیەکەیم خوێندەوە، شۆکێک لێیدام و لە دڵی خۆمدا ووتم، ئەبێت (سڵاوێکی ڕەخنە گرانەی) لێبکەم.




کارزان دەنوسێت (بۆچی دڵخۆشم بەم دەستکەوتەی بەختیار عەلی؟ هەستی چێژی دەق خۆی لە ئاستێکی نەتەوەیی و زمانەوانیی گەورەدا، بەناو جەستەمدا هاتووچۆی کرد. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، کورد لە دوو ئاستی جیهانییدا ناسراوە؛ یەک، وەک قوربانیی تراژیدیا و داگیرکارییەکان و دووش وەک بەرگریکارێک لە ئازادیی و سەربەخۆیی بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینی باشوور، ئەزموونی کوردان لە تورکیا و خۆبەڕێوبەریی لە سوریا و هەروەها شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵات).

هەر چەند هەق نییە (ئەزمونی ڕاپەڕینی باشور بە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی) کە کارزان وەک شوناسی بەرگریکار و سەربەخۆیی کورد دەیناسێنێ بێ قسە بهێڵین، لە بنەڕەتیشدا بینینی یەک هێڵی و چونیەکی ئەم ڕوداوە جیاوازە مێژووییانە پێکهاتەی سیستەمە فکرییەکەن، کە میتۆدەکەی دەخاتە بەردەم پرسیاری بێوەڵامەوە، بەڵام بەهۆکاری کەمی کات، ناپەرژێمە سەر وردترکردنەوەی.

لە زۆرێک لە نوسینەکانی کارزاندا، ڕەگە و دەمارێکی باریکی پۆستمۆدێرنە بەدی دەکەین، بەڵام لەم نوسینەییەدا هەرچەند پێدەچێت بەپەلەپەل نوسیێتی، ڕێک هێڵکارییەکی پۆستمۆدێرانانەی بەسۆزێکی قوڵی ناسیونالیستی کێشاوە. پێشتر تێبینییەکمدا، کارزان شوناسی نوسەر و ڕۆژنامەکەی بەلاوە گرنگ نەبووە، ئەو چاتر، چونکە ئەوەی کارزان ویستویەتی لەمەڕ (شوناسی کلتوری کورد) دەریببڕێت، ڕونترین گوزارەیە کە هەلەکەی بۆ چەمک و بۆچوونەکانی لەکیس نەداوە.

کارزان لە چەند دێری دواتر دا دەنوسێت: لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک نووسەران و بەرهەمە کوردییە کلتورییە ئاستبەرزەکان سنووری کلتورییەکانی ئێمە دەبڕن، لە ئاستێکی دیکەشدا دەستکاری شوناسی نەتەوەیی ئێمە دەکەن. بمانەوێت یان نا، هەر شوناسێک جەبر و داخرانێکی مەترسیداریشە).

بابەتی شوناسی کلتوری کورد، یان بڵێم سیاسەتی شوناسی کلتوری کورد لەلای کارزان کە ئەم ڕۆمانە، ڕوویەکی تر کە زمان و ئەدەب و کلتورێکی باڵا بە کۆمەڵگای (سەنتەر) نیشان دەدات و (بۆ ئەوەی ئەوانی دی بتوانن بێنە ژوورەوە و دەربارەی بوونی ئێمە و بەرهەمەکانمان شتانێکمان پێبڵێن کە خۆمان نایانبینین و هەستیان پێناکەین. کوردیش وەکو قوربانییەکی، بەڵام پاش-کۆڵۆنیالیزم وەک نەریت و ڕێبازێک بۆ فکر و ئەدەبیات کە بریتییە لە بانگهێشت و ڕۆڵی پەراوێز و کەمینە و بێدەنگکراوان بەتایبەت لە دەستکاریکردن و تێکشکانی سەنتەر و چەقەکاندا. ئەم زیندوێتییە هێندەی پەیوەندیی بە بوون و ئامادەیی ئێمەوە وەک پەراوێزەکان هەیە لەناو ئەوانیدیدا هێندە پەیوەندیی بە سەنتەرەکانەوە نییە لەناو ئێمەدا).

ڕانانی سیاسەتی شوناسی کلتوری و پێناسەی لەسەر بنچینەی نەتەوە، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، جنس، پەراوێز، کەمایەتیەکان،..هتد کەوا پێشکەش بکرێت لە دژی کەپیتالیزم و چەوسانەوەیە بەبێ دەرخستنی ماکی چینایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداریی و خەباتی چینایەتی، شاردنەوەی واقعیاتە و ئایدیا و جەوهەری پۆستمۆدێرنیزمە. ((گۆرانیبێژ بۆیانچە دەچرێت، من لە گەڵ ئەوەدام، بلگەیتێکی ڕەشپێست بم، مارکەی وەرزشی (نایک) کە لە بازاڕ بەوردی دەکۆڵێتەوە بە کەمپینێکی ڕیکلام ڕوو بە خەڵکانی پەراوێزخراو و کەمایەتییەکان سەرنجی کڕیارانی ڕاکێشاوە. مۆدێلی بەڕێوەبەرایەتی نیتفلیکس نەک هەر لەسەر بینەرانی لیبراڵە، بەڵکە زۆر ئامانجدارانە و لێهاتوانە بەشوێن سەرنجی کەمایەتییەکانەوەیە. بەپێی لێکدانەوەکان، مارکێتینیگ لەسەرکلتوری (هەمە ڕەنگی، جیاوازی، داڤیرستی) تەنها لە ئەمەریکا زۆرتر لە (٨) ملیارد دۆلار بووە، بەڵام کاتێک هامپتۆن زۆر بەڕوونی وتاریدا{ئێمە لەدژی سەرمایەی سپی شەڕناکەین بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی ڕەش، ئامانجمان سۆشیالیزمە، بۆرژوازی ئەمەریکی تەواو لە مەسەجەکە حاڵی بوو، بۆیە لەشیرین خەودا و لەسەر جێگاکەی کوشتیان. ڕەخنەی مارکسیستی لە پۆستمۆدێرنیزم ٢٠٢٠ یۆنا تێکستۆر).

یانزە: جین فرانسوا لیۆتارد، کتێبێکی بەناوی (زانیاری پۆستمۆدێرنە، کۆتایی گێڕانەوە گەورەکە) بیریار و باوکی پۆستمۆدێرنە مەبەستی سەرەکی کۆتایی هاتنی ڕۆڵی پرۆلیتاریایە لە مێژوودا، کۆتایی خەباتی چینایەتییە. ژاک دریدا و مێشیل فۆکۆ و دلوز و چەندانی تر هەریەکەیان یان لەلایەکەوە یان بەیەکەوە بەرەو پێدەری لایەنە جیاواز و ئاڵۆزەکانی دامەزراندنی ئەم دیدگای شوناسە کلتورییە بوون. (دێریدا لەم بارەیەوە بە چەندین بەرهەم بەشداریکردووە لە وردەکارییەکانی ئەم تێزەدا ....

دۆلۆز لەم بارەیەوە ئایدیا و چەمکێکی گرنگی دەخاتەڕوو کە بریتییە لە ئامادەیی ئەدەبی کەمینە لەناو ئەدەبی جیهانیدا بۆ "لە قەڵەمڕەو خستن"ی ئەوی دی باڵادەست، سەنتەر و زاڵ. هەمان سەرچاوەی ف.ب، کارزان). نزیک دەبینەوە لە پۆست ئایدیۆلۆژیا و کە ماوەیەکە بەدەردی تێری ئیگلتۆن دەڵێت (دەڵێی بۆنی دەمە، هەر کەس بەوی دێ دەڵێت و هیچ کەس هەست بەهی خۆی ناکات). ئەم خاڵیکردنەوەی فکر لە ئایدیۆلۆژیا، مەبەست مارکسیەتە. وە لە هیچ کەس شاراوە نییە، بەختیار عەلی، مارکسیەت بە ئایدیا و بۆچونێکی تۆتالیتاری دەناسێنیت و ئەمەش تازە نییە. کتێبە بەناوبانگەکەی فۆکۆیامە (کۆتایی مێژوو)، سەرکەوتنی لیبرالیزم و بازاڕی ئازاد بەسەر (سۆشیالیزم)دا.سێکوچکەکە دامەزرا. سڕینەوەی خەباتی چینایەتی و ڕۆڵی پرۆلیتاریا وەک هێزێکی چینایەتی جیهانی وردکردنەوەی شوناسەکان بۆ کەمایەتییە کلتورییەکان و ناشرینکردن مارکسیەت وەک تیۆری تۆتالیتاری و سەرکەوتنی بازاڕی ئازاد بۆ هەتا هەتایە.

دوانزە: (لەگەڵ سەرەتای پێشکەوتنەکانی نیۆلیبرالیزم هەمان کات پۆستمۆدێرنە لە سەرانسەری دونیا گەشەی دەکرد، ڕۆبیرتۆ فلۆری، پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان، گۆڤاری پۆلی لۆگ ژمارە ٩). وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەتایبەت بەدوای کودەتای ڕاستەوخۆی ئەمەریکا و جێگیرکردنی ئۆگۆستۆ پینۆشیت (١٩٧٥) لە چیلی سەرەتای پێکداچوونی و هاوبەشی گەشەی ئەم دوو تەوژمە بوون. لە کوردستانیش ئەم پرۆسەیە بەتایبەت بەدوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٨) و جێگیربونی ڕژێمی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، (٢٠٠٣) نیۆلیبرالیزمی سەرمایەداری ئەو سیاسەت و پلاتفۆرمانەی بۆ کەڵەکە و جوڵەی سەرمایەی پێویست بوو، پەیڕەوکرد، لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستەخاوەکان و بازرگانی و بازاڕ و تەندروستی و پەروەردە و سیاسەتی مالی. وە لەبواری ڕۆشنبیریشدا برەودان بە فۆکۆ و دۆلوز و بۆردیار. (فەلسەفەی پۆستمۆدێرن خودێتی تائاستی مەبدەئی موتڵەق بەرز دەکاتەوە، لێرەوە دەگات بەوەی بیرکردنەوە بەشێوەکی گشتی بەرتەسک و بەشیە، بۆیە توانای ئەوەی نییە بگات بە حەقیقەتێکی بابەتی. ڕەفزکردنەوەی حەقیقەتی بابەتی لە کۆتاییدا دەتگەیەنێت بە ڕیسواکردنی هەموو زانیاری مرۆڤایەتی بۆ ئاستی ئیمان و خورافە، یانی گەڕانەوەمان بۆ زیندانی (مستنقع) دین/ بەرگری لە مارکسیزم دانیال مورالی و حمید علی زادە). پەرەگرتنی خورافە و ئیمان وبیروباوەڕی ئایینی بەشێکن لە شوناسی فرەکلتوری پۆستمۆدێرنیزم و بەشێکن لە ڕووکاری بەرگری سەرمایەداری نیۆلیبرالیزم.

# پیاوانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ لە خۆشەویستیی دەترسێن؟

ڕەنگە هیچ کۆمەڵگەیەک هێندەی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆشەویستیی نەترسێ و دژی نەوەستێتەوە، چونکە عەقڵیەتی پیاوسالاریی لەسەر ئەو کەلتووڕە ڕاهاتوە، کە هەموو شتێک لە هێزدا ببینێتەوە و کار بۆ ئەوە دەکا بەردەوام بە هۆی هێزەوە زاڵ بێ بەسەر هەموو شتەکانی تردا. لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستیی هەستێکی مرۆییە و پێویستی بە هێز نییە و پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان ژن پیاو دروست دەبێ و هەموو هێزی جیهان ناتوانێ خۆشەویستیی دروست بکا، بۆیە پیاوی کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە دیوارێکی لە نێوان خۆی و خۆشەویستییدا دروست کردوە و ترساوە و زۆر بە کەمیی توانیویەتی ئەو هەستەی هەیەتی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ دەربببڕێ و لە قووڵایی دڵیەوە و هەمیشە خۆی لە باری پێناسەکردندا دەبینێ.

بۆیە پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە لە خۆشەویستیی دەترسێ و زۆر جاریش بە سەرچاوەی داوێنپیسیی لە قەڵەم دەدا و دژی ئازادیی خۆشەویستیی دەوستێتەوە و ئەو کاتە باسی خۆشەویستیی دەکا، کە مەرجەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بێ و بەرامبەرەکەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێ، ئەو کەسەی بە واتا نەریتییەکە خۆشدەوێ ئەگەر نا پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە تا ئەوپەڕی لە ئازادیی خۆشەویستیی و پەیوەندیی و سۆزداریی دەترسێ، چونکە خۆشەویستیی لە لای پیاوی کۆمەڵگەی کوردی، کە خاوەنی کەلتووری عەقلیەتی نێرسالارییە و هیچ کات باوەڕی بە خۆشەویستیی ڕەگەزی بەرامبەر نییە و خۆشەویستیی وەک وشە ئەو کاتە بەکاردەهێنێ بۆ ڕەگەزی بەرامبەر کە ملکەچی فەرمانەکانی بن و خزمەت بە مانەوەی باڵادەستیی ئەو بکا، ئەگەر نا ئەو هەمیشە ترسی لە لەدەستدانی دەسەڵاتەکەی هەیە و خۆشەویستییش ئەو باڵادەستییە ڕادەماڵێ کە لەسەر بنەمای یەکسانیی دروست دەبێ.

ترسان لە خۆشەویستیی و ناکامیی خۆشەویستیی گۆشەیەکی گەورە و بە ئاسانیی هەموو لایەکانی ئەو ترسە لێکبداتەوە و قسەی لەسەر بکا چونکە کۆمەڵگەی کوردی لێوانلێوە لە ئازاردان و چەوساندنەوە لە پێناوی خۆشەویستیی. کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگەیەکی داخراوی خاوەنی عەقلیەتی باوکسالاریی بووە، ئەوەش بووەتە فەرهەنگ و لە سایکۆلۆژیی تاکەکاندا جێگەی گرتوە، ئەو فەرهەنگەش بەردەوام تاکەکانی ڕاهێناوە دژی خۆشەویستیی بن.

کۆمەڵگەی خاوەنی عەقلیەت و کەلتووری ئایینیی و باوکسالاریی هەمیشە تاکی دڵڕەق و توندوتیژ بەرهەم دەهێنێ و ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنەمای عەقلیەتی پیاوسالاریی بینا کرابێ و هەموو شتەکان بە مافی نێر بزانێ، بە دڵنیاییەوە وزەی ئەڤین و خۆشەویستیی تێیدا لاوازە و ڕێگە بە گەشەکردنی نادرێ.

کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی ئەو دەسەلاتەوە بەردەوام هێزی خۆشەویستیی تێدا لاوازە و پیاوی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆشەویستیی ترساون و نەیانتوانیوە دەریببڕن. کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی مێژوو تا بە دەمی ئێستا دەگا، کۆمەڵگەیەکی داخرا و خاوەنی عەقلیەتی پیاوسالاریی و خێڵەکیی بووە و بەردەوام لە خۆشەویستیی ترساوە و تەواوی یاسا و ڕێسا ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک دیسپلینێکی پۆڵایین بە دەوری ژیاندا کێشاوە و دژی هەر جۆرە ئازادییەکی خۆشەویستیی و هاوسەریی ڕاوەستاوە (دیارە مەبەستم هەموو پیاوانی کۆمەڵگەی کوردی نییە) کە دروست ئەوەش ئەو ترسەیە لە خۆشەویستیی و خۆشەویستیی بە لەدەستدانی دەسەڵات و باڵادەستیی خۆی دەزانێ و بۆیە لە کۆمەڵگەی کوردی کەم نین ئەو ژنانەی لە سەر بوونی پەیوەندیی خۆشەویستیی دەکوژرێن و زۆر جار گۆڕەوشار دەکرێن، ئەوەش ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکا کە پیاوی کۆمەڵگەی کوردی چەند لە ئازادیی خۆشەویستیی دەترسن و دەرگەی بیرکردنەوەیان بە ڕووی هەستە مرۆییەکاندا داخستوە، ڕەنگە نەبوونی خۆشەویستیی و ترس وای کردوە زۆرینەی پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە هەڵگری خەسڵەتی توندوتیژیی و دڵڕەقی بن بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە لە بچووکترین نەخێری ئەواندا بە ڕوویاندا بتەقنەوە و ئازاریان بدەن و کارەسات دروست بکەن.

پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە لە ترس دایە بەرامبەر ژنان و ئازادیی ژنان، کە خۆشەویستیی و ئازادیی و هاوسەریی یەکەمینیانە، ئەو ترسەی پیاوی کۆمەڵی ئێمە بنەمایەکی مێژووی هەیە و بۆ ئێستا درێژ بووتەوە و لە هەموو قۆناغێکدا بارگاویی بووە بە دید و تێڕوانینی نوێی ئەو سەردەمە و پترکردنی سنوورەکانی ترس.

تا ئەو جێگەیەی ژنان هۆشیار بن زنجیرەکانی کۆیلەیی بەرەو پچڕان دەچێ و هەستەکانی ئازادیی و یاخیبوون فراوان دەبێ لە بەرامبەر ئەوەشدا پیاوان ترس و نیگەرانییان پتر دەبێ و هەست بە لەدەستدانی هەژموون و دەسەڵاتیان دەکەن و ئەوەی کە ژنانیان تەنیا وەک ئامراڕێک بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکان دەوێت، بۆیە تا ئەوپەڕی ئازادیی خۆشەویستیی و ئازادیی ژنان دەوەستنەوە و زۆر جاریش لە ناچارییدا و بۆ داپۆشینی ئەوەی لە ناخییان دایە بەرامبەر بە ژنان، دەمامکی جۆراوجۆر دەپۆشن و ڕستەی باقوبریق هەڵدەڕێژن بۆ ئەوەی ژنانی پێ فریو بدەن، تا ئەوەی باوەڕیان پێبکەن کە لە عەقلیەتی دژی خۆشەویستییان تێپەڕاندووە، بەڵام لە واقیعدا لەو ڕوانینە خۆشەویستیی گەڵاڵە نابێ و لە بەرامبەریدا بەردەم ترس لە نەستدا جێگە دەگرێ و لە بەرامبەر ژناندا ناتوانن گوزارشت لە هەست و سۆزەکانیان بکەن، چونکە ئەوان ژنان بە ئەفسوون و جادووگەر دەزانن و هەست دەکەن کاتێک خۆشەویستیی بکەن ژنان کۆنترۆڵیان دەکەن و لە باڵادەستییان دەخەن. کەلتووری ژن بەکەمگرتن بنەمایەکی ئاینیی هەبووە و ژنان تەنیا سەرچاوەیەک بوونە بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاو.. ئاینیش ڕەسمیەتی بە کۆیلەبوونیان داوە، کاتێک ژن وەک کۆیلە سەیر دەکرێ هیچ واتایەک بۆ خۆشەویستیی نامێنێ و پیاوانی سەر بەو کەلتوورەش شەرم دەکەن یاخود دەترسن خۆشەویستیی لەگەڵ کۆیلە بکەن. کەلتوورێک هەزاران ساڵە بەو ئاراستەیەدا دەڕوا و خۆی نوێ دەکاتەوە ئیدی چۆن بوار بۆ خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەڕەخسێنێ لەسەر بنەمای یەکسانیی و دڵسۆزیی و ئەمەکداریی، چۆن ژنان وەک مرۆڤ قبووڵ دەکا ئەو مافەی دەداتێ و هەموو هەستەکانی و هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆی ئازاد بێ.



**تاڤگە سابیر**

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڕۆزا پارکس (١٩١٣ — ٢٠٠٥)

## هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

تێرامان لە چیرۆکی ژیان و خەباتی سیاسی و مەدەنیی (ڕۆزا پارکس)، ئەو ژنە ڕەش پێستەی کە هەموو ژیانی تەرخان کرد لە پێناو مافە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕەشپێستی ستەملێکراو لە ئەمەریکا، لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، جێگای سەرنج و بایەخە.

یانزە ساڵ بەر لە دانان بە مافەکانی مرۆڤی ڕەشپێست لە شاری مۆنتگۆمۆری ئەمەریکا،(١) واتە ڕێک لە ساڵی ١٩٤٤دا، (ڕۆزا لویس مەککاوڵی پارکس) وەک نوێنەری (کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ڕەنگی پێست)(٢) لێکۆڵینەوەی لە کەیسی ژنێک دەکرد بە ناوی (ڕیسی تایلەر)(٣). ژنێک کە لەلایەن شەش پیاوی سپیپێستەوە دووچاری دەستدرێژی سێکسی ببووەوە. بەهۆی یاسا جیاکاری ئەمەریکا، بۆ (ڕۆزا) ئاسان نەبوو کە دادگای ویلایەتی (ئالاباما) ڕازی بکات بەوەی کە تەنانەت یەک پیاوی سپیپێستیش تاوانبارە، بەڵام ئەو بەردەوام بوو و داوای لە دادگا کرد کە بەرگری لە دۆسییەی (ڕیسی تایلەر) بکات. بۆ ئەمەش میدیاکانی پڕ کرد لە گەواهی و بەڵگە و لە بەشی باشووری ئالاباماش خەڵکی هاندەدا و پڕ جۆش و خرۆشی دەکردن بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بەو سیاسەتە دژە ئینسانییە. دادگای ئالاباماش هیچ کام لە پیاوە دەستدرێژکەرەکانی ئەو دۆسییەی وەک تاوانبار نەناسی.

(ڕۆزا پارکس) بە درێژایی ژیانی دژ بە توندوتیژی وەستاوەتەوە و هەوڵیداوە بۆ بەرقەرابوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گەرچی بە تەواوبوونی ژیانی خۆشی بێت. (ڕۆزا) لە چواری شوباتی ساڵی (١٩١٣) لە خێزانێکی لادێیی (ئالاباما) لە دایک بووە و لەگەڵ دایک و نەنک و باپیرەی ژیاوە. بۆ ڕۆزای ژن و ڕەشپێست؛ دەرەوەی ماڵ واتە لەناو کۆمەڵگەی لێوڕێژ لە توندوتیژی و ترسی دەستدرێژی کە سێبەری خستۆبووە سەر ژیانی ئەو و تەواوی ژنانی ڕەشپێست.

لە تەمەنی نۆزدە ساڵی هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕەیمن پارکس) کرد کە پیشەی سەرتاش بوو. (ڕەیمن) یەکەم کاری ئەوە بوو (ڕۆزا) وەکو هەڵسوڕاوێک بپارێزێت. ساڵی (١٩٤٣) (ڕۆزا)ش بە خەباتی (کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ڕەنگی پێست)، پەیوەست بوو کە تا ئەو کات تەنها یەک ژنی تیا بوو ئەویش (جانی ڕێبێککا) بوو.(٤) دواتر (ڕۆزا) بوو بە سکرتێری ئەو ڕێکخراوە. بەرۆژ خەریکی کاری دوورمان بوو تا یارمەتی دایک و هاوژینەکەی بدات و بەشەویش خەریکی لێکۆڵینەوە لە دۆکیومێنت و دۆسییەی ژمارەیەک لە مافە مەدەنییەکان بوو، هەر لە ڕووداوە سادەکانی ڕۆژانەوە تا دەگاتە بەرزترین کردەی کوشتن و تاوانی ڕفێنراو، کاری ڕێکخراوەکەی بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدا و یارمەتی گەنجانی دەدا تا سیستەمی دژە ئینسانی هەڵاواردن یان جیاکاری نێوان سپی و ڕەشپێست ببینین. لەو ڕێکخراوەدا گەڵێ بواری تێکۆشانی فراوانتر کردەوە و کەوتە وتاردان لەسەر توندوتیژی و کوشتن بەتایبەتیش کوشتنی ئیمەت تیل.(٥) هەرچەندە (ڕۆزا) ئەندامی (حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا) نەبووە، بەڵام لەگەڵ هاوژینەکەیدا بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو حیزبەی دەکرد. دۆسیەی بەناوبانگی گەنجانی سکۆتسبۆرۆ لەلایەن (پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا)وە خرایە بەردەم تێکۆشەرانی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا.(٦)

ساڵی (١٩٥٥) لە شاری مۆنتگۆمێری (ڕۆزا) ڕەتی کردووەوە ئەو کورسییەی کە لەناو پاسی هاتووچۆ تەرخانکرابوو بۆ سپیپێستەکان و لەسەری دانیشتبوو، چۆڵ بکات. بەم هۆیەوە دەیگرن و ئازاری دەدەن و دەیخەنە زیندانەوە. لە زیندان هەڵسوڕاوان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ وەکو (مارتین لوسەر کینگ) و (ئێدگار نیکسن)(٧) سەردانیان دەکرد و نەخشەیان دانا کە پاسەکانی هاتووچۆ بۆ ماوەی (٢٤) سەعات مان بگرن. ئەوە بوو مانیان گرت و ئیتر داوایان کرد مانگرتنەکە درێژە بکێشێت و تا (٣٨١) ڕۆژ درێژەی کێشا.(٨). (ڕۆزا) و هەڵسوڕاوانی تر بڕیاریاندا ئەم مانگرتنە بکەنە جووڵانەوەیەکی سەرتاسەری ئەمەریکا. سەرەنجام ئەم مانگرتنە بووە هۆی ئەوەی دادگای فیدراڵی لە ساڵی (١٩٥٦) بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە چیتر جیاکاری لە شوێنی دانیشت بەپێی ڕەنگی پێست نەکرێت و یاسای هەڵاواردنی ڕەنگی پێست لەناو پاسی هاتووچۆ و شوێنەگشتییەکان نەمێنێت.

ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە (ڕۆزا) دەیانجار هەڕەشەی کوشتنی لێبکرێت و ئیتر لەبەر ناوناوبانگی سیاسی خۆی هیچ ئیشێکیان لە (ئالاباما) نەدایێ و ناچار لە ساڵی (١٩٥٧) ڕووی کردە شاری (دیترۆید) لە ویلایەتی (میشیگن) تا وەکو کرێکارێکی دوورمان ئیش بکات. لەوێش بێکار بوو تا لەلایەن ئەندام پەرلەمان (جان کۆنیەرس) ئیشێکی پێدرا.(٩) لە چل ساڵی کۆتایی تەمەنیدا دژی نابەرابەری و توندتیژی و نا دادپەروەری جەنگا و هەروەها ژمارەیەک کتێبی نووسی و کەوتە گەڕان بەسەراسەری وڵاتی ئەمەریکا وتاری دەدا و پشتیوانی چالاکوانانی تری دەکرد و چەندین دەزگای ڕۆشنبیری دامەزراند بۆ گەنجان.(١٠)

ئەمرۆ (ڕۆزا) وەکو ڕووخسارێکی ڕادیکاڵ کە دژ بە بەهێزترین خەڵکانێک و دژ بە یاساگەلێک جەنگاوە، دەمێنێتەوە. ساڵی (٢٠٠٤) تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوو، ئەو نەخۆشییەی کە لانیکەم لە ساڵی (٢٠٠٢)وە بەدەستییەوە دەیناڵاند. دواجار لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٥)، لە تەمەنی (٩٢) ساڵیدا لە شوقەکەی خۆی لە شاری (دیترۆیت) گیان لەدەست دەدات و بۆ هەمیشە چاو لێک دەنێت. بۆ مردنی (ڕۆزا) چەندین ڕێوڕەسمی یادکردنەوە بەڕێوەچوو، لەنێویاندا، کە دانانی تەرمی بەشکۆی لە پایتەختی ئەمەریکا لە واشنتۆن، کە نزیک بە پەنجا هەزار کەس هاتبوون بۆ ماڵئاواییکردن لەو ژنە هەڵسوڕاوە لەخۆبووردەیەی کە مێژووی ئەمەریکا لەئاست ناو و چالاکییەکانی دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێت.

تێبینییەکان ئامادەکار و وەرگێڕ ئامادەی کردوون:

(١)-مافەکانی مرۆڤی ڕەشپێست لە شاری مۆنتگۆمێری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هاتە بواری سەلماندن و جێبەجێکردنەوە، ئەمەیش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی (ڕۆزا) لە چۆڵکردنی کورسی نێو پاس کە شوێنی تایبەت بوو بە سپیپێستەکان. (ڕۆزا) دوای دەستگیرکردنی و بایکۆتی پاسەکانی ئەو ویلایەتە. دەسەڵاتدارانی جیاکاری ئەمەریکا ناچار بوون لە ساڵی (١٩٥٥) مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان وەکو سپیپێستەکان دیاری بکەن.

(٢)-کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ڕەنگی پێست، وەک کۆنترین و گەورەترین ڕێخراوی مافەکانی مەدەنی لەساڵی (١٩٠٩) لە شاری نیویۆرک لەلایەن هەڵسوڕاوانی سپیپێست و ڕەشپێستەوە دامەزرا، وەک وەڵامێک بۆ توندوتیژییە بەردەوامەکان دژ بە ڕەشپێستە ئەمەریکییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا. (ڕۆزا) لە ساڵی (١٩٤٣) وەک هەڵسوڕاوێک پەیوەست بووە بەو ڕێکخراوەوە. شایانی وتنە لە سەردەمی مافە مەدەنییەکان لە ساڵانی (١٩٥٠) و (١٩٦٠)دا، ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتنی گەورەی یاسایی بەدەستهێنا و ئەمڕۆش زیاتر لە (٢٢٠٠) لق و نزیکەی نیو ملیۆن ئەندامی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە.

(٣)-ڕیسی تایلەر (١٩١٩ — ٢٠١٧)؛ ژنێکی ڕەشپێست بوو کە لە سێی ئەیلوولی ساڵی (١٩٤٤) لە ویلایەتی (ئالاباما) کاتێک لە باڵەخانەی کڵێسایەک دێتە دەرەوە لەلایەن شەش پیاوی سپیپێستەوە دەڕفێنرێت و دەستدرێژی سێکی دەکرێتە سەر. دۆسییەی (تایلەر) بەهۆی هەوڵەکانی (ڕۆزا) دەنگی دایەوە و کێشەی ڕەشپێستەکانی لە ئەمەریکا بردە ئاستێکی ترەوە. پەرلەمانی (ئالاباما) لەساڵی (٢٠١١) بەناوی ویلایەتی (ئالاباما) وە داوای لێبووردنی لە (ڕۆزا) لێکرد.

(٤)-جانی ڕێبێککا دانیاڵ (١٩١١ — ٢٠٠٨) (جۆنی کار) وەک خەڵکی ویلایەتی (ئالاباما) و هەڵسوڕاوی مافە مەدەنییەکان، بەشدارێکی چالاک بوو لە بایکۆتی پاسەکانی شاری (مۆنتگۆمێری). (جانی) سەرسام بوو بە وتارەکانی (مارتین لوسەر کینگ) و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ (دانیال نیکسن) لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان چالاک بووە.

(٥)-ئیمەت لویس تیڵ (١٩٤١ — ١٩٥٥) کەنجێکی ڕەشپێستی ئەمەریکی بوو کە لەساڵی (١٩٥٥) لە شاری (میسیسیپی) ڕفێندرا و ئەشکەنجە درا و دواتریش بەدارێکەوە خنکێنرا لەسەر ئەوەی گوایە ژنێکی سپیپێستی لە دوکانی بەقاڵییەکەی تووڕە کردووە. دڕندەیی کوشتنی ئەم گەنجە سەرنجی گۆمەڵگەی ئەمەریکا و بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ڕاکێشا کە (ئیمەت) بووە ئایکۆنی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا.

(٦)-گەنجانی سکۆتسبۆرۆ یان کوڕانی سکۆتسبۆرۆ، نۆ هەرزەکاری ئەفریقایی ئەمەریکی بوون کە تۆمەتبار کران بە دەستدرێژیکردنە سەر دوو ژنی سپیپێست لە ساڵی (١٩٣١)دا. دۆسییە یاساییەکانی ئەم ڕووداوە ئاماژەیان بە ڕەگەزپەرستی و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەکرد. دۆسییەکان بریتی بوون لە هەڵواسین بەدارەوە (ئیعدام) پێش ئەوەی تۆمەتبارەکان تاوانەکانیان لەسەر ساغ ببێتەوە، دەستەی دادوەرانیش خوازیاری دادگاییکردنی بەپەلە بوون. بەگشتی ئەم دۆسییەیە وەک نموونەی ناداد پەروەرییەکی یاسایی لە سیستەمی یاسایی ئەمەریکادا ئاماژەی پێدەکرێت.

(٧)-ماتین لوسەر کینگ (١٩٢٩ - ١٩٦٨) و دانیال نیکسن (١٨٩٩ — ١٩٨٧) دوو فیگەر و سەرکردەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا و هاوڕێی ڕۆزا بوون کە جوانترین ڕۆڵیان گێرا لە مێژووی خەباتی ڕەشپێستەکان لە پێناو مافە ئینسانییەکانیان.

(٨)-بایکۆتی پاسەکانی شاری (مۆنتگۆمێری) نارەزایەتییەکی مافە مەدەنییەکان بوو کە لەم ماوەیەدا ئەمەریکییە ئەفریقییەکان ڕەتیانکردەوە سواری پاس بن لە شاری (مۆنتگۆمێری) لە ویلایەتی (ئالاباما) بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بە جیاکاری شوێنی دانیشتن. بایکۆتەکە لە پێنجی کانوونی دووەمی (١٩٥٥) تا بیستی کانوونی دووەمی (١٩٥٦) ئەنجامدرا و وەک یەکەم خۆپیشاندانی بەرفراوانی ئەمریکا لە دژی جیاکاری دادەنرێت. چوار ڕۆژ پێش دەستپێکردنی بایکۆت، (ڕۆزا)، وەک باسکرا بەو هۆیەوە کە ڕەتیکردەوە کورسی پاسەکە چۆڵ بکات بۆ پیاوێکی سپی پێست، دەستگیرکرا و غەرامەکرا. لە کۆتاییدا دادگای باڵای ئەمەریکا بڕیاریدا سیستەمی پاسەکانی هاتوچۆی ئەو شارە یەکبخات و یەکێک لە سەرکردەکانی ئەم بایکۆتە مەزنەش گەنجێک بوو بە ناوی (مارتن لوتێر کینگ)، کە وەک سەرکردەیەک لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا دەرکەوت.

(٩)-جان کۆنیەرز (١٩٢٩ — ٢٠١٩) سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی سەر بە (حیزبی دیموکرات) بوو کە لە ساڵی (١٩٦٥) تا (٢٠١٧) وەک نوێنەری ئەمەریکا لە ویلایەتی (میشیگان) کاری کردووە، ئەو ئەندامی کۆنگرێس بووە و ماوە درێژترین ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکی ئەفریقایی بووە لە مێژوودا.

(١٠)-ڕۆزا نزیک بە دە کتێبی نووسیوە و لەسەر نووسراوە. ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە وتاری ئێرتیجالی و نووسین کە سەرپاکیان دەربارەی مافەکانی ئینسانی ڕەشپێست و ئایندەی ژیان بوون لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا. هەروەها گەلێ جێگا و شوێنی گشتی بەناووە کراوە و ئیستاش ئەو پاسەی کە (ڕۆزا)ی لەسەر زیندانی کرا لە مۆزەخانەی هێنری فۆرد لە ویلایەتی (میشیگن)، پارێزراوە.

لەنووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە :

(١)ژیانی شاراوەی خاتوو ڕۆزا پارکس نووسینی : ڕیشی د. ڕیچاردسن

https://ed.ted.com/lessons/the-hidden-life-of-rosa-parks-riche-d-richardson

(٢)ژیاننامەی خاتوو ڕۆزا پارکس


https://www.biography.com/activists/rosa-parks

(٣)مێژووی بایکۆتی پاسەکانی شاری مۆنتگۆمێری

https://www.history.com/topics/black-history/montgomery-bus-boycott

(٤)چۆن مێژوو چیرۆکی ڕۆزا پارکسی بەهەڵە وەرگرت؟ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسینی جینا زۆهاریس یەکی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

https://www.washingtonpost.com/posteverything/wp/2015/12/01/how-histo-/ry-got-the-rosa-parks-story-wrong




# وتە و دۆکیومێنتێک دەربارەی شەپۆلێکی تری پڕایڤەتایزەکردنی کەرتی تەندروستی

خالید مەجید

ماوەی چەند ڕۆژێکە قسە لەسەر پێدانی تاقیگەکانی پشکنینی خوێن دەکرێت بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، زۆربەی کەناڵەکان و حیزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی هێناوەتە دەنگ، گوایە تێچوی ڕسوماتی پسوڵەی تاقیگە بەڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد دەکات، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر نەخۆش و هاوڵاتیان بەجێ دەهێڵێت، بۆ ئاگاداریتان لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بەناوی جێ بەجێکردنی سیستەمی ڕاوێژکاری ئێواران لە گشت نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ کراو، بڕیاری لەسەر درا.

من بەباشم زانی هەم ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی بخەمە بەر دیدەی ئێوەی بەڕێز، وە هەم لەناو ڕێکخراوەکانی ناوەندی تەندروستیشدا، تەنها (دەستەی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ) دژی وەستایەوە، وە بەیاننامەشی لەسەر دەرکرد، وە دەیخەمە بەردیدەی ئێوەی ئازیز، بۆ ئەوەی بەهەمموو ئەو حیزب و ڕێکخراو و کەناڵەکانەی ڕاگەیاندن بڵێم کە ڕەخنەی سەرزارەکی دەگرن کە تاقیگەکان دەدرێن بە کەرتی تایبەت، بەڵام بڕیارەکە لە (٢٠١٤)ەوە دەرچووە بۆ بەتایبەتی کردنی هەموو کەرتی تەندروستی و ئێستا سەرە هاتوتە سەر بەتایبەتی کردنی تاقیگەکانی پشکنین. ئێمە وەک ڕێکخراوێک لە کەرتی تەندروستیدا هەر لەو کاتەوە دژایەتیمان کردووە.

ئەمەی ئێستا لە بەتایبەتی کردنی تاقیگەکان لە بەردەوامی پرۆسەی بەتایبەتی کردنی نەک هەر کەرتی تەندروستیدا دێت، بەڵکو لەبەردەوامی تایبەتی کردنی تەواوی کەرتە خزمەتگوزارییەکانی تری وەک خوێندن و پەروەردە و کارەبا و پاکوخاوێنی شارەکاندا دێت.

ئەمەی خوارەوە ئەو بەیاننامەیەیە کە هەڵوێستی (دەستەی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ) بووە:


### بەتایبەت کردنی کەرتی گشتی تەندرووستی لە خزمەت کێ دایە؟

جەماوەری بەش مەینەتی هەرێمی کوردستان، وەک ئاگادارن لە سایەی ئەم سیستەمە سیاسی و ئیداری و ئابوریەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هاوڵاتیان بێبەشن لە بچوکترین مافی سەرەتایی وەک مافی ژیان و لەشساخی و خزمەتگوزاری و خۆپاراستن و چاودێری پزیشکی و تەندروستی.

ئەگەرچی سەروەت و سامانی ئەم هەرێمە لە نەوت و غازی سروشتی و گومرگ و داهاتی ناوخۆ، ئەوەندە زۆرە ئەگەر بەشێوەیەکی داد پەروەرانە و بە بەرنامە و سیاسەتێکی دروست بەکاربهێنرێت، خەڵکی کوردستان بەهرەمەند دەبن لە خزمەت گوزاری تەندروستی و خۆراک و پۆشاک و خانوو و خزمەت گوزارییە کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی تر.

هەر لە چواچێوەی هەمان سیاسەتدا، بەناوی چاککردنی سیستەمی تەندروستییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی بڕیاریاندا بە جێبەجێکردنی سیستەمی ڕاوێژکاری ئێواران لە گشت نەخۆشخانەکانی هەرێمدا، ئەم سیستەمە واتا بەتایبەتی کردنی کەرتی گشتی تەندروستی، دەست واڵا کردنی تاڵانچییەکانی بواری تەندروستییە، کە بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ لای ئەوان ڕێزی نییە، وە خزمەتگوزاری تەندروستی وەک ماف نابینن، ئەویش بەزیادکردنی پارەی ڕسوماتی پسوڵەی پزیشک و ئەشیعە و سۆنەر و تاقیگە و هێڵکاری دڵ و تەداوی و نەشتەرگەری بەڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە، بۆنموونە لە نەشتەرگەری بچوکەوە دەست پێ بکەین کە چل هەزار (٤٠,٠٠٠) دینار بۆ نەشتەرگەری تایبەت و سەروی تایبەت دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار (٢,٢٠٠,٠٠٠) کە لەسەدا سەد (١٠٠%) پارەکەی لە نەخۆش وەردەگیرێت، ئەمەش تێچوویەکی زۆرە لەسەر هاوڵاتیان.

داهێنانێکی تازەی حوکمەت و وەزارەتی تەندروستییە بە جێبەجێکردنی یاسا ئابوورییەکانی بازاڕی ئازاد و سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی چۆن لە بوارەکانی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازیدا دەکرێت بەهەمان شێوە لەبوارەکانی تەندروستی دا ئەنجام بدرێت، وەک کارگەیەکی بەرهەمهێنی کاڵا حساب بۆ نەخۆشخانەکان دەکەن، ئەم سیاسەت و بەرنامە و پرۆگرامەی وەزارەتی تەندروستی بەهیچ شێوەیەک لەخزمەت هاوڵاتیاندا نییە بەگشتی، بەڵکو بەقازانجی توێژێکی کەمە لە کۆمەڵگا، کەبەشێوەیەکی بیروکراتی لەسەرووی ئیرادەی جەماوەرەوە قەراریان گرتووە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان حساب دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ماوەی (٢) ساڵە هاوڵاتیان هەرێم ڕوو بەڕووی قەیرانی ئابوری دارایی و کۆمەڵایەتی و دەرونی بونەتەوە، هەر لە پێنەدانی موچەی پێنج مانگ و سەپاندنی پاشەکەوتی زۆرەملێ بەپێدانی یەک لەسەر سێی (٣/١)ی موچەی مامۆستایان و تەندروستکاران و فەرمانبەران و کرێکاران،


إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للأمور الصحية
Kurdistan Region - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی
No: ١٠٨٨
Date: ٢٢ / ٢ / 2016
ژمارە:
ڕێکەوت: ٥ / ڕەشەمێ / ٢٧١٥ کوردی

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە))

**فەرمانی وەزاری**

ئاماژە بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر یاداشتمان .
دوابەدوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٤٢٥٥) لە ٢٠١٤/٧/١٥ لە پێناو چاککردنی سیستەمی تەندروستی بەگشتی چاککردنی ڕەوشی تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاووڵاتیان بە تایبەت لەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان بە باروودۆخێکی سەخت دادەڕوات .
بڕیارماندا بە جێ بەجێکردنی سیستەمی ڕاوێژکاری ئێواران لە گشت نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کە لە خشتەکانی هاوپێچی ئەم فەرمانەی هاتووە وەکارەکانی دەبەسترێتەوە بەدەستەی باڵای نۆرینگە پزیشکیە میللیەکان و ڕاوێژکارییەکان وە ئەم فەرمانە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ...

د. ڕێکەوت حمە ڕشید کریم
وەزیری تەندروستی
٢٠١٦/ ٢ /

وێنەیەک بۆ
نووسینگەی بەڕێز وەزیر / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا ....
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بۆ زانین و لەگەڵ ڕێزدا
دەستەی باڵای نۆرینگە پزیشکیە میللیەکان و ڕاوێژکارییەکان / لەگەڵ هاوپێچ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر - سلێمانی - دهۆک -گەرمیان - شارەزوور - ڕاپەڕین- کۆیە / لەگەڵ هاوپێچ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
دۆسیەی گشتی

کارگێڕی / دلزار
Kurdistan Region - Erbil / Jahid Int.
Phone: 066 223 8014 - 066 223 8015
www.moh-krg.org
E-Mail: it_dep_moh@yahoo.com
هەرێمی کوردستان - هەولێر / چوار ڕیانی جاهید
٠٦٦٢٢٣٨٠١٤ — ٠٦٦٢٢٣٨٠١٥

وایکردووە کە هاووڵاتیان لە توانایاندا نەبێت دەستیان بەهیچ خزمەتگوزارییەک ڕابگات، بۆیە ئێمە وەک دەستەی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ لە هەست کردنمان بە بەرپرسیاریەتی و بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە هەڵوێست وەرگرین دژ بەسیاسەتی بەتایبەتی کردنی نەخۆشخانەکان، وە ڕایدەگەیەنین کە لە کاتێکدا بەمافی خۆمانی دەزانین کە بەرامبەر بە ئەرک و خزمەتێک پێشکەش کۆمەڵگای دەکەین مووچەی شیاو و تێروتەسەلی خۆمان وەربگرین هاوکات ڕازی نابین مووچەی ئێمە لەسەر گیرفانی بەتاڵی هاوڵاتیانی کەم دەرامەت دابین بکرێت، بۆیە داوا لەسەرجەم ڕێکخراوەکانی ناو ناوەندی تەندروستی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هاوڵاتیان دەکەین هەڵوێستیان هەبێت و نەهێڵن حکومەت مووچەکانمان زەوت بکات وە هەروەها خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاووڵاتیان بکات بەپارە.

دەستەی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ

٢٠١٦/٨/٣١

# ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی بەنگلادیش و ئاسۆی خەباتی چینایەتی

پاشماوەی ل٤

ئەمرۆ لە هەموو وڵاتانی جیهانی سەرمایەداریدا، نارەزایەتی چین و توێژە جیاجیاکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان ڕۆژانە و بە بەردەوامی ڕوودەدەن و خەبات و تێکۆشانیان لە هەندێک وڵاتدا پەرە دەسێنێت تا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەگاتە ڕاپەڕین و شۆڕش و ڕووخانی دەسەڵاتی سیاسی لێرە و لەوێ لە وڵاتاندا، بەڵام ئەنجامەکەی لە دوا شیکردنەوەدا ڕووخاندنی دەسەڵاتی باڵێکی سیاسی دیاریکراو یان ڕەوتێکی دیاریکراوی بۆرژوازی دەسەڵاتدار و جێگرتنەوەیەتی بە باڵێکی تر و ڕەوت و مەیلێکی تری بۆرژوازی.

ئەم بازنە داخراوە کۆتایی نایەت تاوەکو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا بە ڕێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری ئاسۆیەکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و سەپاندنی ئیرادەی چینایەتی کرێکاران (یا دیکتاتۆرییەتی چینایەتی) لە دژی چینی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداری کۆتایی پێنەهێنێت.

لە عیراق، ئێمەی کۆمۆنیستەکانی ناو (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەساڵی (٢٠١٩)دا ڕووبەڕووی ڕاپەڕینی گەنجانی کچ و کوڕی خانەوادە کرێکاری و زەحمەتکێشیەکان بووینەوە، لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانماندا شیکارییەکی چینایەتیمان بۆ ئەم دیاردەیە ئەنجامدا، و نەک هەر هێزەکانی دژە شۆڕشمان لەنێو ڕیزەکانی ڕاپەڕیندا دەستنیشان کرد، بەڵکو دروشمی خەباتی (هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو)یشمان بەرزکردەوە و ڕێبازێکمان لە سەرخەتێکی گشتی خستەڕوو بۆ بە سەرکەوتنگەیاندنی و لەنێو ڕاپەڕیندا هەوڵماندا بۆ چەسپاندنی ئەم هێڵە گشتییە و ئەو ڕێبازە سیاسییە چینایەتییە.

لێرەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە ناکەین کە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دا چیمان کرد و نەمانتوانی چی بکەین، بەڵکو لێرەدا مەبەستمانە بیرۆکەیەک بوروژێنین کە ئەویش بریتییە لەوەی:

ئایا هێزێکی چەپ و کۆمۆنیستی ڕوون لە ئاسۆی فکری و سیاسیی خۆیدا لەناو ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕەی بەنگلادیشدا هەیە، کە سروشتی چینایەتی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە هەڵبسەنگێنێت و سیاسەتێکی چینایەتی سۆسیالیست بەرامبەری بگرێتەبەر و دروشمی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ بخاتەڕوو، وە لە ڕێگەی تاکتیکی شۆڕشگێڕانەوە هەوڵی جدی بدات بۆ بەرەوپێشبردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی؟

کۆتایی ئەیلوولی (٢٠٢٤)

# سەرمایەداری و نایەکسانی و "کارۆڵێکی کریسمس"

شیرین عەبدوڵڵا



زیاتر لە سەدە و نیوێک لەمەبەر، (چارلس دیکنز) ڕۆمانی بەناوباگی "کارۆڵێکی کریسمس"ی بڵاو کردەوە کە هەندێک وەک ئیدانە کردنی نایەکسانی لە دابەشکردنی سامان، و ستەمی ئابووری و دەسەڵاتی خاوەن کارە سەرمایەدارەکە (ئیبنیزەر سکروج) لەسەر کارمەندەکەی (بۆب کراتشیت) دادەنێن، لە بەریتانیای (سەردەمی ڤیکتۆریا)، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کاتێک کە هەژاری و برسیەتی بڵاو بوو، بە تایبەتی لە ناوەندە پیشەسازییە گەورەکانی وەک لەندەن و مانچستەر. دیکنز، کارمەند (بۆب کراتچیت) وەک کەسێکی دڵسۆز و لێبوردە نیشان دەدات، و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا (سکروجی) سەرمایەدار بەئاگادێت و لەناکاو لە کەسێکی چاوچنۆک و بێ بەزەییەوە دەگۆڕدرێت بۆ کەسێکی خاوەن بەزەیی و دڵسۆزی هەژاران. ئەمە لەوانەیە هەوڵێکی دیکنز بێت بۆ ئەوەی هیوای ئەگەری چاکسازییمان پێبدات لە سەرمایەداریدا. کات خێرا کەینەوە بۆ سەردەمی ئەمڕۆ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خەیاڵەکەی دیکنز نەهاتۆتە دی، چونکە سەرمایەداری ناتوانێت دەستبەرداری نایەکسانی و باڵادەستی بێت، ئەمەش مانای وایە کە هەتاکو ئەم سیستەمە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، نەهامەتی سەدان ملیۆن مرۆڤ بەردەوام دەبێت.

## قەیرانەکانی سیستەم و قوربانییەکانی، کۆڤید- ١٩ وەک نموونەیەک:

لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا، پەتای (کۆڤید) تیشکی خستە سەرقووڵایی ئەو نایەکسانیەی کە ئەمڕۆ هەیە، و ڕەنگە بۆ یەکەم جار، سەرنجی بۆ ڕۆڵی گرنگ و حەیاتیی "کرێکارانی بنەڕەتی" لە پاراستنی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکانمانی ڕاکێشا. ئەم دەستەواژەیە بووە یەکێک لە ووشە بەناوبانگەکانی سەردەمی کۆڤید، کرێکارانی بنەڕەتی بە زۆرینەی ئەو کرێکارانە پێناسە دەکرێن کە لە بواری تەندروستی، پەروەردە و چاودێری کۆمەڵایەتی، پاک و خاوێنی، گواستنەوە، ئاو، خۆراک و بواری تردا کار دەکەن.

ئەوەش بە ڕوونی ئاشکرا بووە کە ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە، کە تا ڕاددەیەکی زۆر پاڵپشتی ئابووری ووڵاتان دەکەن، بە گشتی بێ بەشترینن و بەرکەوتووی چەوسانەوەن (ئیستغلالکردنن)، هەروەها داتا فەرمیەکان دەریانخستوە کە ئەو چینە لە هەمان کاتدا زۆرترین بەرکەوتووی مەترسییە پیشەییەکانی پەتاکەبوون. جگە لەوەش، ئەم گرووپە زۆرترین زیانی بە هۆی دەرەنجامە درێژخایەنە ئابووری وکۆمەڵایەتی و تەندرووستییەکانی پەتاکەوە لێکەوتۆتەوە، و لەهەمووشی گرنگتر ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ژنان و پەنابەران و کرێکارانی کەم داهات، زۆرینەی زۆری ئەم توێژە پەراوێزخراوانە پێکدەهێنن. شایانی باسە، ئەم ئیهتمامە بە چینە لەبیرکراوەکان و ڕۆڵی نەرێنی جیاوازی چینایەتی لە سەر ژیان و چارەنووسیان تەنیا شتێکی سەرزارەکی بوو و لە لایەنی میدیایی وپێزانینی مەعنەوی بۆ هەوڵ و قوربانییەکانیان لە سەردەمی پەتاکەدا تێنەپەڕی و نەبووە هۆی ڕەنگدانەوە و هیچ گۆڕانکارییەک لە واقیعی ماددی ژیانیاندا، کەواتە نایەکسانییەکان لەشوێنی خۆیان ماونەتەوە و تەنانەت قووڵتریش بوونەتەوە.

پەتاکە کۆتایی هات، و زیاتر لە دوو ساڵە زاڵ بووین بە سەر ڕێوشوێنە تەندرووستییەکانیدا، هەرچەندە تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکانمان بە دەست ئاکامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیەوە دەناڵێنین. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغەدا، تەنانەت ئەو ئاوڕدانەوە سەرزارەکییە بە کرێکارانی بنەڕەتی و باقی توێژە پەراوێزخراوەکان ووردە ووردە کاڵ بووەوە و شتەکان بۆ ئەوان گەڕایەوە بۆ ئەوەی پێش پەتاکە و خراپتریش. لێرەدا ڕاستییەک هەیە کە ناتوانرێت پشت گوێ بخرێت، ئەویش ئەوەیە کە زۆرێک لەو کرێکارانە کە زۆربەیان کاری کەم مووچەن دەستەبەری کۆمەڵایەتی (زەمانەت)یان نییە، بە گرێبەستەی سەعاتی سفرەوە، هەموو ڕۆژێک لە ساڵدا ڕووبەڕووی نا ئەمنی دەبنەوە، پەتا هەبێت یان نا، بەڵام قەیرانەکان دەرفەتێک بۆ ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان دەرەخسێنن کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر کرێکاراندا پتەوتر بکەن و پاشەکشەیان بە سەردا بسەپێنن لە پێناو چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی نایەکسانی.

پەتای کۆڤید تەنها قەیرانێکی تەندرووستی نییە، بەڵکو قەیرانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە کاریگەریی فرە ڕەهەندی هەیە. پەتاکە درووست کەری نایەکسانی چینایەتی نەبوو، بەڵکو تیشکی خستە سەر ئەو نایەکسانیەی پێشتر هەبوو و گەورەتری کرد. ڕاستیشە کە بارگرانی پەتاکە لەسەر هەموو دانیشتوان چونیەک نەبوو، ئەویش لە بەر ئەوەیە کە زۆرێک لە "دیاریکەرە کۆمەڵایەتیەکانی تەندروستی"* - لەوانەش هەژاری، خراپیی ژینگەی فیزیکی وەک پیسبوون و بەرکەوتن بە دووکەڵ و ئاوارەیی و خراپی خانووبەرە و ڕەگەز- کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دەرەنجامەکانی هەبووە.

با سەیری بەریتانیا بکەین، کە لەوێوە شۆڕشی پیشەسازی سەدەی (١٨) و (١٩) بە جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەمڕۆ زۆرێک لە خێزانەکان لە ماڵی سارد و شێداردا دەژین کە یان ئامرازی گەرمیی پێویستیان نییە، و یان توانای خەرجییەکانی گەرم کردنەوە نادەن. زۆر کەسی دیکە- کە زۆربەیان گەنجی بێکار کراون- لە ژێر پردەکاندا یان لە بەردەم دەرگای میترۆکاندا دەخەون. ڕاپۆرتە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ووڵاتە لە دوای ساڵانی (١٩٥٠) کانەوە گەورەترین دابەزینی ئاستی ژیان بەخۆیەوە دەبینێت و زیاتر لە یەک لەسەر سێی منداڵان و یەک لەسەر چواری گەورەساڵان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. "هاوپەیمانی کۆتایی هاتنی هەژاری سووتەمەنی" ** مەزەندە بەوە دەکات کە لە ساڵی (٢٠٢٢/٢٠٢٣) بە هۆی ژیان لە ماڵە ساردەکاندا، لە زستانی ئەم ساڵەدا (٤٩٥٠) مردنی زیادە لە بەریتانیا هەبووە.

ڕۆژنامەی (لانسێت) ووتارێکی لە سەر "پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی مارمۆت- ٢٠٢٠" بڵاوکردۆتەوە (ڕاپۆرتی ئەسڵی لە ساڵی ٢٠١٠ دا دەرچووبوو)، کە تێیدا هاتووە کە "لەگەڵ ڕوودانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پێویستە تەندرووستی بەردەوام بێت لە باشتر بووندا"، و "ڕاپۆرتی مارمۆت ٢٠٢٠ تیشک دەخاتە سەر ڕەوتی نیگەرانکەری بەرەو دابەزینی تەندروستی لە ئینگلتەرا و هۆشیاری دەدات کە کۆمەڵگا بەرگەی کەمتەرخەمی دەربارەی نایەکسانیی تەندرووستی ناگرێت". هەروەها لە ووتارەکەدا هاتووە کە "هەرچەندە زۆرێک لە پێشنیارەکان، وەک کەمکردنەوەی هەژاری منداڵان و کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا، لە سەر بنەمای ئەو بەڵگانەن کە تا ڕاددەیەکی زۆر لە ئینگلتەرا وەرگیراون، بەڵام کاریگەریی بەرچاوی جیهانییان هەیە".

لە عێراقدا، خەڵک بە دەست کاریگەرییەکانی سیاسەتی سەرمایەداری جیهانییەوە دەناڵێنن، بە هۆی شەڕ و ئاوارەیی و کۆچ و هەروەها سیاسەتی دەوڵەت کە تەواوکەری سیاسەتەکانی سەرمایەداری جیهانین، (کۆڤید-١٩) تەنها قەیرانێکی تر بوو کە زیاد کرا بۆ ئەو چەندین قەیرانە قورس و گیرخواردوو و بێچارەسەرانەی کە هەن. پرسەکانی گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن و هەروەها تێکدانی سیستەماتیکی سیستەمەکانی تەندرووستی گشتی وپەروەردەی گشتی و ژینگە و گواستنەوە و گەیاندن ڕۆژانە باری ژیانی خەڵکیان قورستر کردووە، ئەمە جگە لە قەیرانەکانی مووچە و جیاوازی بەرین لە پلەکانی مووچەدا و قەیرانی سووتەمەنی ئاسودەیی و ئارامی لە زۆرینەی ڕەها سەندۆتەوە. یاسا کۆنەپەرستە پیاوسالارەکان هەموو کۆمەڵگا، نەک هەر ژنان، ڕووبەڕووی چالەنجی یەکجار گەورە دەکاتەوە بە هۆی بووژانەوەی ستانداردی پیاوسالاری و توندوتیژی خێڵەکی وتایفگەرایی، کە بە دەوری خۆی جیاوازییەکان و نایەکسانییەکان قووڵتر دەکەنەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی بە پێنجەم ووڵاتی بەرکەوتەی گەرمبوونی جیهانی و گۆڕانی کەشوهەوا پۆلێن کردووە. وشکەساڵی، بەبیابانبوون (التصحر)، زیادبوونی ڕێژە و چڕیی زریانە خۆڵییەکان، پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی نیشانەکانی ئەم قەیرانەن. بە دڵنیاییەوە، کاریگەرییەکانی هەموو ئەم قەیرانانە لە عێراقدا ڕەهەند و دەرەنجامی جیهانیی فراوانی هەیە.

لەم ڕۆژانەدا، کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٤) نزیک دەبینەوە و پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەین، لە کاتێکدا ئاسان نییە باسی یان تەنانەت بیر لە شتێک بکەینەوە جگە لەو وێرانکاری و شەڕانەی کە لە چواردەورەوە هەڵگیرساون و بوونەتە واقیعی ڕۆژانەی ژیانی ملیۆنەها کەس، و کارەساتەکانی کەشوهەوا کە دووبارە دەبنەوە و توندی و وێرانکارییان زیاتر و زیاتر دەبێت، پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ نییە بۆ ئەوەی بزانین هەمان ملیۆنەها کرێکاری بنەڕەتی، زەحمەتکێشان، چینە هەژارەکان و ژنان و هەموو توێژە فەرامۆشکراوەکانی تر، کە ژیانی ڕۆژانەیان بەستراوەتەوە بە ئارەزووەکانی کەمینەیەکی مشەخۆر لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، هەر ئەوانن کە پشکی هەرە گەورەی نەهامەتییەکانی ئەو شەڕ و کارەساتانە هەڵدەگرن.

## ئاسۆی گۆڕانکاری:

لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و دەستکەوتە زانستیەکانەوە، ئاسۆیەکی زۆر بەرین لەبەردەم مرۆڤایەتیدا کراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و بەرزترین پلەی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان، و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کارەساتە ژینگەییەکان و پەتا تەندرووستییەکانی داهاتوو، ئەویش بە ڕێکخستنەوەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر بنەمای دابینکردنی پێداویستیە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤایەتی لە جیاتی ئەم سیستەمی سەرمایەدارییە کە لە سەر بنەمای درووستکردنی قازانج وکێبڕکێ و نایەکسانییە.

بەڵام لە سایەی ئەم سیستەمەدا، کۆمەڵێکی بچووک لە سەرمایەداران وەک (ئیلۆن ماسک) و (جێف بیزۆس) و هاوپیشە سەرمایەدارەکانیان، دەستیان بە سەر چەندەها ملیار دۆلاردا گرتووە، بە جۆرێک کە توانای کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتییان پێ دەدات و تەواوی دانیشتوانی هەسارەی زەوی ملکەچی خواست و ئیگۆکانی ئەمان بن. ئەوەتا ئێستا ئەم دوو پیاوە خوازیارن گەشتی ئاسمانی تایبەتی بەڕێخەن بۆ بۆشاییەکانی ئاسمان بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت، ئیتر ملیارەها دۆلار لەم بوارەدا خەرج دەکرێت چونکە سەرمایەداری هەمیشە پێویستی بە فراوانکردنی بازاڕەکانیەتی بۆ تێپەڕدانی قەیرانەکانی خۆی. خواستەکانی سەرمایەداران تەنیا لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بۆشایی ئاسماندا سنووردار نییە، بەڵکو ئێستا ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە سیاسییەکانیش هەیە. ئەوەتا (ماسک) بەشەخسی، زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک دۆلاری بەخشیوە بۆ هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەمریکا، و لەم دواییانەشدا وەک هاوسەرۆکی دامەزراوەی (بەڕێوەبردنی کارایی حکومەت) دەستنیشانکراوە. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە بڕینی (٢) تریلیۆن دۆلارە لە خەرجییە فیدراڵییەکان. ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانانە، بە شێوەیەکی سەرەکی سنووردارکردنی خەرجییەکان لەسەر دوو بەرنامەی چاودێری تەندروستی حکومی (مێدیکەر و مێدیکەید) و پرسی بێ خانەولانەیی دەکەنە ئامانج.

(ماسک) پێی وایە کە "تاکە ئاوارەکان لە ڕاستیدا زۆمبی توندوتیژی ماددە هۆشبەرەکانن و چاویان مردووە و دەرزی و پیسایی مرۆڤن لەشەقامەکاندا" و "هەتا پارە زیاتر بۆ ئاوارەیی خەرج بکرێت، خراپتر دەبێت". واتە ئێستا ماسک ڕۆڵ و باڵادەستیی بەرزی لە دارشتنی سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی دەوڵەت و شێوەی حکومەتی داهاتوودا هەیە. باقی ملیاردێرەکانیش ڕیزیان بەستووە و بە پەلەن، بە چەکی چەندەها ملیۆن دۆلاری پشتیوانی سەرۆکی هەڵبژێردراو دەکەن، بۆ دڵنیابوون لە ڕۆڵگێڕانیاندا لە ژێردەستەیی هەموو لایەنکانی ژیان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت و پتەوکردنی ڕیزەکانیان بۆ سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بە دژی.

بە پێی دواترین ئامارەکانی گۆڤاری (فۆربس)، سەروەت و سامانی (ماسک نزیک) بە نیو تریلیۆن دۆلارە. سامانی کەسیی ئەو کە (٤٤٢) ملیار دۆلارە، تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابوردوودا نزیکەی (١٨٠) ملیار دۆلار گەشەی کردووە، زۆربەی ئەم زیادبوونەش لە شەش حەفتەی دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا ڕوویداوە. بە دڵنیاییەوە، ئەو بڕە پارە فەلکییانە دەتوانن قەیرانە جیهانییە جۆراوجۆرەکانی وەک برسێتی و هەژاری چارەسەر بکەن، یان کۆتایی بە ئاوارەبوون و بێخانەولانەیی و یان چارەسەرێک بۆ شێرپەنجە بدۆزنەوە، یان مەترسییەکانی کارەساتی ژینگەیی دوور بخەنەوە، بەڵام ئەم پرۆژانەی کە پەیوەندی بە هەشت و لەدەدا دوو (٨.٢) ملیار کەسەوە هەیە و دەکرێت سوودی لێ ببینێت، ناگەڕێنەوە بە قازانج و گەرەنتی باڵادەستی ئابووری و سیاسیی بۆ ئەم پارێزەرانەی ملیارەها دۆلار ناکەن، بۆیە هیچ چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە (ماسک) و ئەو ڕیزە درێژەی هاوپیشە سەرمایەدارە ملیاردێرەکانی، نە دەستبەرداری خەونە ئاسمانییەکانیان بن، و نە باڵادەستی و دەسەڵاتە سەر زەمینییەکانیان.

ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەیە و دەبێت بگۆڕدرێت. ئەو ملیارەها دۆلارانەی کە ئەم مشەخۆرانە دەستیان بەسەردا گرتووە، دەبێت بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانیان: ئەو سوپا گەورەیەی کرێکارانی بنەڕەتی، هەژاران، زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجانی بێکارکراو، منداڵان، کۆچبەران و هەموو چینە پەراوێزخراوەکان. ئەم گۆڕانکارییە نە بە پشتبەستن بە هیوای چاکسازی سکرووج دەبێت، وەک ئەوەی دیکنز پێشنیاری دەکات، وە نە بە گەشبینیی و لێبوردووی ساویلکانەی کارمەندەکەی (بۆب کراتشێت). بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنە و ڕیشەیی لە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دێت کە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی بۆ (٨.٢) ملیار دانیشتووی هەسارەکە دابین دەکات، نەک تەنها بۆ ژمارەیەکی بچووک لە چەتە دەرپاییەکان.

گەیشتن بە یەکسانی دروشمێک یان خەون و فانتازیا نیە، بەڵکو پێویستیەکی هەرئێستاییە. بە بێ ئەوە، هەموو ئەوەی کە لە گەشت بۆ قووڵایی بۆشاییەکانی ئاسمان بەدەستی دەهێنێت، هاوردەکردنی نایەکسانییە لە زەویەوە بۆ گەردوون.

٢٥.١٢.٢٠٢٤

* Social Determinants of Health

** End Fuel Poverty Coalition

# ئازادی بۆ چالاکوانی شۆڕشگێڕ دوعا ئەلئەسەدی

## ژنانی ڕاپەڕین (نساء الإنتفاضة)



ڕۆژی یەکشەممە 24ی تشرینی دووەمی 2024، هەواڵی دەستگیرکردنی چالاکوان و فریاگوزاری ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر، دوعا الأسدي لە میدیاکان و سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە، پاش ئەوەی کە هێزێکی ئەمنی هەڵیکوتایە سەر شوێنی کارەکەی لە نەخۆشخانەی فێرکاریی ئەلحوسێن لە شاری ناسریە.

هەفتەی ڕابردووش 3 ژنە چالاکوان (ماجدە ئەلعەبودی، ڕیام ئەلنەسیری، و نور ئەلنەسیری) دەستگیرکران، لەگەڵ چەند خۆپیشاندەرێکی دیکە بە تۆمەتی پەیوەندیداری بە چالاکی نارەزایەتیەوە، ڕیام و نور دوێنێ، شەممە، بە کەفالەت ئازاد کران، ماجدە ئەلعەبودی تا ئێستا لە زیندان ماوەتەوە. بەڵام پۆلیسی پارێزگاکە ئەوەی ڕەتکردوەتەوە کە دەستگیرکردنەکان بە هۆکاری پەیوەندیدار بە تێکدانی سەقامگیری ئاسایشەوە بوویێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر بنەمای فەرمانە دادوەرییەکان بووە کە لەلایەن داوای یاسایی پێشووەوە پشتگیری کراوە.

دۆعا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک باسی لەوەکردووە، کە ئەو دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە گۆڕەپانی ئەلحەبوبی لەلایەن کۆمەڵێک کەسی مەدەنیەوە ڕاگیراوە، کە داوایان لێکردووە ناسنامەکەی پیشان بدات، بەڵام دۆعا ڕەتیکردووەتەوە، هەتاکو هاووڵاتیان کۆدەبنەوە و کارئاسانی بۆ هەڵهاتنی دەکەن.

ئەمە یەکەمجار نییە دۆعا تووشی گۆشەگیری یان هەڕەشە دەبێت، وەک خۆی پێشتر ئاماژەی پێکردبوو، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی الغد الاشتیراکی لەم مانگەدا، کە چەندین تۆمەت هەڵبەستراوە لە دژی، هەندێکجار بە تۆمەتی پەیوەندی گوماناوی لەگەڵ ئەم یان ئەو کەسایەتی (چەکی ئاسایی دژی هەر ژنێکی چالاک) و هەندێکجار تۆمەتی کار کردن بۆ بەرژەوەندی ئەم یان ئەو لایەنی دەرەکی. باس لەوەش کراوە کە ئەو چالاکوانە چەند پەیامێکی لە ئەکاونت و خەڵکانێکەوە پێگەیشتووە، ئەوانیش فشاری جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوکردنەوە لە سایتەکانی سۆشیال میدیا لێ بکەن، و واز لە پشتگیریکردنی نارەزایەتییەکان بهێنێت. دۆعا پێشبینی دەستگیرکردنی خۆی دەکرد، تا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ناچار بوو مۆڵەت لە کارەکەی وەربگرێت، دوێنێش هەر کە چووەوە نەخۆشخانە، دەستگیرکرا.

وەک دەزانرێت، پارێزگاری ذی قار، ماوەی چەند مانگێکە، هەڵمەتێکی دەستبەسەرکردنی بەرفراوان و دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی لە دژی سەدان چالاکوانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بە خۆیەوە بینیوە، بە تۆمەتی بەدخوازانە و هەڵبەستراو کە پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە. گۆڕەپانی ئەلحەبوبی لە شاری ناسریە یەکێک بوو لە دیارترین گۆڕەپانەکانی نارەزایەتی و سەنتەری هەڵکشانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر بوو، بەهۆی دروشمە شۆڕشگێڕانە و بوێرانەکانی لە ئاشکراکردنی دەسەڵات و لایەنە گەندەڵەکانی، داواکارییە سیاسییە هۆشیارەکانی کە گوزارشتی لە قووڵایی ئازارەکانی جەماوەری بێبەش دەکرد، و ژمارەی زۆری قوربانییەکان و ئەو کۆمەڵکوژییە قێزەونانەی کە لەوێ دژی خۆپیشاندەران ئەنجامدراون.

هەروەها ژنانی ناسریە لەو ڕاپەڕینەدا ڕۆڵێکی کارایان هەبوو و دوعا ئەسەدیش دەنگێکی بڵند بوو و ئێستاش بەردەوامە لە بەرگریکردن لە ستەملێکراوان و هەژاران، وپەردە ڕامالێن لەسەر دەسەڵات و شێوازە قێزەونەکانی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران لە کاتی ڕاپەڕین و دواتریش.

بڵاوکراوەی ژنانی ڕاپەڕین (نساء الانتفاضة) بە توندی دەستگیرکردنی چالاکوان دوعا الأسدي و سەرجەم چالاکوانانی ژن و پیاوی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر ئیدانە دەکات و داوا دەکات دەسەڵات دەستبەجێ و بەبێ هیچ سنووردارکردن و مەرجێک ئازادیان بکات، هەروەها حکومەت و بەرپرسانیش بە بەرپرسیار دەزانێت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان.

٢٠٢٤-١١-٢٤



الغد الاشتراكي
العدد 44
كانون الاول (ديسمبر) 2024
صحيفة سياسية شهرية صادرة عن منظمة البديل الشيوعي في العراق
البديل OCA منظمة البديل الشيوعي في العراق

لا شيء مضمون للشغيلة والمفقرين والنساء والشبيبة في سوريا دون تنظيم قواهم الطبقية المستقلة وتطويرها

المجاعة تتفشى في 5 مناطق سودانية والخطر يهدد 17 أخرى

نتائج إنتخابات الدّورة السادسة لإقليم كوردستان، التحليل الطبقي والموقف الشيوعي

الراسمالية واللامساواة، و"ترنيمة عيد الميلاد"!

بغداد عاصمة السياحة 2025!

بعد هزيمة الاسد ماذا ينتظر النساء في سوريا

الصفحة الادبية

قضايا و نضالات المرأة

قضايا و نضالات العمال



## ڕۆژنامەی ( الغد الاشتراکی)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە لەلایەن "ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنستی لەعێراق" بڵاودەکرێتەوە

خوڵقاندنی دیدگایەکی سۆشیالیستی ومەتریالیستی بۆ کۆمەڵگاو زمانبەخشین بە خەباتی چینایەتی کرێکاران، سەدا دان بەدەنگی نارەزایەتی لاوان، لێکهەڵپێکانی خەباتی ژنانی چەوساوە بە ئاسۆی ڕزگاری کۆمەڵایەتیەوە، لەلاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا بەرجەستەکراوەتەوە.

بەکارهێنانی تیۆری مارکسیستی لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکاندا، دەرهێنانی سیاسەتی کۆمۆنستی و بڕەودان بەخەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ ڕزگاری لەئایدیۆلۆژی بۆرژوازی وچوونە نێو جەنگە فکرییەکانی ناسیۆنالیستی وئایینی ولیبراڵەکانەوە ، بەشێکی شوناسی ئەم ڕۆژنامەیەیە.

شانۆدان بەنارەزایەتیە جەماوەرییەکان، ڕیسواکردنی سەرکوت وڕفاندنی هەڵسوڕاوەکانیان لایەنێکی تریەتی.

**هاوپشتی چینایەتی سەنتەری سیاسەتی ئەم ڕۆژنامەیە.**

دامەزراندنی خەتێکی ڕێکخراوەیی سەراسەری لە عێراق وپێکەوەگرێدانی خەباتی کۆمۆنستەکان لەسەرانسەری عێراقدا.

ڕۆژنامەکە بەزمانی عەرەبی لە زۆربەی شارەکان( بەسرە، دیوانیە، بەغداد، کوت، عمارە، سەلاحەدین ، تکریت، کەرکوک،سلێمانی، هەولێر) بەسەر کتێبخانەکاندا دابەشدەکرێت.

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

گرافیک و دیزاین
سەلاح بابەت

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
ڕەوت
البديل OCA
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME
مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar